سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
ژمارە (٤) تشرینی دووەمی ٢٠٢٠

## لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان
## پەروەردەیەکی تەواوکار و دەرفەتاندنی هەڕەشەکان

(دۆسییەیەک لەبارەی پەروەردە و فێرکردنەوە)



- سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست
- گرنگترین هەڕەشەکانی سەر ئێران لە هەرێمی کوردستانی عێراق
- هەڵبژادنی چاوەڕوانکراوی عێراق، خوێندنەوەیەکی پێشوەختە

# ئایندەناسی


گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٤) تشرینی دووەمی ٢٠٢٠

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



سەرنوسەر
د. هەردی مەهدی میکە
بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بۆردی ڕاوێژکاران
د. یوسف گۆران
د.ئومێد رفیق فتاح
د.عابد خالد رسول

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری: عەدنان ئەحمەد
دیزاینی ناوەوەو بەرگ: شێرکۆ خانزادی
هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەندپسپۆڕێتی(Multidisciplinary ) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.



هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی عێراق
خوێندنەوەیەکی پێشوەختە
19-10...



وەزارەتی پەروەردە لەنێوان
بەرزەویست و پەروەردەی کلاسیکدا
47-20...



خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئاڵنگارییەکانی
جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستان
61-48...




دید و پێشنیاری نەتەوە یەکگرتووەکان
لەبارەی خوێندنی ئۆنلاین لە سەردەمی
کۆرۆنادا ...75-64



سیاسەتی دەرەوەی تورکیا
لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست
93-76...



گرنگترین هەڕەشەکانی سەر ئێران
لە هەرێمی کوردستانی عێراق
111-94...



هەوراز و نشێوەکانی خوێندنی
ئەلیکترۆنی لە کوردستان
123-114...



ستراتیژی (الاستراتيجية
Strategy)
127-126...

CFS
Center for Future Studies

هەندێک لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری
لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی
131-128...

سەروتار

# خوێندنی سەرهێڵ



د. هەردی مەهدی میکە

پێش ئەوەی کەش و پۆلە ئۆنلاین و ئۆفلاینە پەروەردەییەکان ببنە ڕکابەری پۆلە فیزیکییەکان، پێویستە وەک تەواوکار و بەشدار لە سیستم و پرۆسەی ڕوودانی فێربووندا جێیان بکەینەوە، گەرنا بەو ژێرخانە یاسایی، پەروەردەیی و تەکنەلۆجییەی هەرێمی کوردستانەوە؛ هەردوو بارەکە لەدەست دەردەچن و هەردوو مۆدێلەکە وەک دوو ڕکابەر دۆخەکە لە فێرخواز ئاڵۆزتر و ناپەروەردەیی دەکەن.

لە سەردەمی کۆرۆنا و پۆست کۆرۆناشدا ئیتر هەریەک لە جۆرەکانی خوێندنی ئۆنلاین، ئۆفلاین و پاکێجی هاوبەشی پۆلەکانن . لە ڕاستیدا ئەوەی هەڕەشەی لەسەرە؛ پۆلەکانن نەک خوێندنی ئۆنلاین و ئۆفلاین و پاکێجە ئەلیکترۆنییەکان. ئیتر ئێرە سەردەمێکە و ژێرخانی تەکنەلۆجی و ئینتەرنێتی لە گریمانە و ئەگەری بەشداری لە ڕوودانی پرۆسەی فێربووندا کردە واقیعێکی داسەپاو. کۆمپانیا و دنیای سەرمایەدارییش لە قۆستنەوەی ئەو هەلەدا دەستهەڵگر نین و جۆرەکانی خوێندنی سەرهێڵ و پشت هێڵ لە ئۆفلاین و ئۆنلاین دەبنە کاڵای بەکارهێنەران و لە مامۆستا و تۆمارکردنی وانەکانیەوە بیگرە تا دەگاتە پرۆگرامی سەرەکی و هاوکار و جۆری گرێبەستی مامۆستایان کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت. پێشتر ئەمە هەبووە، بەڵام بەشێک نەبووە لە پەروەردەی فەرمی بۆ وڵاتێکی وەک کوردستان و یاسابەرکارەکانیش ڕێگر بوون، بەڵام لێرە بەدوا یاسا و دەزگاکان بەدوایاندا دەگەڕێن و دەیانکەنە هاوبەش. بۆیە دوور نییە ئەم دۆخە تازەیە مامۆستایانی دامەزراو و جۆری گرێبەستەکانیان نەخاتە مەترسییەوە و لە ئایندەشدا بە جۆرێک بکەوێتەوە فێرخواز خۆی ئارەزوومەندانە ئەو مامۆستایە لە هەر جێیەکی جیهاندا هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێت، نەک ئەوەی خوێندنگایەک بەسەریدا دەسەپێنێت. ئەمەش کێبڕکێی هەم سەرمایەداری و هەم زانستی گەرمتر دەکات.

لە ڕووی شیرازەی کولتووریشەوە نابێت تەنها بەخۆشبینییەوە لە ئۆنلاینکردن و وانە ئامادەکراوە ئەلیکترۆنییەکان بڕوانین، چونکە دواجار پاکێجی گشتگیر و یەکدەستیی ئەلیکترۆنی مەترسی بۆ دروستکردنی یەکزیهنی و کۆمەڵگەی شموولی و یەکڕەنگیی مەعریفی دەسازێنێت و بە جۆرێک هەر دەسەڵاتێک دەتوانێت لە ڕێی گوتاری پەروەردەیی و بایۆدەسەڵاتە کولتوورییەکانی نێو پەروەردەی پاکێجی ئینتەرنێتییەوە مەترسیی نادیار لەسەر ئازادی و تاکگەرایی بسازێنێت.

ئێستا دۆخی پەروەردە بەنیمچەکراوەیی کار دەکات و هاوتا لەگەڵ نیگەرانی و ناڕوونی لە چۆنێتیی بەڕێوەبردنی دۆخەکەشدا دیارە، گۆڕینی بڕیارەکان و میکانیزمەکانی جێبەجێکردن لە هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردەدا؛ ڕاڕایی لە شێوەی بەڕێوەبردن ڕوونتر دەکەنەوە. لە چەند مانگی ڕابردوودا دوو کەشی پەروەردەیی و دوو مۆدێلمان بەنیوەچڵی و بەنیگەرانییەوە لە هەرێمی کوردستاندا ئەزموون کرد، هەروەها  وەرزێکی داخراویی هۆڵەکانی خوێندن و دەستپێکی وەرزی نێویی  نیوە ئۆنلاین و نیوە ئامادەیی نێو پۆلەکان گوزەرا، بەڵام هێشتا دڵنیایی نەداوەتە بەرپرسان و حکومەت و تەندروستی کە کام ڕێگا و شێواز دەتوانێت زانستی، تەندروستی و واقیعییش بێت! بەڵام لانی کەم لەوە تێگەیشتین و  کۆمەڵگە و حکومەت

بەناچارییش بێت ئەوەیان پەسەند کرد کە سیستمی پەروەردە بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای هاوچەرخ لە سەردەمی کۆرۆنا و بگرە پۆست کۆرۆناشدا زیانبارە و پێویستە هەر چی زووە ژێرخانی پەروەردەیی و تێکەڵکردنی خوێندنە هاوچەرخەکان و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای هاوچەرخ و پەرەدان بە فێرکردنی خودی و خێزانی لە ئەرکە لەپێشینەکان بێت.

لە ئێستادا خوێندنی ڕەسمییش خێزان و هێڵەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوبەش و بەشداری پڕۆسەکەن، تەنها لە دەستی وەزیر و وەزارەت و مامۆستایاندا قەتیس نەماوە. بۆیە هەم یاسا بەرکارەکان و هەم ڕێکارەکانی پڕۆسەی فێربوون پێویستیان بە جێکردنەوەی هاوبەشە نوێکانی پڕۆسەکە هەیە و بەڕەسمی دانیان پێدا بنێت و ئەرک و هەنگاوەکانیشیان دیاری بکات.

بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ وەکوو پەتایەکی ڤایرۆسیی جیهانی، کاریگەریی لەسەر هەموو سێکتەرەکانی ژیان دروست کرد و لێکەوتەکانی تا ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام دەبن و کاریگەرییش لەسەر شێواز و چۆنێتیی مامەڵە لەگەڵ کردنیدا دەبێت، چونکە ڕەفتاری ڤایرۆسەکە و نەبوونی وەڵام و چارەسەرێکی زانستیی یەکلاکەرەوە لە لایەك ئاسۆی لێڵ کردووە، لە لایەکی تر کاریگەریی گەورەی لەسەر ئەرك و ڕۆڵەکان دروست کردووە و بڕیاردانی لەسەر ئایندەی هەر سێکتەرێك سەخت کردووە تا ملکەچی هەڵسەنگاندنە تەندروستییەکان بێت، ژینگەی سایکۆلۆجیای کارکردن و بڕیاردانی بە شێوەیەك لە شێوەکان وەرچەرخاندووە. کەرتی پەروەردە و تەندروستی لە جیهان بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی، لەژێر کاریگەریی ئەم دۆخە تازەیەدا ڕووبەڕووی چەندین بەربەست بووەتەوە کە شایەنی هەڵوەستەلەسەرکردنن.

کەرتی خوێندنی باڵا و پەروەردەی هەرێم بەسەر کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا دابەش بووە، بە دوو یاسای جیاواز پەیکەرە کارگێڕی و داراییەکانیان دیاری کراوە، لەو چوارچێوەیەدا یاسا سیستمی خوێندنی ئەم دوو کەرتەی ڕێك خستووە، هەردوو کەرتەکە لەژێر چەتری چاودێریی یاسا و ڕێنماییەکانی ئەم دوو وەزارەتەدا ئاڕاستە دەکرێن.

سیستمی فێرکردن و یاساکانی لە کوردستاندا لە ماوەی ڕابردوودا خۆی لە پشتیوانی و پشتئەستووربوون بە تەکنەلۆجیای فێرکاریی ئەلیکترۆنی لە دوورەوە (التعليم عن بعد) بەدوور گرتووە، ئەمەش لە لایەك بە هۆی ئاستەنگە یاساییەکانیەوەیەتی، بۆ نموونە وەزارەتی خوێندنی باڵا پشتئەستوورە بە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ کە تا ئێستا هەموار نەکراوەتەوە، هەروەها یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ی زانکۆ تایبەتەکان، گۆڕانکارییە خێراکانی بواری تەکنەلۆجیای بۆ پڕۆسەی فێربوونی ئۆنلاین و "لە دوورەوە"ی ڕەچاو نەکردووە، لە کاتێکدا لە خوێندنی مۆدێرندا وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی و پاڵپشتکار لە ڕوودانی فێربوون و گواستنەوەی مەعریفە و ئاڵوگۆڕی زانیاریدا چەسپاوە. بەڵام بەپێچەوانەوە، فێربوونی ئۆنلاین و لە دوورەوە بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستاندا و بەتایبەت لە ئانی یەکسانکردن و متمانەدان بە بڕوانامە و فێرگەکان دەچێتە ژێر پرسیارەوە، جیا لە ڕێگرییە یاساییەکانی، لاوازیی ژێرخانی تەکنەلۆجیا و خراپیی هێڵەکان و توانای مرۆیی بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای هاوچەرخ؛ هۆکارێکی ترە بۆ کەمیی بەکارهێنانی کلیل و زمانە سەرەکییەکانی ئەم بوارە و سوودلێوەرگرتنی، وەک بەشێک لە چارەسەر، بەپێچەوانەوە خودی پڕۆسەی بەکارهێنانەکە وا خەریکە دەبێتە بەشێک لە کێشەکە.

بۆیە گرنگە بیرێک لە زەمینەی هاوبەش و تەواوکار بۆ هەردوو مۆدێلەکە بسازێنرێت، کە ببنە تەواوکاری یەکدی و هاوکات ڕەچاوی ناوەرۆک و دنیای ئازادی و ئەخلاقی و زانستیی کۆمەڵگە و فێرخوازیش بکرێت.

ئایندەناسی


# توێژینەوەکان

# هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی عێراق

## خوێندنەوەیەکی پێشوەختە



یاسین تەها / توێژەر



**بەرایی**

هەڵبژاردنی پێشوەختە؛ بڕگەی یەکەمی کارنامەی حکومەتی ئێستای مستەفا کازمییە، بەو پێیەی ئەم حکومەتەی ئێستا شەرعیەتی لە خۆپیشاندانەکانی مانگی تشرینی 2019 وەرگرتووە کە بە "شۆڕشی تشرین" بەناوبانگە و هەڵبژاردن یەکێکە لە داواکارییە سەرەکییەکانی. ئەم هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوە لەجیاتیی وادەی دەستووریی ئاسایی خۆی کە ئایاری (2022)ە، بڕیارە لە حوزەیرانی 2021 بەڕێوە بچێت، واتە سێ ساڵ پاش کۆتا هەڵبژاردن (ئایاری 2018) کە ئەم خولەی ئێستای ئەنجوومەنی نوێنەرانی لێ بەرهەم هات، لە هەناوی ئەویشەوە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی دەرچوو کە پاش ساڵێك کارکردن، لەژێر گوشاری خۆپیشاندانە خوێناوییەکاندا دەستی لە کار کێشایەوە وەك یەکەم پێشینە لە "کۆماری 2003". لەم توێژینەوەیەدا لەسەر ئەگەرەکانی بەردەم ئەو هەڵبژاردنە و نەخشەی چاوەڕوانکراوی ئەو جومگە گرنگە هەڵوێستە دەکەین، لەسەر هەردوو ئاستی سوننە و شیعە لە عێراق.

**ئەگەرەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن**

سەرۆکوەزیران لە زۆربەی دیدار و لێدوان و فەرمانەکانیدا، جەخت لە سازکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکاتەوە و لە ڕووی ڕێکارەکانیشەوە هەندێ هەنگاوی بۆ ناوە[1]، بەڵام گومان و قسەوباسی زۆر هەن لەسەر بەئاکامگەیشتنی ئەم پرۆسەیە و تەنانەت هەندێ جار سازکردنی بە "وەهم" ناو دەبرێت[2]، هۆکاری ئەم گومانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەنگاوانەی کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن پێویستی پێیەتی و لە دەقی کارنامەی حکومەتیشدا جێگیر کراوە، وەك: تەواوکردنی یاسای هەڵبژاردن، کاراکردنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، جێبەجێکردنی تەواوەتیی یاسای حیزبەکان بۆ مسۆگەرکردنی پاکوبێگەردیی پرۆسەکە[3]، لەبەر ئەوەی یاساکەش فرەبازنەیە و لەجیاتیی 18 جاران، 83 بازنەیە، لە ڕووی تەکنیکییەوە ئامادەکاریی زۆری پێویستە. هەندێکیش قبووڵکردنی میدیایی هێزە سیاسییەکان بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بە جۆرێك لە پۆپۆلیزم دەبینن، کە بڕیاری ڕاستەقینەی دڵی سەرکردەکان و نوخبەی بڕیاردەری ڕاستەقینەیان نییە، ئەمانە پێیان وایە هەر کات ڕێکارەکان کەوتنە سەر پێ، ئەوان دەبنە ڕێگر و ناهێڵن ببێتە ڕاستی و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە[4]، بەڵام بەو پێیەی لە سەرەتای قەیرانی ئەم دواییەی عێراقەوە مەرجەعی باڵای شیعەکان عەلی سیستانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی (دوور لە هەژموونی چەك) بە تاسقە چارەسەری دەرچوون لە تەنگەژە زانیوە[5]، هەروەها هەندێك لە هێزە سیاسییە کاریگەرەکان هەمان بیروڕایان هەیە، لەپێش هەموویانەوە موقتەدا سەدر[6]، لەگەڵ چالاکانی شۆڕشی تشرین و هەندێك لە هێزە سیاسییە کاریگەرەکانی تر[7]،

ئەگەری ئەنجامدانی لە ئەنجامنەدانی زاڵتر و زیاترە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی مەرج نییە لە مانگی حوزەیرانی 2021دا ئەنجام بدرێت کە حکومەت وەك وادەیەك بڕیاری لێ داوە، بەتایبەت کە ئەو وادەیە لە بنەڕەتدا کێشەی تێدایە، یەکێك لەوانەش گەرمای وەرزەکەیە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، ئەمە جگە لە زۆر گومان و لەمپەری تر، وەك: ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران بۆ دەستبەرداربوونی ئەم خولە بەئاسانی، کێشەی زۆری هونەری پەیوەست بە دابەشکردنی بازنەکان، کۆتای ژنان، نەبوونی شارەزایی زۆر لەلایەن ئەم کۆمسیۆنە نوێیە و... هتد[8]. لایەنی جێبەجێکاری هەڵبژاردنیش کە کۆمسیۆنە، پێنج مەرجی داناوە بۆ سازکردنی هەڵبژاردن: (یاسای تایبەت، پێکهێنانی دادگای فیدراڵی، بودجە، تەواوکردنی میلاکی کۆمسیۆن، پاڵپشتی نێودەوڵەتی)[9]، کە سەرجەمیان کات و تێچوونی زۆریان هەیە بۆ ئەم دۆخەی عێراق.

**گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان**

هەندێك پێیان وایە هەڵبژاردنی داهاتوو دۆخەکە قڵپ دەکاتەوە بەسەر هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئێستا، بەو پێیەی یاسای هەڵبژاردن بازنەییە و دەرفەتی هەڵمەتی تایفی و مەزهەبیی تێدا نییە وەك جاران، بەڵکوو خەمە ناوچەییەکان و گوتارە گرووپبەندییەکان یەکلایی دەکەنەوە[10]، هەندێکی تر گرەو لەسەر کاریگەریی نەجەف و چاودێریی نێودەوڵەتی دەکەن لە کەمکردنەوەی هەژموونی هێزە چەکدارە باڵادەستەکان، بەتایبەت پاش ئەوەی سیستانی جەختی لە گرنگیی چاودێریی نێونەتەوەیی کردووەتەوە، ئەوەش لە مەزاجی نەجەف دەخوێنرێتەوە کە تووڕە بێت لە میلیشیا شوێنکەوتەکانی ئێران[11]، هەشن زیاتر دەڕۆن و ئەو هەڵبژاردنە بەکابووسێك دەبینن بۆ هێزە چەکدارەکان، بەتایبەت پاش ئەوەی لە هەندێ شاری باشووری عێراق بنکە و بارەگاکانیان کەوتە بەر ڕقی خۆپیشاندەران و سووتێنران، لە کاتێکدا پێشتر بە پیرۆز تەماشا دەکران[12].

بەڵام بەلای زۆرێکی ترەوە ئەگەری گۆڕانکاریی زیاتر وەك جۆرێك خۆشبینی دێنە بەرچاو، لە سایەی کۆنترۆڵکردنی سەرجەم جومگە گرنگەکانی سیاسەت و حوکمڕانی و دارایی دەوڵەت لەلایەن حیزب و هێزە ئایینی و مەزهەبییەکانەوە کە توانای خۆگونجاندن و سواربوونی هەموو شەپۆلێکیان هەیە[13]، بەتایبەت کە خۆپیشاندەران و گۆڕەپانەکانی نارەزایەتی تا ئێستا هیچ قەوارە و هێزێکی سیاسیی ئەوتۆیان پێك نەهێناوە تا بتوانێت نوێنەرایەتییان بکات، لە غیابی ئەم قەوارەیەشدا ئەوە هەر هێزە ڕێکخراوەکان چانسی بردنەوە و دووبارە شەرعیەت وەرگرتنەوەیان زیاترە، وەك ئەوەی کە لە ژیانی سیاسیی عێراقی پاش 2003دا بووە بە شتێکی تا ڕادەیەك نەگۆڕ و باو[14].

لە دەرەوەی ئەم دوو بۆچوونە، هەندێك هۆکاری تر کاریگەریی زۆریان

هەیە لەسەر مەزاجی دەنگدەر و دەشێت لەنێوان هەڵبژاردنی ئایاری 2018 و ئەوەی داهاتوودا گۆڕانکاریی دروست بکەن. بۆ نموونە کاتێك هەڵبژاردنی پێشوو کرا، تازە عێراق لە هەناوی شەڕی داعش هاتبوویە دەرەوە، هێزەکانی حەشدی شەعبی بە هەموو باڵەکانیەوە (عێراقی و ئێرانی) وەك فریادڕەس تەماشا دەکران و خوێنی قوربانییەکان و وێنەی کوژراوەکانیان باڵی بەسەر کۆی دیمەنەکەدا کێشابوو، بەڵام بەم دواییانە کێشە و گومان و کێشەی زۆر لەسەر ناوبانگی ئەو هێزانە دروست بوون، بەتایبەت پاش سەرهەڵدانی ناکۆکی لە ڕیزەکانیان و بەریەککەوتنیان لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی سەر بە مەرجەعیەتی نەجەف[15]، هەر لەم میانەیەشدا زۆرێك لە بارەگای ئەو هێزانەی لایەنگری ئێرانن؛ کەوتە بەر سووتاندن و هێرش و پەلاماری خۆپیشاندەران[16]. جگە لەوەش گرەوەکان لەسەر ئەوەن مەرجەعی باڵای شیعە عەلی سیستانی، هانی خەڵك بدات زۆرترین بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن بە مەبەستی گێڕانەوەی شەرعیەت و متمانە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لە لایەك و ڕێگرتن لە کاری ساختەکاری و پڕکردنەوەی کارتەکانی دەنگدان لە لاکەی تر[17]. لەمەش گرنگتر، باوەڕێك لەلای مستەفا کازمی و دەوروبەرەکەی هەیە کە 60%ی عێراق لە گەنجان پێك دێت، ئەوانیش سۆشیال میدیا و تەکنیك ئاڕاستەیان دەکات و وەك جاران پابەند نین بە بیروباوەڕە تەقلیدییەکانەوە[18].

ئەوانەی بڕوایان بە گۆڕانکاری هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، باس لەوە دەکەن هێزە سیاسییە تەقلیدییەکانی عێراق بۆ پاراستنی پێگەی ئێستایان و ڕێگرتن لەو گۆڕانکارییە، تەنها دوو بژاردەیان لەبەر دەستە: ڕەتکردنەوەی یاسای نوێی هەڵبژاردن، بەتایبەت ئەگەر لە بەرژەوەندیی گەنجانی تازەپێگەشتوو و نارِەزایەتییەکان بێت بەپێی سیستمی فرەبازنەیی، لەگەڵ پەکخستنی سازکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختە بە هەر ڕێگایەك بێت و لەمپەر بۆ دروستکردنی، ئەمەش بە واتای خۆسەپاندن بە زەبری هێز دێت و دژی خواستی نەجەف و سیستانی و نەتەوە یەکگرتووەکانە[19] کە پێناچێت بیانەوێت خۆیان بخەنە ئەو گێژاوەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی سیستانی لە دیداری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جنینن بلاسخارت (ئەیلوولی 2020) زیاتر لە جاران جەختی لە گرنگیی هەڵبژاردنی پێشوەختە کردەوە بۆ دەرچوون لە قەیرانی ئێستا[20].

**نەخشەی گریمانکراوی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی شیعە:**

سەرباری ئەوەی هەڵبژاردنی پێشوەختەی داهاتوو جێگەی مشتومڕە و لە بەرداشی ئەگەر و نەگەردایە، بەتایبەت وادەی سازکردنەکەی، بەڵام نەخشەی هێزە بەشدارەکانی لە

ئێستاوە خەریکە تانوپۆی ڕوون دەبێتەوە. خۆپیشاندانەکانی تشرینی 2019، وێستگەیەکی گرنگ بوون لە گۆڕینی نەخشەی سیاسیی هێز و ڕاسپاردنی مستەفا کازمی بۆ پێکهێنانی ئەم کابینەیەش بە دانپێدانانی خۆی هەر بەرەنجامی ئەم وێستگە گرنگە بووە کە دەوروبەری 600 کوژراو و هەزاران برینداری لێ کەوتووەتەوە[21]. خۆپیشاندانەکان هێزە سیاسییەکانی شیعەیان بەش کردووە بۆ دوو ڕەوتی سەرەکی، کە پشتیوانانی خۆپیشاندەران و لایەنگران و شوێنکەوتووانی هێزە سیاسییە ئیسلامییە تەقلیدییەکانی شیعەن[22]، هەندێ نووسەری ڕاستڕەوی شیعەش ئەم دوو بەرەیەیان ناو ناوە "شیعەی حەشد" و "شیعەی جۆکەر"[23]، کە ئەوەی دووەم ئەدەبیاتی هێزە توندڕەو و نزیکەکانی ئێرانە دەرهەق بە خۆپیشاندەرانی تشرین کە گوایە زادە و دەرهاویشتەی کولتووری فیلمی ئەمەریکیی جۆکەرن (Joker)، ئەم فیلمەش کە ساڵی 2019 بەرهەم هێنراوە و وێنەی پاڵەوانەکەی جاربەجار لە خۆپیشاندانەکانی عێراقدا دەبینرا، پاڵەوانەکەی "خواکین فینیکس"ە، باس لە کەسێکی دەروون نەخۆش دەکات کە پاش تێوەگلانی لە کوشتن و برین وەها تەماشا دەکرێت کە دەیەوێ تۆڵە لە چینی پایەدار و دەسترۆیشتوو و دەوڵەمەندی وڵات بکاتەوە و وەك پاڵەوان ناوی دەڕوات[24].

لەنێوان ئەم دوو ڕەوتەشدا، هێزگەلی شیعە هەن کە تا ڕادەیەك لە ناوەڕاستدان، لە چەشنی ڕەوتی سەدر کە لە خۆپیشاندانەکاندا چووە ناو گۆڕەپانەکان و پاڵپشتیی خۆپیشاندانەکانی ڕاگەیاند و خۆی وەك عاشقی "شۆڕشی تشرین ناساند"[25]، بەڵام لە ئێستادا کێشەی قووڵ کەوتووەتە نێوان خۆپیشاندەرانی گەنج و خودی موقتەدا سەدر بە جۆرێك سەنگەری خۆی جیا کردووەتەوە لێیان[26]، نەك هەر ئەوە، بەڵکوو وەك پلارێك بە "تشرینییەکان" ناویان دەبات و باس لەوە دەکات لە ڕیزەکانی ئەواندا هەڵگری بیری "لادەر - منحرف" هەن و مەیلی داعش و بەعس هەن[27].

قورسایی ڕەوتی سەدر لە هەڵبژاردنەکاندا لەوەدایە کە جەماوەریترین تەوژمی ناو شیعە هەژارەکانە، 30 کورسیی لە یەکەم هەڵبژاردنی 2005 بەدەست هێناوە، لە 2010دا کورسییەکانی بەرز کردووەتەوە بۆ 39 کورسی[28]، لە 2014دا گەیشتووەتە 36 کورسی و لە 2018دا لە ڕێگای هاوپەیمانێتیی سائیرون بە بەدەستهێنانی 54 کورسی بە پلەی یەکەم هات لەناو هەموو لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردن[29]، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا ڕەوتی سەدر خاوەن شوناسێکی سیاسیی دیاریکراو و کۆنکرێتی نییە و لە یەك کاتدا ئایین و سیاسەت و کۆمەڵایەتیی تێکەڵاو کردووە و هەمیشە لە ناوچەی خۆڵەمێشیدایە[30]، هەر لەبەر ئەمەش پێی وتراوە "پیاوی سوپرایز و خۆگونجاندن لەگەڵ دژیەکییەکان"[31]، هەروەها هەندێکی تر زیاتر ڕۆیشتوون و ناویان ناوە

"سەرۆکی دژیەکییەکان"[32]، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی لەسەر هیچ ئۆقرە ناگرێت و ئەگەری دروستکردنی سوپرایزی هەیە، بەتایبەت زۆر دەوترێت کە جارێکی تر بەتەمای یەکەمی و کۆنترۆڵکردنی دیمەنەکەیە.

بە هۆی هەستکردنی هێزە سیاسییە تەقلیدییەکانی شیعەشەوە بە کۆنبوونی گوتار و سووتانی ناوەکانیان، هەندێکیان لە هەوڵی دروستکردنی ڕووکار و داتاشینی ناونیشانی نوێدان بۆ قەوارەکانیان، بۆ ئەوەی لە لایەك خۆیان ڕزگار بکەن لە میراتی حوکمڕانیی خراپی ساڵانی ڕابردوو، لە لایەکی ترەوە دەستکراوەتر بن لە درووشم و بانگەشە و بەر دیواری ئایدۆلۆژیا و پێداگریی پیشوویان نەکەون، لەم میانەیەشدا هەست بە چالاکیی زۆری وەزیری پێشووی کاروباری کۆمەڵایەتی؛ محەمەد شیاع سوودانی دەکرێت کە دەوترێت بەتەمای دامەزراندنی حزبێکی نوێ بێت وەك ڕووکارێك بۆ حیزبی دەعوە یان پاش ئەوەی لە سەروبەندی کاندیدبوونیدا بۆ سەرۆکوەزیران، وازهێنانی لەم حیزبە ڕاگەیاند[33]، هەمان گومان و ئەگەریش بۆ سەلاح عەرباوی بەڕێوەبەری پێشووی نووسینگەی عەمار حەکیم ڕاستە، کە پاش کشانەوەی لە ڕەوتی حیکمە لە ئایاری 2020، بە پاساوی خۆئازادکردن لە هەندێ کۆتوبەند[34]، دوای چوار مانگ بزووتنەوەیەکی گەنجانەی بە ناوی (هۆشیاریی نیشتمانی - الوعي الوطني) ڕاگەیاند کە بە قسەی خۆی ئامانج لێی گۆڕینی حوکمڕان و پەرەپێدانی حوکمڕانییە[35]. جگە لەوانەش، هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر گوتارێکی میانڕەوانەتری لە سەرکردە چەکدارەکانی شیعە گرتووەتە بەر و بەدوای ڕووکارێکی مەدەنیدا دەگەڕێ بۆ هێزە چەکدارییەکەی. مالیکی لە ڕێگەی "یاسر سخیلی" زاوایەوە ئیش لەسەر گەنجان دەکات و گرووپە چەکدارەکانی حەشدیش بەرەو گوتاری جیهادی و نیشتمانیی عێراقچیانە دەڕۆن[36].

**لەسەر ئاستی سوننە:**

هێشتا ئاسەوار و لێکەوتەی شەڕی داعش سێبەری بەسەر هێزە سوننەکانەوە ماوە، ئاوارەبوون و دابڕان و بزربوونی خەمی گشتی لەسەر ئاستی تایفەکەیان؛ دەرگای بۆ دەرکەوتنی تەوژم و هێزی لۆکاڵیی نوێ کردووەتەوە.

سیمای سەرەکیی ژیانی سیاسی لەناو سوننەی عێراقدا دوو خاڵی سەرەکییە، کە بریتین لە: بزربوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی و ئاوابوونی کێشەی هاوبەش کە بزاوتی عەرەبی سوننە ئاڕاستە بکات، لەگەڵ دابەشبوون و کەرتبوونی سەرکردایەتی و شوناسی هێزە سوننەکان بۆ هێزی لۆکاڵی کە هەریەك گوزارشت لە پارێزگایەك یان دەڤەرێکی جوگرافی دەکات و هەریەك لەو هێزانەش یان سیاسیی ناسراو یان سەرۆکهۆز یان سەرمایەدار ئاڕاستەیان دەکات[37]، سەرباری ئەم پەرتەوازەییەش هەمیشە ئەو هێزە سوننەیەی کە جڵەوی بەدەست بێت لە

بەغدا یان جۆرێك لە مەركەزیەت و كاریگەریی زیاتر وەردەگرێت[38]، هەر لەم سۆنگەیەشەوە دەركەوتووترینیان لەناو هێزە لۆكاڵییەكانی سوننەشدا لە میدیاكاندا تەوژمی ئەنبارە كە محەمەد حەلبوسی ڕێبەرایەتی و نوێنەرایەتیی دەكات كە لە هەوڵی تێپەڕاندنی شارەكەی خۆیشیدایە و لە تكریت و موسڵ و دیالە هەوڵی دروستكردنی بنكە و پێگە و لایەنگر دەدات[39]، لەم میانەیەشدا ناوبراو لافیتە و پۆستەری لە بەعقوبە بڵاو كردووەتەوە كە پاڵپشتی لە گەنجان دەكات بە وێنەی خۆیەوە، لە كاتێكدا دیالە بە پێگەی سەلیم جبوری سەرۆكی پێشووی پەرلەمان لەقەڵەم دەدرێت[40].

ڕكابەری سەرەكیی حەلبوسی لە پێگەی خۆیدا، حیزبی ئیسلامیی تەقلیدیی ڕەگوڕیشە ئیخوانییە لەگەڵ تەوژمی خەمیس خەنجەر كە لەلایەن ئەنقەرەوە پاڵپشتی دەكرێت و پەیوەندییشی لەگەڵ قەتەردا زۆر باشە، بەو پێیەی ئەنقەرە و دەوحە لەسەر یەك هێڵی سیاسین[41]. لە پەنا ئەم هێزانەشدا، گرووپی تری لۆكاڵیی سوننە زۆرن، لە چەشنی ئەبو مازن لە سەلاحەدین و نوجێفییەكان و خالید عوبێدی لە موسڵ و مشعان جبوری و ساڵح موتڵەگ لە دەوروبەری تكریت و ناوەڕاستی عێراق، سەرجەم ئەمانەش لە ئێستادا سەرقاڵی جموجووڵن بۆ یەكلاییكردنەوەی چۆنیەتیی بەشداریكردنیان لە هەڵبژاردنەكان و هەڵوێست و لێدوانەكانیان لە هەڵمەتی پێشوەختەی هەڵبژاردندا.

سوننەكان نەیانتوانی لە چەشنی شیعە و كورد لەم خولەی پەرلەماندا (2018-2022) هاوپەیمانێتییەكی یەك ڕیز پێكبهێنن، باوەڕ وەهایە ئەم پەرتەوازەییەش درێژە بكێشێت بۆ هەڵبژاردنی چاوەڕوانكراو و بەسەر پەرلەمانی داهاتووشدا زاڵ ببێت. كۆڵەكەی هێزە سوننەكان لە ئێستادا حەلبوسی (40 كورسی)، پاشان خەمیس خەنجەر و نوجێفی پێك دێت، هەریەك لەم لایەنانەش قووڵاییەكی هەرێمایەتییان هەیە و لە كاتێكدا خەنجەر و نوجێفی بەئاشكرا لە ئەنقەرەوە نزیكن، محەمەد حەلبوسی بەوە تۆمەتبارە كە نوێنەرایەتیی "سوننەی ئێران" دەكات[42]، لە دەرەوەی ئەمانەش سەركردەكانی وەك ئەحمەد جبوری (ئەبو مازن)ی پارێزگاری پێشووی ئەنبار، پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ هێزە شیعەكانی حەشد هەیە و بڕوا وەهایە چاوپۆشیكردن لە دۆسیە یاساییە زۆرەكانی، پەیوەندیی بەو ڕێككەوتنە نهێنییەوە هەبێت كە لەگەڵ شیعەی حوكمڕاندا كردوویەتی لەدوای قۆناغی داعش، بەتایبەت هاوپەیمانێتیی فەتح و هێزەكانی حەشد[43].

## سیناریۆكانی بەردەم هەڵبژاردنی ئاینده

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێدراوانەی سەرەوە، دەكرێت پێشبینیی ئەم سیناریۆ و پێشهاتانە بكرێت بۆ هەڵبژاردنی ئایندەی عێراق.

- ئەگەر ڕێگری دروستكردن و پەكخستنی هەموو كاتێك هەیە، بەتایبەت ئەگەر یاساكە

بە جۆرێك بێت كە لە بەرژەوەندیی هێزە تەقلیدییەكان نەبێت، ئەوانەی لە فرەبازنەیی زەرەرمەند دەبن و كوتلەی دەنگدەری گەورە و كۆیان نییە (دەوڵەتی یاسای مالیكی) و دەنگدەرەكانیان پەرشوبڵاوە و بەردەوام دژی دەوەستنەوە، بەڵام ئەگەری سازكردنی زیاترە بە هۆی گوشاری سیستانی و پاڵپشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان.

- نەخشەی هێزە سیاسییەكانی بەشدار لە هەڵبژاردنی عێراق، لەسەر سێ ئاراستە بنەڕەتی دەبێت، هێزە كۆمەڵایەتی و گەنجانەكانی خۆپیشاندەر كە هێشتا بەتەواوەتی نەخەملیون، هێزە تەقلیدییەكانی پاڵپشتی خۆپیشاندەر، هێزە نەیار و ڕكابەرەكانی خۆپیشاندان، لەم نێوانەشدا هەندێ لە هێزە كۆنەكان هەوڵی خۆنمایشكردن دەدەن لە قاڵبی هێز و لەژێر نوێدا.

- پرسیار و ئەگەر و شیكار و لێكدانەوەی جیاجیا هەیە لەسەر پێگەی سەرۆكوەزیران لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ئایا لیست دروست دەكات؟ ئەگەر دروستی كرد، لە كێ پێك دێت؟ ئەگەر دروستی بكات، ئەگەری سەركەوتنی چەندە؟ ئەگەریش دروستی نەكات، ئایا چانسی هەیە بمێنێتەوە؟ ئەم دۆسیەیە تا ئێستا بەفەرمی بێدەنگیی لێ دەكرێت، بەڵام ئەگەر كازمی لیستی ڕاستەوخۆش دروست نەكات -ئەگەرێكی دوورە-، بێگومان ناڕاستەوخۆ دەچێتە پشت هەندێ لەو هێزە مەدەنی و كۆمەڵایەتییە نوێیانەی لە هەناوی خۆپیشاندانەكانەوە لەدایك دەبن، هەر هیچ نەبێ بۆ مسۆگەركردنی دۆزینەوەی پێگەیەكی پەرلەمانی بۆ خۆی لە خولی داهاتوودا.

- ئەگەری گۆڕانكاری؛ ئەگەرێكی بەهێزە بە هۆی فرەبازنەیی، گۆڕانی مەزاج، دەركەوتنی هێزی نوێ و لە هەمووشی گەورەتر لێكەوتەكانی كۆرۆنا، بەڵام ئەوەی دەوترێت ئەو گۆڕانە ڕیشەیی بێت و دۆخی عێراق قڵپ بكاتەوە، ناگونجێت لەگەڵ توانا و پاڵپشتیی ناوخۆیی و دەرەكی و هێزە چەكدارەكان و میلیشیا مەزهەبییە دەسەڵاتدارەكان.

- بە هۆی یاسای هەڵبژاردنەوە كە فرەبازنەییە و هەڵبژاردن جۆرێك لە خۆكاندیدكردنی تاكەكەسییە، پێشبینیی پەرەسەندنی پۆپۆلیزم و گوتاری ناوچەیی و هەڵكشانی خەڵكانی بێ باكگراوەند بەهێزە لەگەڵ كارابوونی ڕۆڵی بازنە كۆمەڵایەتییەكانی چەشنی عەشیرەت و هۆز، كە توانای یەكلاییكردنەوەی زۆر كورسیی هەڵبژاردنیان هەیە.

- ئەگەریش هەڵبژاردن سەری گرت بەو سیستمی فرەبازنەییە، ئەوە كێشەی قووڵتر و گەورەتر بۆ دروستكردنی زۆرینەی سیاسی لە پەرلەمانی داهاتوودا دروست دەبێت، بە هۆی پەرتەوازەیی كورسییەكان و بەئەستەم لیستی پەرلەمانی زۆرینە دروست دەبێت كە (50+1) كورسییەكانی هەبێت تا كاندیدی سەرۆكوەزیران پێشكەش بكات.

(1) الصباح (4/10/2020) الكاظمي يوجه بتسريع التسجيل البايومتري، https://alsabaah.iq/32179/%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%A7 (متاح: 10/10/2020)

(2) فرهاد علاء الدين (10/8/2020)، وهم الانتخابات المبكرة في العراق، https://www.washingtoninstitute.org/ar/fikraforum/view/earl (متاح:9/10/2020)

(3) ناس نيوز (24/9/2020)، المنهاج الوزاري لحكومة المكلف مصطفى الكاظمي، https://www.nasnews.com/view.php?cat=29702 (متاح: 4/10/2020)

(4) يحيى الكبيسي (6/8/2020)، العراق: عن الانتخابات المبكرة التي لن تحدث!، https://www.alquds.co.uk/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82- (متاح: 3/10/2020)

(5) أندبندت عربية (20/12/2020)، السيستاني: الانتخابات المبكرة الحل الوحيد للأزمة... والأحد مهلة جديدة لتكليف شخصية بتشكيل الحكومة، https://www.independentarabia.com/node/80236/ (متاح: 10/10/2020)

مقتدى السيد محمد الصدر (3/10/2020)، تغريدة على تويتر، https://twitter.com/Mu_AlSadr/status/1312135731700137984 (متاح: 1/10/2020)

(6) مقتدى السيد محمد الصدر (3/10/2020)، تغريدة على تويتر، https://twitter.com/Mu_AlSadr/status/1312135731700137984 (متاح: 9/10/2020)

(7) العربي الجديد (7/5/2020)، الانتخابات المبكرة... ورقة الكاظمي للتعامل مع الاحتجاجات العراقية https://www.alaraby.co.uk/%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%86 (متاح: 10/10/2020)

(8) الصباح (8/8/2020)، القانونية النيابية تحدد عوائق إجراء الانتخابات المبكرة، https://alsabaah.iq/28432/%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%A7%D9%86%D9%88%D9 (متاح: 5/10/2020)

(9) ألترا عراق (14/9/2020)، المفوضية تعلّق على بيان السيستاني: مستعدون بـ5 شروط، https://ultrairaq.ultrasawt.com/%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%81%D9%88%D8%B6 (متاح: 5/10/2020)

(10) أمير المفرجي (9/9/20)، لغز الانتخابات المبكرة في العراق، https://www.alquds.co.uk/%D9%84%D8%BA%D8%B2- (متاح:9/10/2020)

(11) المدى (5/10/2020)، معهد كارنيغي: مزاج النجف بدأ يميل لمعارضي التدخلات الإيرانية، https://almadapaper.net/view.php?cat=230474 (متاح: 1/10/2020)

(12) العرب الدولية (8/10/2020)، غضب الشارع العراقي يقلّل حظوظ الميليشيات في تجديد حضورها بالبرلمان، https://alarab.news/%D8%BA%D8%B6%D8%A8- (متاح: 7/10/2020)

(13) صادق الطائي (8/12/2019)، إحذروا فخ الانتخابات المبكرة في العراق، https://www.alquds.co.uk/%D8%A5%D8%AD%D8%B0%D8%B1%D9%88%D8%A7- (متاح: 7/10/2020)

(14) زياد وليد (23/12/2019)، الانتخابات المبكرة بين المرجعية والدستور والجدوى، https://ultrairaq.ultrasawt.com/%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%AE (متاح: 7/10/2020)

(15) المدى، معهد كارنيغى... مصدر سابق

(16) الحرة (22/8/2020)، جنوب العراق يشتعل غضبا.. هدم وإحراق مقرات أحزاب موالية لإيران، https://www.alhurra.com/iraq/2020/08/22/%D8%AC%D9%86%D9%88%D8% (متاح: 8/10/2020)

(17) العرب (4/10/2020)، "فتوى" من السيستاني لإنجاح الانتخابات المبكرة في العراق، https://alarab.co.uk/%D9%81%D8%AA%D9%88%D9%89-%D9%85%D9%86- (متاح: 6/10/2020)

(18) ناس نيوز (3/10/2020)، الكاظمي يتحدث عن مرحلة التكليف والعلاقة مع الولايات المتحدة، https://www.nasnews.com/view.php?cat=41867 (متاح: 7/10/2020)

(19) أخبار الخليج (6/10/2020)، النجف تساند الحراك الشعبي وخياران للأحزاب الدينية للاحتفاظ بالسلطة، http://www.akhbar-alkhaleej.com/news/article/1223689 (متاح: 3/10/2020)

(20) موقع السيستاني، استقبال سماحة السيد (دام ظلّه) الممثلة الخاصة للأمين العام للأمم المتحدة، https://www.sistani.org/arabic/archive/26461/ (متاح: 3/10/2020)

(21) ناس نيوز (3/10/2020)، الكاظمي يتحدث عن مرحلة التكليف والعلاقة مع الولايات المتحدة، https://www.nasnews.com/view.php?cat=41867 (متاح: 11/10/2020)

(22) المسلة نيوز (4/10/2020)، محللون: الساحة

الشيعية منشطرة، -http://almasalah.com/ar/NewsDe tails.aspx?NewsID=198574 (متاح: 11/10/2020)

سليم الحسني (4/10/2020)، شيعة الحشد وشيعة الجوكر، https://t.me/saleemalhasani

(23) المسلة نيوز (4/10/2020)، محللون: الساحة الشيعية منشطرة، -http://almasalah.com/ar/NewsDe tails.aspx?NewsID=198574 (متاح: 11/10/2020)

سليم الحسني (4/10/2020)، شيعة الحشد وشيعة الجوكر، https://t.me/saleemalhasani (متاح: 3/10/2020)

(24) عربي بوست (7/10/2019)، 9 أشياء يجب أن تعرفها عن الفيلم الذي أقلق شرطة نيويورك، -https://ara bicpost.net/%D9%81%D9%86- (متاح: 4/10/2020)

(25) مقتدى السيد محمد الصدر (2/2/2020)، تغريدة على تويتر، -https://twitter.com/Mu_AlSa dr/status/1224026664063115267/photo/1 (متاح: 2/10/2020)

(26) عمر ستار (19/2/2020) هل انتهى التحالف "السريالي" بين المدنيّين والصدر؟ .https://www.al-monitor com/pulse/ar/contents/articles/originals/2020/02/ iraq-protests-sadrists- (متاح: 3/10/2020)

(27) مقتدى السيد محمد الصدر (6/ 10/2020)، تغريدة على تويتر، -https://twitter.com/Mu_AlSadr/sta tus/1313520652872232961 (متاح: 8/10/2020)

(28) السوداني، مناف محمد(2011)، الانتخابات والأحزاب السياسية، التفسير المكاني للانتخابات 2010-2005 البرلمانية في العراق انموذجاً، دار الكتب والوثائق، بغداد، 68-69.

(29) سى ان ان العربية، مصدر سابق؛ بى ب سى العربيه (19/5/2018): تحالف الصدر يفوز بالانتخابات البرلمانية في العراق، موقع بي بي سي عربي، -https://www.bbc.com/ar abic/middleeast-44178665 (تاريخ الزيارة: 4/3/2020).

(30) حارث حسن (28/3/2008)، "التيار الصدري: بين الشعبية والشعبوية"، مجلة الحوار المتمدن الإلكترونية، العدد 2234، -http://www.ahewar.org/debat/show.art.as p?aid=129588&r=0 (متاح: 25/2/2020).

(31) محيى الدين حسين (24/10/2017): مقتدى الصدر.. رجل المفاجآت والتكيف مع التناقضات!، //:https www.dw.com/ar/%D9%85%D9%82%D8%AA%D8% AF%D9%89- (متاح: 11/10/2020)

(32) الحرة (4/10/2020)، "زعيم المتناقضات".. مقتدى الصدر يحيّر العراقيين ببيان "انتفاضة تشرين والأحزاب الفاسدة"، %/ttps://www.alhurra.com/iraq/2020/10/04 D8%B2%D8%B9%D9%8A%D9% (متاح: 10/10/2020)

(33) المدى (9/8/2020)، خريطة متوقعة للأحزاب المتنافسة في انتخابات 2021: ثلاثة اتجاهات محورها قوى تشرين، -https://www.almadapaper.net/view.php? cat=229140 (متاح: 6/10/2020)

(34) ناس نيوز (5/5/2020)، صلاح العرباوي يكشف سبب انسحابه من تيار الحكمة، .https://www.nasnews com/view.php?cat=30062 (متاح:6/10/2020)

(35) صلاح العرباوى (19/9/2020)، تغريدة على تويتر، -https://twitter.com/salahalarbawi/sta tus/1307339911020806144 (متاح: 11/10/2020)

(36) مركز الإمارات للسياسات (30/9/2020)، استعدادات القوى الشيعية للانتخابات المقبلة في العراق، /https://epc.ae -ar/brief/preparations-of-shiite-factions-for-upcom ing-elections-in-iraq (متاح: 12/10/2020)

(37) ريناد منصور (3/3/2016)، المأزق السنّي في العراق، https://carnegie-mec.org/2016/03/03/ar-pub-62945

(38) نون بوست (6/1/2018)، سُنة العراق.. خريطة معقدة وتفتيت يهددهم ومشاركة انتخابية مشروطة، https://www.noonpost.com/content/21502 (متاح: 12/10/2020)

(39) صباح ناهي (21/9/2020)، قراءة مبكرة لمسار التأهل للانتخابات العراقية المقبلة، -https://www.inde pendentarabia.com/node/153331/%D8%B3%D9 %8A%D8%A7%D8%B3%D8%A9/%D8% (متاح: 12/10/2020)

(40) المدى، خريطه متوقعة... مصدر سابق.

(41) صباح ناهي، مصدر سابق.

(42) ناس نيوز (30/9/2019)، تقرير أميركي عن خارطة حراك الزعامات السنّيّة في العراق: صراع على السلطة والنفوذ!، https://www.nasnews.com/view.php?cat=19365 (متاح: 12/10/2020)

(43) عراق ألترا (15/6/2019)، عبر سلم "الدماء والأموال".. "عراب" بيع المناصب في كركوك والأنبار!، .https://ultrairaq -ultrasawt.com/%D8%B9%D8%A8%D8%B1 (متاح: 12/10/2020)

# وەزارەتی پەروەردە لەنێوان بەرزەویست و پەروەردەی کلاسیکدا (١٩٩٢-٢٠٢٠)



فایەق سەعید/ توێژەری بواری پەروەردە و فێرکردن

**بەرایی**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر مێژووی گەشەکردنی وەزارەتەکانی پەروەردە لەنێوان (1992-2020)، باسی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو کارانە دەکات کە وەزارەتەکان کردوویانە. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر دوو کۆنگرەی پەروەردەیی چوارەم و پێنجەم، هەروەها باسی هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دوو وەزارەتی پەروەردە (لە کابینەی پێنجەم و نۆیەم) دەکات. توێژینەوەکە شیکاری بۆ ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکات و گەشەکردنی لایەنە هەمەجۆرەکان دەخاتە ڕوو. توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی تیۆری و ڕەوتە بەرکارەکان لە جیهانی پێشکەوتوودا، کۆمەڵێک پێشنیار و ڕاسپاردە بۆ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی پێشکەش دەکات. توێژینەوەکە چەمکی "خوێندکار" و "خوێندنگە" بۆ هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بەکار دێنێت، هەروەها "منداڵ" بۆ باخچەی منداڵان بەکار دێنێت.

**گریمانەکان:**

- ئایا وەزارەتەکانی پەروەردە لە ڕابردوودا سەرکەوتوو بوون؟
- وەزارەتی پەروەردە لە ئێستادا چیی کردووە؟
- ڕۆڵی کۆنگرە پەروەردەییەکان چی بوون؟
- بۆ وەزارەتەکانی پەروەردە ناتوانن گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سیستمی پەروەردەییدا بکەن؟

**میتۆد**

توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی شیکاری دەبەستێت.

**خۆسنووردارکردن**

ئەم توێژینەوەیە لە توانایدا نییە هەموو لایەنەکانی پەروەردە بخاتە ڕوو، بەشێک لە

هۆکارەکان پەیوەندییان بە دەستنەکەوتنی ئاماری پێویستەوە هەیە و بەشێکی دیکەشیان پەیوەندییان بە لایەنی میتۆدیکەوە هەیە، بۆ نموونە: خوێندنگە تایبەت و نێودەوڵەتییەکان، خوێندنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، خوێندنی زمانە ناکوردییەکان، دابڕان لە خوێندن و دەیان کێشەی دیکە.

## وەزارەتی پەروەردە (1992-2018)

### پێکهاتەی وەزارەت

وەزارەتی پەروەردە بەپێی یاسای ژمارە (4) ی ساڵی 1992 دامەزراوە (ئ. ن. ک، 1992)[1]. ئەم یاسایە بەو هەموو جارانەشەوە کە هەموار کراوەتەوە[2]، هێشتا بۆ ئیستا گونجاو نییە و پڕە لە کەموکورتی. ئەم وەزارەتە ئێستا لە 17 بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و 5 بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بۆ پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان و کەرکووک پێک هاتووە. هەولێر لە 11 بەڕێوەبەرایەتی پێک هاتووە، سلێمانی و هەڵەبجە لە 14، دهۆک لە 11، گەرمیان لە 3 و کەرکووک لە یەک بەڕێوەبەرایەتی پێک هاتووە. جگە لە وەزیر و بەڕێوەبەرایەتییەکان، کۆمەڵێک ڕاوێژکاریش لە وەزارەت هاوکاریی وەزیر دەکەن.

### وەزیرەکانی پەروەردە

لەنێوان (1992-2019)دا، 11 وەزیری پەردەوەردە دامەزراون. لە ماوەی دوو ئیدارەییدا لە سلێمانی لەنێوان (1997-2006)، چوار وەزیر دامەزراون، بەڵام لە هەولێر لە هەمان ماوەدا (1999-2006) یەک وەزیر دامەزراوە. شەش کەس لەم وەزیرانە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوون لە ڕشتە جیاوازەکاندا، بەڵام هیچ یەکێکیان لە پەروەردەدا نەبووە. هەروەها یەک وەزیر سەرۆکی زانکۆ بووە و هەندێکیان مامۆستای زانکۆ و پەیمانگا بوون، تەنانەت کەسی سەربازیش لەم پۆستەدا دانراوە. هیچ یەکێکیش لەو 11 وەزیرە کارناسی پەروەردە نەبوون و دونیابینییەکی هاوچەرخی تایبەت بە خۆیان بۆ پەروەردە نەبووە، وەک دەرئەنجامیش هیچ یەکێکیان کتێبێک، لێکۆڵینەوەیەک یان توێژینەوەیەکیان دەربارەی پەروەردە و گەشەسەندنی بوارەکانی هاوپەیوەست بە پەروەردە نەنووسیوە و نەیانتوانیوە سیستمی پەروەردە هاوچەرخ بکەن، ئاستی مامۆستایان و کارایی خوێندکار بەرز بکەنەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە 1)[3].

بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردە، لە وەزارەتی پەروەردەدا کۆمەڵێک ڕاوێژکاریش کاریان کردووە، بەڵام هیچیان کارناسی پەروەردە یان پەروەردەی هاوچەرخ نەبوون. سەرجەمی وەزارەتەکان بەو شێوەیە کاریان نەکردووە کە داهێنانی تازە بکەن، بەڵکوو تەنها ویستوویانە خۆیان لە گلەیی و کەمتەرخەمییەکان ڕزگار بکەن. لە ڕاستییشدا پۆستی وەزیر پۆستێکی سیاسییە و لەبەر ئەوەی ئێمە پسپۆڕ و کارناسی پەروەردەمان یەکجار دەگمەنە، بۆیە کارێکی ئاساییە وەزیر پسپۆڕ نەبێت، بەڵام بۆ

قەرەبووکردنەوەی ئەوە دەبێت ئەوان پشت بە کۆمەڵێک کارناسی زۆر شارەزا ببەستن کە شارەزاییان لە پەروەردەی هاوچەرخدا هەبێت.

بەدەر لە بواری پسپۆڕییش، پەروەردە لە هیچ کابینەیەکدا کاری لەپێشینەی نەبووە. بەپێی یاسا؛ حکومەت پلان بۆ گەشەسەندنی هەموو کەرتەکان دادەنێ، بەڵام لە بەرنامەی کاری هیچ سەرەکوەزیرانێکدا پلانێکی هاوچەرخ بۆ پەروەردە دانەنراوە، لە هەمان کاتیشدا بانگەشەی هەڵبژاردنی هەموو حیزبە سیاسییەکان زیاتر جەختیان لەسەر ڕابردوو کردووەتەوە. دەربارەی قۆناغی داهاتووش، لەو بانگەشانەدا بەتەنها دوو دێڕ دەربارەی داهاتوو نووسراوە، بۆ نموونە "هەوڵ دەدەین وا بکەین"، بەبێ ئەوەی بودجە و پلانی کارکردن دیاری بکەن و بۆمان ڕوون بکەنەوە ئەو بڕە پارەیە چۆن لە بودجەدا شوێنی دەبێتەوە. "پارتی دیموکراتی کوردستان" و "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" کە هەمیشە ئەم پۆستەیان بەدەستەوە بووە، کەمتەرخەمییان نواندووە. پارتی دیموکراتی کوردستان وەک گەورەترین و کاریگەرترین حیزبی سیاسی، نەیتوانیوە هیچ یەکێک لەو 3 بەڵێنە جێبەجێ بکات کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی 2014 جێگیری کردبوون، ئەوانیش: دروستکردنی باڵەخانەی زیاتر، بەرزکردنەوەی مووچە و دەرماڵەی مامۆستایان و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە خوێندنگەکاندا[4].

| وەزیرەکانی پەروەردە | ماوەی کارکردن | کابینەی حکومەت |
| --- | --- | --- |
| د. ناصح غفور رمضان | ١٩٩٦-١٩٩٢ | یەکەم و دووەم |
| د. جرجیس حسن عبدالله | ١٩٩٩-١٩٩٦ | سێیەم |
| د. ارسلان بایز اسماعیل | ١٩٩٨-١٩٩٧ | سێیەم/سلێمانی |
| خسرەو مصطفی عبدالله | ٢٠٠١-١٩٩٨ | سێیەم/سلێمانی |
| نرمین عثمان | ٢٠٠٣-٢٠٠١ | چوارەم/سلێمانی |
| د. شەونم عبدالقادر | ٢٠٠٦-٢٠٠٣ | چوارەم/سلێمانی |
| عبدالعزیز طیب احمد | ٢٠٠٦-١٩٩٩ | چوارەم/هەولێر |
| د. دلشاد عبدالرحمن | ٢٠٠٩-٢٠٠٦ | پێنجەم |
| سفین محسن دزەیی | ٢٠١٢-٢٠٠٩ | شەشەم |
| د. عصمت محمد خالد | ٢٠١٤-٢٠١٢ | حەوتەم |
| د. پشتیوان صادق | ٢٠١٩-٢٠١٤ | هەشتەم |
| ئالان حمە سەعید | -٢٠١٩ | نۆیەم |
| تێبینی: توێژینەوەکە لە هەڵەکانی ڕێنووسی ئەم دۆکیۆمێنتە و کۆی دۆکیۆمێنتەکانی دیکەی وەزارەتی پەروەردە، بەرپرسیار نییە. | | |

تێبینی: توێژینەوەکە لە هەڵەکانی ڕێنووسی ئەم دۆکیۆمێنتە و کۆی دۆکیۆمێنتەکانی دیکەی وەزارەتی پەروەردە، بەرپرسیار نییە.

خشتەی ژمارە (1): وەزیرەکانی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## کۆنگرەکانی پەروەردە

تا ئێستا پێنج کۆنفرانس و کۆنگرەی پەروەردەیی بەستراون، کۆنگرەی یەکەم تا سێیەم زۆر کلاسیکی بوون و لە ڕوانگەی

ناوەرۆک، کاریگەرییەکان و بەشداربووەکانەوە، هیچ سیمایەکی کۆنگرەیەکی هاوچەرخیان پێوە دیار نەبووە و زیاتر لە کۆبوونەوەیەکی لۆکاڵ دەچوون (و. پ، 1992)[5]، (و. پ، 1997)[6]، (و. پ، 2001)[7]، (و. پ، 2001 ب)[8]. کۆنگرەی چوارەمی ساڵی 2007 و کۆنگرەی پێنجەمی ساڵی 2015، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ ئەو کۆنگرانەدا هەبووە.

**کۆنگرەی چوارەم (2007)**

بە بەراورد لەگەڵ هەموو کۆنگرەکانی دیکەدا، بە سەرکەوتووترین کۆنگرەی پەروەردەیی دەژمێردرێ (و. پ، 2007)[9]، (و. پ، 2007 ب)[10]، (و. پ، 2007 پ)[11].

**لایەنە ئەرێنییەکان:**

• بۆ یەکەمین جار وەزارەتی پەروەردە بووە خاوەنی سیستمی پەروەردەیی نووسراوی خۆی بە ناوی "سیستمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و سیستمی خوێندنگە ئامادەییەکان" (و. پ، 2009)[12].

• بۆ یەکەمین جار تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە پۆلی شەشەم و نۆیەمی بنەڕەتی لا بران و لە جێگەی ئەوە تاقیکردنەوەی نیشتمانی دانرا.

• دانانی سیستمی پەڕینەوە بۆ پۆلەکانی 4-9، لابردنی تاقیکردنەوەکانی نیوساڵ بۆ هەندێک لە پۆلەکان.

• دامەزراندنی خوێندنگەی بنەڕەتی (1-9)، ئامادەیی (10-12) و هەڵوەشانەوەی فۆرمی سەرەتایی و ناوەندی[13].

• لابردنی مەسەلەی دەرنەچوون لە پۆلی (1-3)ی بنەڕەتی و کارکردن بە هەڵسەنگاندن.

• داخستنی خانە و پەیمانگەکانی مامۆستایان و دامەزراندنی چوار پەیمانگەی گەشەپێدان و ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان.

• گۆڕینی سیستمی ئەژمارکردنی کۆنمرەی خوێندکار بۆ قۆناغی ئامادەیی، واتە پۆلەکانی (10-11)ی ئامادەیی 30 نمرەیان لەسەر دەبێت و تاقیکردنەوەکانی بەکالۆرییش 70 نمرە.

• گۆڕینی بەشێک لە پرۆگرامەکان و وەک دەرئەنجامیش، چاپکردنێکی زۆری کتێبەکانی پرۆگرام.

• لەو پرۆژەیەی کە پێشکەشی کۆنگرە کرا، کۆمەڵێک کارئاسانیی دیکەش کرابوون بۆ خوێندکاران دەربارەی تاقیکردنەوەکان، بەڵام بەشێکی زۆری دواتر جێبەجێ نەکران (و. پ، 2008)[14].

**لایەنە نەرێنییەکان**

• وەزارەتی پەروەردە لە توانایدا نەبوو گۆڕانکاریی ڕیشەیی و قووڵ لە سیستمی پەروەردەییدا بکات.

• وەزارەت نەیتوانی دەربارەی سیستمە نوێکە ڕاهێنانێکی باش بە مامۆستاکان بکات، چونکە سیستمەکە بۆ خودی ڕاهێنەرەکان نامۆ بوو.

• وەزارەتی پەروەردە پێداچوونەوەیەکی خێرای بۆ بڕیارەکان و ڕاسپاردەکان نەکرد بۆ

ئەوەی گۆڕانکارییان تێدا بکات.

• ئەو گۆڕانکارییانە پێویستیان بە کادیری بەتوانا و لێهاتوو هەبوو کە وەزارەتی پەروەردە نەیبوو و نەیتوانی لە دەرەوەی کوردستان بۆی دابین بکات. زۆر ئەستەمە هیچ پلانێک لە "ڕۆژهەڵاتی ناوین"دا بەبێ دابینکردنی ئەو کادیرانە سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

• بەشێکی زۆری میتۆدەکانی کارکردن و تواناکانی لۆکاڵی بوون، لەمەشدا لەگەڵ کۆی وەزارەتەکانی دیکەدا هاوبەش بوو.

| کۆنگرە پەروەردەییەکان (1993-2015) | | |
|---|---|---|
| ساڵ | کۆنگرە | بڕیار، ڕاسپاردە و پێشنیاز |
| 1993 | کۆنگرەی یەکەم | 35 بڕیار، 10 ڕاسپاردە |
| 1997 | کۆنگرەی دووەم | 34 پێشنیاز |
| 2001 | کۆنگرەی سێیەم | 15 بڕیار، 10 پێشنیاز |
| 2007 | کۆنگرەی چوارەم | بڕوانە (و. پ، 2007) |
| 2015 | کۆنگرەی پێنجەم | 35 بڕیار، 10 ڕاسپاردە |

**سەرچاوە: (و. پ، 2007)[15]، (و. پ، 2017)[16]**

**خشتەی ژمارە (2): کۆنگرە پەروەردەییەکان**

## هەڵسەنگاندنی کۆنگرەی چوارەم

بە تەماشاکردنی پێناسەی گۆڕانکاریی هاوچەرخ لە سیستمی پەروەردەی جیهانیدا، بەشێکی زۆری گۆڕانکارییەکان زۆر بچووک بوون، بەڵام هەموویان بە ئاڕاستەیەکی دروستدا بوون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی یەکەمین جار بوو کە گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردەییدا

بکرێ، توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنیی بۆ دەکات. ئەم هەنگاوانە بوونە هۆی ئەوەی پەروەردە لەناو میدیاکاندا بایەخێکی زۆرتری پێ بدرێت و هەفتەنامەکان و گۆڤارەکان؛ لاپەڕە و بەشی تایبەتی بۆ تەرخان بکەن.

بە دیوێکی دیکەشدا، دژایەتییەکی زۆری ئەم گۆڕانکارییانە دەکرا و هەوڵ دەدرا بێبایەخ بکرێن. دوای کۆنگرەش، وەزارەتەکانی پەروەردە خۆیان لە پیادەکردنی هەندێ بابەت دەدزییەوە، بۆ نموونە بڕیاری ئەژمارکردنی کۆ نمرەی خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی، هەروەها هەوڵدانێکیش هەبوو بۆ ڕاگرتنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خانە و پەیمانگاکانی مامۆستایان، بەڵام سەری نەگرت.

## کۆنگرەی پێنجەمی ساڵی 2015

لەبەر ئەوەی یۆنسکۆ خەرجیی تەواوی کۆنگرەکەی لەئەستۆ گرتبوو، بۆیە خەڵکێکی زۆرتر لە دەرەوەی کوردستانەوە بانگهێشت کرابوون. کۆمەڵێک بابەتی باش پێشکەش کران، بەڵام هیچ یەکێک لە میوانەکان نەیانتوانی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ناوەڕۆکی کۆنگرە هەبێت. بەڕێوەبەرەکانی پەروەردە 6 تەوەریان

ئامادە کردبوو و بە شێوەیەکی گشتی ئامادە نەبوون گۆڕانکاریی گەورەیان تێدا بکەن. ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی لە کۆنگرە پەسەند کران (و. پ، 2015)[17] بەزۆری کلاسیکی بوون و نیشانەی گۆڕانکاریی ڕیشەییان پێوە دیار نەبوو، هەروەها ئەو ڕاسپاردانەی کە باشیش بوون؛ کاریان پێ نەکرا و پیادە نەکران، بۆ نموونە بڕیاری دامەزراندنی دەزگایەک بە ناوی "توێژینەوە و دیراسات".

**هەڵسەنگاندنی کۆنگرە**

بە شێوەیەکی گشتی ئەم کۆنگرەیە لە ڕووی ناوەڕۆک و بڕیارەکانەوە سەرکەوتوو نەبوو و هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆشی لەسەر داهاتووی پەروەردە نەبوو، بەم شێوەیەش ئەم وەزارەتە هیچ ڕۆڵێکی ئەرێنیی لە گەشەکردنی پەروەردە نەبینی، بەڵام کۆنگرە لە ڕووی میوانەکانی دەرەوەی وڵات و لە ڕووی تەکنیکی و بەردەستبوونی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ بۆ بەشداربووان؛ سەرکەوتوو بوو.

**گەشەکردنی پەروەردە**

لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ماوەی (1991-2014)، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و داهاتی ساڵانە زیادیان کردووە. بەم پێیەش ژمارەی خوێندکاران، مامۆستایان؛ هەمیشە زیادیان کردووە و ژمارەی خوێندنگەکان تا ساڵی 2014 زیادیان کردووە. بەو پێیەی ژمارەی منداڵانی خوار 19 ساڵ لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی (30٪)ی دانیشتووان پێک دێنن، بۆیە ژمارەی خوێندنگە و خوێندکاران هەمیشە لە زیادبووندا بوون (بڕوانە خشتەی ژمارە 3). لە ڕاستییشدا گەشەکردنی ڕاستەقینەی پەروەردە دەبێ لە ڕیفۆرمکردنی سیستمی پەروەردەییدا ڕەنگ بداتەوە، بەڵام سیستمی پەروەردەیی لەبەرانبەر گەشەکردنی ئەو ژێرخانەدا هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سیستمی وڵاتە دواکەتووەکاندا نییە. سەبارەت بە داتاکانی ئەم خشتەی خوارەوە، توێژینەوەکە ئاماری هەموو پێنج ساڵێکی وەرگرتووە، جگە لە ساڵەکانی کۆتایی و ساڵی (2004-2005)، چونکە لەو ساڵەدا ئابلۆقەی ئابووریی سەر هەرێمی کوردستان لا برا و بودجەی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد.

**گەشەکردندنی ژمارەی مامۆستا، خوێندکار و خوێندنگە**

بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە ماوەی نێوان (1990-2017)، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە ڕوویان داوە کە بۆ توێژینەوەکە گرنگن (بڕوانە خشتەی ژمارە 3).

- لە ماوەی 14 ساڵدا (1990-2005)، خوێندکاران بە ڕێژەی (49٪) زیادیان کردووە، مامۆستایان (36٪) و خوێندنگەکانیش بە ڕێژەی (٢٨٪) زیادیان کردووە.
- لە ماوەی 10 ساڵدا (2005-2015)، خوێندکاران بە ڕێژەی (65٪)، مامۆستایان (49٪) زیادیان کردووە، بەڵام خوێندنگەکان بە ڕێژەی (73٪) زیادیان کردووە.
- جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو دوو ماوەیەدا

هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی دووەم تەنها 10 ساڵە و ماوەی یەکەم 14 ساڵە، واتە لەنێوان (1990-2005) و (2005-2015)، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە ماوەی یەکەمدا عێراق و هەرێمی کوردستان لەژێر ئابلۆقەیەکی ئابووریی سەختدا بوون، دۆخی ئابووریی عێراق بەرەو داڕووخان دەچوو، هەڵاوسان زۆر بەرز بوو، داهاتی فەرمی کەم بوو و کەرتی تایبەتیش زۆر لاواز بوو. تاقە سەرچاوەیەکی داهات، ڕێکخراوە بیانییەکان و دواتریش ئەو پارەیە بوو کە بڕیاری ٩٨٦ (نەوت بەرانبەر بە خۆراک) دابینی دەکرد، بەڵام لە ماوەی دووەمدا بە هۆی تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، ئەم کەرتە گەشەکردنێکی باشتری بەخۆیەوە بینی و بە بەراورد لەگەڵ ماوەی یەکەمدا خوێندکاران 16٪ زیاتر گەشەیان کرد، مامۆستایان 13٪ زیاتر گەشەیان کرد و دروستکردنی خوێندنگەکانیش گەشەکردنێکی دراماتیکیان بەخۆیانەوە بینی و 45٪ زیاتر لە جاران گەشەیان کرد.

• لە کۆی ئەو ماوەیەشدا کە 26 ساڵە (1990-2017)، خوێندکاران زیاتر لە 3 ئەوەندە زیادیان کردووە (325٪)، مامۆستایان نزیکەی 6 ئەوەندە (597٪) و خوێندنگەکان زیاتر لە 5 ئەوەندە (514٪) زیادیان کردووە. ڕێژەی بەرزبوونەوەی ژمارەی مامۆستایان بە پلەی یەکەم دێت، دواتر خوێندنگەکان بە پلەی دووەم و زیادبوونی خوێندکارانیش بە پلەی سێیەم دێت.

• بەپێی ئەو داتایانە دەبووایە ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکاندا کەمتر بوونایەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، گرفتەکان پەیوەندییان بە ناهاوسەنگیی دابەشکردنەوە هەیە.

| گەشەکردندنی خوێندنگەکان (1990-2017) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساڵی خوێندن | ژمارەی خوێندکار | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی خوێندنگە | ژمارەی بەڕێوەبەر | ژمارەی یاریدەدەر |
| 1991-1990 | 534963 | 21389 | 1320 | | |
| 1996-1995 | 569423 | 26714 | 2101 | | |
| 2001-2000 | 773977 | 37671 | 3082 | | |
| 2005-2004 | 1090048 | 59840 | 4754 | | |
| 2006-2005 | 1144774 | 62559 | 4996 | | |
| 2011-2010 | 1463874 | 95666 | 5746 | | |
| 2013-2012 | 1512590 | 99253 | 5921 | | |
| 2015-2014 | 1653386 | 122370 | 6474 | 6208 | 6911 |
| 2016-2015 | 1706509 | 126112 | 6799 | 6758 | 7223 |
| 2017-2016 | 1738521 | 127823 | 6788 | 6602 | 7321 |
| 2017-1990 | ٪325 | ٪597 | ٪514 | ٪6 | ٪6 |

سەرچاوە: بۆ ساڵەکانی (١٩٩٠-٢٠١٢)، بڕوانە ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە، بەشی ئامارەکان (٢٠٢٠/٩/٢٨).
https://moe-krg.com/Default?page=table&c=statistics

بۆ ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٥، بڕوانە: (و. پ، ٢٠١٥ ب)[18].

بۆ ساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧، بڕوانە: (و. پ، ٢٠١٧ ب)[19].

بۆ ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦، بڕوانە: (M o E, 2016).ز[20]

خشتەی ژمارە (٣): گەشەکردنی خوێندنگەکان (١٩٩١-٢٠١٧)

## پەیوەندیی نێوان مامۆستا، خوێندکار و خوێندنگە

گەشەکردن و بەرزبوونەوەی ژمارەی مامۆستایان و خوێندنگەکان کاریگەرییەکی ئەرێنییان لەسەر هەندێ لایەن دروست کردووە، بۆ نموونە بەرزبوونەوەی ژمارەی مامۆستایان لە هەر خوێندنگەیەکدا، دابەزینی ژمارەی ئەو خوێندکارانەی بەر هەر مامۆستایەک دەکەون و لە کۆتاییشدا دابەزینی ژمارەی خوێندکاران لە خوێندنگەکاندا. کۆی ئەمانە بە کاریگەرییەکی ئەرێنی ئەژمار دەکرێن، بە مەرجێک ئەو فاکتەرانە بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە ناوچە جوگرافییەکاندا دابەش بکرێن (بڕوانە خشتەی ژمارە ٤). لە ماوەی 26 ساڵدا (1990-2017)، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئەرێنی بەدی دەکەین:

- تێکڕای ژمارەی خوێندکاران بۆ هەر مامۆستایەک، بە ڕێژەی (44٪) کەمی کردووە. واتە لە ساڵی (1990-1991)، هەر مامۆستایەک ٢٥ خوێندکاری بەر دەکەوت، بەڵام لە ساڵی (2016-2017) ئەو ژمارەیە دابەزیوەتە 14 خوێندکار، ئەمەش گۆڕانکارییەکی ئەرێنیی گەورەیە.
- تێکڕای ژمارەی مامۆستایان لە هەر خوێندنگەیەکدا لەو ماوەیەدا بە ڕێژەی (22٪) هەڵکشاوە، واتە لە 16 مامۆستاوە بەرز بووەتەوە بۆ 19 مامۆستا.
- تێکڕای ژمارەی خوێندکاران لە هەر خوێندنگەیەکدا بە ڕێژەی (37٪) کەمی کردووە، واتە لە 405 خوێندکارەوە دابەزیوەتە 256 خوێندکار.
- ئەوەی ئەرێنییە لەم خشتەیەدا ئەوەیە کە تێکڕا ژمارەی مامۆستا/خوێندکار (ستوونی 4) لە هەردوو تێکڕاکانی دیکە زیاتر گەشەی کردووە. ئامارەکانی "خشتەی ژمارە 3"، ئەم گەشەکردنە ئەرێنییە پشڕاست دەکەنەوە،

| تێکڕای خوێندنگە، مامۆستا و خوێندکار لە هەرێمی کوردستان (1990-2017) | | | |
|---|---|---|---|
| ساڵی خوێندن | خوێندنگە/ مامۆستا | خوێندنگە/ خوێندکار | مامۆستا/خوێندکار |
| 1991-1990 | 16 | 405 | 25 |
| 1996-1995 | 13 | 271 | 21 |
| 2001-2000 | 12 | 251 | 21 |
| 2005-2004 | 13 | 229 | 18 |
| 2006-2005 | 13 | 229 | 18 |
| 2011-2010 | 17 | 255 | 15 |
| 2013-2012 | 17 | 255 | 15 |
| 2015-1014 | 19 | 255 | 13 |
| 2016-2015 | 19 | 251 | 14 |
| 2017-2016 | 19 | 256 | 14 |
| ڕێژەی هەڵکشان/داکشان | ٪22 | ٪-37 | ٪-44 |

**خشتەی ژمارە (٤): تێکڕای خوێندنگە، مامۆستا و خوێندکار**

چونکە لەو ماوەیەدا ژمارەی خوێندکاران بە ڕێژەی 3 ئەوەندە زیادیان کردبوو (325٪)، بەڵام ژمارەی ماموستایان 6 ئەوەندە (597٪) زیادیان کرد.

• بەڵام نابێ ئەوەشمان بیر بچێت زیادبوونی ژمارەی خوێندنگەکان هاوتەریب نییە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی بینای خوێندنگەکان، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ دوو دەوامی، سێ دەوامی و زیادبوونی ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکان.

| جیاکاریی جێندەر لە کەرتی پەروەردە (2014-2015) | |
|---|---|
| جۆری کادیر/خوێندنگە | ڕێژەی ڕەگەزی مێینە ٪ |
| بەڕێوەبەر | 22 |
| یاریدەدەری بەڕێوەبەر | 36 |
| مامۆستا | 62 |
| توێژەری کۆمەڵایەتی | 58 |
| ڕابەری پەروەردەیی | 66 |
| کۆی کادیرە پەروەردەییەکان | 58 |
| خوێندکار | 48 |
| خوێندنگەی کچان | 9 |
| خوێندنگەی کوڕان | 10 |
| خوێندنگەی تێکەڵ | 81 |

سەرچاوە: (و. پ، 2015)

## جیاکاریی جێندەری

ئەگەرچی ڕەگەزی مێینە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە شێوەیەکی گشتی جیاکارییەکی زۆری بەرانبەر دەکرێت، بەڵام بەپێی ئامارە فەرمییەکان (بڕوانە خشتەی ژمارە 5) لە کەرتی پەروەردەدا و لە ڕووی ژمارەوە هیچ جیاکارییەکی بەرانبەر ناکرێت، تەنها لە پۆستە بەرزەکاندا نەبێت. ژنان لەنێوان (58٪) تا (66٪)ی هەموو پۆستەکانیان وەرگرتووە، جگە لە بەڕێوەبەر کە تەنها (22٪)یان ڕەگەزی مێینەن و جگە لە یاریدەدەری بەڕێوەبەرەکانیش کە تەنها (36)یان لە ڕەگەزی مێینەن. لە ڕووی دابەشکردنی خوێندنگەکانیشەوە، (80٪)ی خوێندنگە تێکەڵن و ڕێژەی خوێندنگەکانی کوڕان و کچانیش بەنزیکەیی وەکوو یەکن.

## کێشەکانی پەروەردە

### گرفتی میتۆد و زانست

گرفتی هەموو وەزارەتەکانی پەروەردە ئەوەیە بە زانستێکی کۆن، میتۆدێکی نازانستی و هەمان کادیری خۆماڵییەوە کاریان کردووە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە جیهانبینییان بۆ سیستمێکی هاوچەرخ نییە، کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاری پێ دەکرێت. تا گۆڕانکاری لەم کارەدا نەکەن، ناتوانن سیستمی پەروەردە بگۆڕن و کارایی خوێندکاران بەرز بکەنەوە.

### گرفتی دابەشکردنی ناهاوسەنگ

کۆی ئەو گەشەکردنانەی سەرەوە زۆر ئەرێنین، بەڵام کۆمەڵێک گرفتی دیکە هەیە کە وا دەکات مامۆستایان هەستی پێ نەکەن کە باریان

سووکتر بووە و کوالێتیی کارەکانیان باشتر بووە. ئەو گرفتە پەیوەندیی بەو ناهاوسەنگییەوە هەیە کە لە دابەشکردنی خوێندنگەکان بەسەر ناوچە جوگرافییەکاندا هەیە، هەروەها ناهاوسەنگیی دابەشکردنی مامۆستایان و خوێندکاران بەسەر خوێندنگەکاندا. ئەم ناهاوسەنگییەش کاریگەرییەکی نەرێنی دەکاتە سەر گەورەیی پۆل و زۆریی خوێندکاران لە شارەکاندا، واتە زۆربوونی ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکاندا.

### خوێندنگە و مامۆستا

ئەو داتایانەی توێژینەوەکە شیکاریی بۆ کردوون، هەموو خوێندنگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەگرێتەوە، واتە باخچەی منداڵان، قۆناغی بنەڕەتی، قۆناغی ئامادەیی، خوێندنی خێرا و خوێندنگە عەرەبی، تورکمانی و سریانییەکان. بە ئەگەری زۆریش ژمارەی منداڵان لە باخچەی منداڵان، ژمارەی خوێندکاران لە گوندەکان، خوێندنی خێرا و یان لە هەندێ لە خوێندنگەکانی دیکەدا؛ زۆر کەمترن بە بەراورد لەگەڵ شارەکاندا، ئەمەش وای کردووە کە ژمارەی خوێندکاران لە شارەکاندا زۆر بن. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٥دا (44٪)ی خوێندنگەکان لە گوندەکاندا بوون (2853 خوێندنگە) و (56٪) لە شارەکاندا بوون (3621 خوێندنگە) (و. پ، 2015 ب)[21].

ئەوەش ڕوونە ژمارەی خوێندکار لەو گوندانە زۆر کەمن. زۆر جاریش لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز ژمارەی مامۆستاکان لە هەندێ خوێندنگە دەگەنە 7 مامۆستا، لە کاتێکدا پێویستە تەنها 2 یان 1 مامۆستا بن، بەڵام لە هەندێ خوێندنگەی دیکەدا دۆخەکە ڕێک بەپێچەوانەوەیە. کۆی ئەم دۆخانە وای کردووە ژمارەی خوێندکاران لە پۆلی ناو شارە گەورەکاندا زۆر بن. بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ئەو ژمارەیە لە کۆمەڵێک خوێندنگەدا دەگاتە 50 خوێندکار یان زیاتر (و. پ، 2007 پ) [22]. وەزارەتی پەروەردە تا ئێستا نەیانتوانیوە گرفتی ئەم ناهاوسەنگییە چارەسەر بکات، ئەم ناهاوسەنگییە ئەم گرفتەی خوارەوەشمان بۆ دروست دەکات.

بەپێی شیکاریی ئامارە فەرمییەکانی 3 ساڵی خوێندن (بڕوانە خشتەی ژمارە 6)، توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی هەر خوێندنگەیەک 2 پۆلی کەم کردووە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەموو یەکێک لە پۆلەکانی دیکە؛ 2 خوێندکار زیاد بکات. لەبەر ناهاوسەنگیی دابەشکردنی جوگرافیی خوێندنگەکان، ئەم ژمارەیە لە گوندەکان کەمتر دەکات و لە شارەکاندا زیاتر دەکات. بەپێی داتاکانی ئەو خشتەیە بێت، هەموو ئەو ئامارانە زۆر باشن و نابێ هیچ گرفتێکمان هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا لە هەموو بوارەکاندا گرفتی زۆرمان هەیە.

### توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕابەری پەروەردەیی

یەکێک لە کارە ئەرێنییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی پێنجەمدا، ئەوە بوو کە بۆ یەکەمین جار کادیرێکی پەروەردەیی بە ناوی توێژەرەی کۆمەڵایەتی هێنایە ئاراوە و 400 توێژەری بە یەک بڕیار دامەزراند.

ئەم کادیرانە هاوکارییەکی زۆری خوێندکاران و خوێندنگەکان دەکەن. لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا 199 توێژەری کۆمەڵایەتی زیادیان کردووە، بۆیە هەموو توێژەرێک 61 خوێندکار کەمتری بەر کەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە گۆڕانکارییەکی ئەرێنییە، بەڵام هێشتا 930 خوێندکار بۆ یەک توێژەر؛ ژمارەیەکی زۆر بەرزە و مەحاڵە ئەو توێژەرە فریای هەموو ئەو خوێندکارانە بکەوێت (بڕوانە خشتەی ژمارە 6).

ئەگەر لە هەموو خوێندنگەیەکی حکوومییشدا تەنها یەک توێژەر هەبێت، ئەوە تەنها (31٪)ی خوێندنگەکان توێژەریان هەیە، واتە تا ئێستا (69٪) ی خوێندنگەکان خاوەنی توێژەرەی کۆمەڵایەتی نین، ئەمەش گرفتی زۆر بۆ هەموو خوێندنگەکان دروست دەکات. لەبەرانبەر ئەمەدا، 263 ڕابەری پەروەردەیی لەو 3 ساڵەدا زیادیان کردووە و ئەمەش بووەتە هۆی هەر ڕابەرێکی پەروەردەیی 711 خوێندکار کەمتری بەر کەوتووە لە جاران.

ئەم کارە بووەتە هۆی ئەوەی بە لایەنی کەمەوە لە شارە گەورەکاندا، مامۆستاکان بارگرانییەکی زۆریان بکەوێتە سەر شان، ژینگەی کارکردن سەختتر بێت و خوێندکارانیش نەتوانن زانستی پێویست بە شێوەیەکی هاوچەرخ وەربگرن. زۆری ژمارەی خوێندکاران لە پۆلدا، بووەتە گرفتێکی گەورە لەبەردەم پیادەکردنی دیداکتیکێکی هاوچەرخدا (سەعید، 2019)[23]، ئەمەش لە کاتێکدا ئەندازەی کاریگەریی دیداکتیک دەگاتە (0.80)، واتە دیداکتیک کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر کارایی خوێندکاران هەیە (Hattie, 2016)[23]، (Hattie, 2016)[25]. لە ڕاستییشدا دواکەوتنی دیداکتیک، دواکەوتنی سیستمی پەروەردەیی دەگەیەنێت (Kewaza & Harpp, 1994)[27] (Welch, 2013)[26] و گەورەترین هۆکاری دواکەوتنی سیستمی پەروەردەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین.

| کادیرەکان | 2015-2014 | 2016-2015 | 2017-2016 |
|---|---|---|---|
| دابەشبوونی خوێندکاران و کادیرە پەروەردەییەکان 2017-2014 | | | |
| ژمارەی خوێندکار | 1653386 | 1706509 | 1738521 |
| ژمارەی مامۆستا | 122370 | 126112 | 127823 |
| ژمارەی خوێندنگە | 6474 | 6799 | 6788 |
| ژمارەی پۆل (هۆبە) | 69865 | 69807 | 67436 |
| توێژەری کۆمەڵایەتی | 1671 | 1748 | 1870 |
| ڕابەری پەروەردەیی | 667 | 983 | 930 |
| خوێندکار/پۆل | 24 | 24 | 26 |
| مامۆستا/پۆل | 1.75 | 1.80 | 1.90 |
| خوێندنگە/پۆل | 12 | 10 | 10 |
| خوێندنگە/توێژەری کۆمەڵایەتی | 4 | 4 | 4 |
| خوێندکار/توێژەر | 989 | 976 | 930 |
| خوێندنگە/ڕابەری پەروەردەیی | 10 | 7 | 7 |
| خوێندکار/ڕابەری پەروەردەیی | 2479 | 1736 | 1768 |

سەرچاوە: ژمارەی خوێندکار، مامۆستا، خوێندنگە و هۆبەکان، لەم سەرچاوانەوە وەرگیراون: (M o E, 2016)، (و. پ، 2015 ب)، (و. پ، 2017 ب).

خشتەی ژمارە (6): دابەشبوونی خوێندکاران و کادیرە پەروەردەییەکان

## ڕاهێنانی مامۆستاکان

یەکێک لە بەربەستە گەورەکانی بەردەم سیستمی هەرێم، لاوازیی کارایی و ئەدای مامۆستاکانە. ئەوان لە زانکۆکانەوە بە ئاستێکی زانستی کۆنەوە دێنە وەزارەتی پەروەدە و وەزارەتیش تا ئێستا نەیتوانیوە بەهێزیان بکات، چونکە لە خولەکانی شیاندندا زانستێکی کۆنی نزمتر لە زانستی زانکۆکانیان پێ دەگوترێتەوە. مامۆستاکان لەم دۆخە زۆر بێزارن و ئەوانەی دەشیانەوێ خۆیان پێبگەیەنن، لە بازاڕدا بەدەگمەن کتێبی باشیان دەست دەکەوێت. وەزارەتی پەروەردە لە کۆی کابینەکاندا، پلانێکی نووسراو یان پرۆگرامێکیان گەڵاڵە نەکردووە بۆ ئەوەی کتێبی باش بۆ کادیرە پەروەردەییەکان وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی، کارناسی باشیان لە دەرەوە بۆ بێنن بۆ ئەوەی ئاستی ڕاهێنەرە ناوخۆییەکان بەرز بکەنەوە و خولی هاوچەرخ ساز بکەن.

گرفت لە ژمارەی خولەکانی ڕاهێنان و شیاندن نییە، بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە لە ماوەی دوو ساڵدا (2009-2010) توانیی ڕاهێنان بە 27591 مامۆستا بکات (و. پ، 2017)[28]، بەڵام گرفتەکان لە کوالێتیی ئەو خولانەدایە کە زۆر کلاسیکین. مامۆستاکان باسی ئەو جیاوازییە گەورەیەیان بۆ کردووین کە لەنێوان خولە کلاسیکییەکانی شیاندن و ئەو خولانەدا هەبووە کە کارناسە بیانییەکان بۆیان ساز کردوون. تا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێ، بە بۆچوونی ئێمە ناتوانرێت ئاستی مامۆستاکان بەرز بکرێتەوە.

## پێداویستیی خوێندنگەکان

جگە لە ژمارەی وەرشەکان، ئیدی هەموو کەلوپەلەکانی دیکە لەنێوان (2015-2016) زیادیان کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەنێوان (2016-2017) لەجیاتیی ئەوەی ئەو کەلوپەلانە زیاد بکەن، کەچی بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەمیان کردووە. توێژینەوەکە نەگەیشتە هیچ هۆکارێکی دیاریکراو کە بۆچی سکانەرەکان ٪493 زیادیان کردووە و کۆی کەلوپەلەکانی دیکە بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیان کردووە. دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە بوونی کۆمپیوتەر و کتێبخانە لە هەموو کەلوپەلەکانی دیکە گرنگترن، بەڵام ئەو دووانە بە ڕێژەی (31-٪) و (٪45) داکشانیان بەخۆیانەوە بینیوە (بڕوانە خشتەی ژمارە 7).

| پێداویستیی خوێندنگەکان (2014-2017) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کەلوپەل | 2015-2014 | 2016-2015 | 2017-2016 | ڕێژەی داکشانی دوو ساڵی کۆتایی ٪ |
| کۆمپیوتەری باش | 24864 | 34729 | 23982 | ٪-31 |
| پرینتی باش | 7062 | 10172 | 7354 | ٪-28 |
| سکانەری باش | 1850 | 3657 | 21718 | ٪493 |
| تاقیگە | 945 | 1594 | 971 | ٪-69 |
| وەرشە | 15 | 14 | | |
| پەرتووکخانە | 2154 | 3484 | 1926 | ٪-45 |
| داتاشۆ | | | 6827 | |
| ئامێری کۆپیکردن | | | 5691 | |
| سەرچاوە: (M o E, 2016)، (و. پ، 2015 ب)، (و. پ، 2017 ب) | | | | |

خشتەی ژمارە (٧): پێداویستیی خوێندنگەکان

### باڵەخانەکان

لەدوای ڕاپەڕینەوە، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە و ئەوانەی لە تەمەنی خوێندنگەدان؛ ڕێژەیەکی زۆر بەرزی دانیشتووان پێک دێنن. دوای باشبوونی دۆخی ئابووریش لەنێوان (2004-2014)، دەست کرا بە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆری باڵەخانە. لە کابینەی شەشەمدا بڕی 150 ملیار دینار بۆ دروستکردنی خوێندنگە پەسەند کرا و کۆمەڵێک خوێندنگە دروست کران. لە بودجەی ساڵی 2011 و 2012دا، بڕی 150 ملیار دینار بۆ هەر ساڵێک دیکەش تەرخان کرا، بەڵام خوێندنگەی پێ دروست نەکرا (پەی، 2019)[29].

دروستکردنی بینای خوێندنگەکان بەنزیکەیی لەدوای (2014)وە وەستاوە و ژمارەی خوێندکارانیش لە هەڵکشاندایە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکاندا. بۆیە ئێستا کێشەی چەند دەوامی و گەورەبوونی پۆلەکان لە خوێندنگەکاندا هەیە و ئەمەش بەربەست بۆ درێژکردنەوەی دەوام و پێشکەوتنی خوێندنگەکان دروست دەکات (و. پ، 2015 ب)[30]. بەپێی ئامارەکانی (2014-2015)، نزیکەی (80٪)ی خوێندنگەکان خاوەنی باڵەخانەی خۆیانن، بەڵام (20٪) باڵەخانەی خۆیان نییە. ئەگەر حکومەتی بتوانێت 1296 خوێندنگەی نوێ دروست بکات، ئەوە هەموو خوێندنگەکان دەبنە خاوەنی باڵەخانەی خۆیان، بەڵام هێشتا گرفتی گەورەیی و قەرەباڵغیی پۆلەکان دەمێنێت. لە ڕووی دەوامەوە؛ (69٪)ی خوێندنگەکان یەک دەوامین، بەڵام (30٪)ی خوێندنگەکان دوو دەوامییان تێدایە (بڕوانە خشتەی ژمارە 8).

خشتەی ژمارە (٨): تایبەتمەندیی خوێندنگەکان

| تایبەتمەندیی خوێندنگەکان (٢٠١٤-٢٠١٧) | | | |
|---|---|---|---|
| **خوێندنگەکان** | **٢٠١٤-٢٠١٥** | **٢٠١٥-٢٠١٦** | **٢٠١٦-٢٠١٧** |
| شار | ٣٦٢١ | ٣٨٤٧ | ٣٨٥٩ |
| گوند | ٢٨٥٣ | ٢٩٥٢ | ٢٩٢٩ |
| میوان | ١٢٩٦ | ١٥٢٤ | ١٥٤٣ |
| خاوەن باڵەخانە | ٥١٧٨ | ٥٢٧٥ | |
| بە کرێ | ٢١١ | ١٨٩ | |
| تایبەت | ١٥٩ | ٢١٧ | |
| سەر بە وەزارەتی پەروەردە | ٦٠٨٥ | ٦٣٥٩ | ٦٣٢٣ |
| ناحکومی | | | ٢٨٢ |
| سەر بە لایەنی دیکە | ١٩ | ٣٤ | ٤٧ |
| یەک دەوامی | ٤٤٥٠ | ٤٦١٦ | ٤٦٥٣ |
| دوو دەوامی | ١٩٤٤ | ٢٠٠١ | ٢٠٢١ |
| سێ دەوامی | ٧٩ | ١٧٤ | ١١٠ |
| چوار دەوامی | ١ | ٨ | ٤ |
| زمانی خوێندنگە/کوردی | ٦٢٨٥ | ٦٦١٧ | ٦٥٣٠ |
| عەرەبی | ٩٢ | ٩٥ | ١٠٣ |
| ئینگلیزی | ٥٣ | ٤٤ | ١٠٧ |
| سریانی | ٣٢ | ٢٧ | ٣١ |
| تورکمانی | ١١ | ١٥ | ١٥ |
| فەڕەنسی | ٢ | ١ | ١[31] |
| ئەڵمانی | | | ١ |
| سەرچاوە: (M o E, 2016)، (و. پ، ٢٠١٥ ب)، (و. پ، ٢٠١٧ ب) | | | |

ئەوەی لەو خشتەیەوە دەبینرێت، ژمارەی ئەو خوێندنگانەی 4-2 دەوامییان تێدایە، زیادیان کردووە و ئەمەش نیشانەیەکی ئەرێنی نییە، لە هەمان کاتیشدا ژمارەی ئەو خوێندنگانەی یەک دەوامیشیان تێدایە؛ بە هەمان شێوەی زیادی کردووە.

دوو یان سێ دەوامی دەبێتە هۆی ئەوەی ماوەی ئامادەبوون لە خوێندنگەکاندا کورت ببێتەوە بۆ چوار کاتژمێر یان کەمتر، ئەم ماوەیەش وا دەکات خوێندکاران نەتوانن زانستی پێویست وەربگرن و مامۆستایانیش نەتوانن کۆمەڵێک میتۆدی هاوچەرخی کارکردن و وانەگوتنەوە بەکار بێنن. تەنانەت لەو (69٪)یەی خوێندنگەکانەشدا کە یەک دەوامین، دەوام زۆر کورتە. وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی (2014-2012) دا، هەوڵێکی لەم بابەتەی دا کە دەوام لەو خوێندنگانەدا درێژ بکرێتەوە، بەڵام ئەمە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتییەکی زۆر بووەوە و دەرئەنجام بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا.

### ڕێژەی دەرچوونی ساڵانە

ئاستی دەرچوونی خوێندکاران بە درێژایی چەندین ساڵ، لە دابەزینێکی بەردەوامدایە[32]. بەپێی داتاکان (بڕوانە خشتەی ژمارە 9)، ڕێژەی سەدیی دەرچوون لە بەشی زانستیدا لەنێوان (2012-2000) دا کراون بە دوو بەشەوە و لە هەردوو بەشەکەدا لە دابەزینێکی بەردەوامدایە. ڕێژەی دەرچوون لە بەشی زانستی لەنێو بەشداربووانی تاقیکردنەوەکاندا لە ماوەی 11 ساڵدا (2011-2000)دا لە (55٪) و دادەبەزێتە نزمترین ئاستی خۆی (42٪)، واتە (24٪) کەمی کردووە. بەڵام ساڵی 2012 تۆزێک بەرز دەبێتەوە و دەگاتە (51٪)، بەڵام هێشتا لە ئاستی 2001 نزمترە.

لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی دەرچوون لەنێو بەشداربووانی فیعلیی تاقیکردنەوەکاندا، بە هەمان شێوە لە دابەزینێکی بەردەوامدایە و لە ماوەی 11 ساڵدا (2011-2000) لە (83٪)وە دادەبەزێتە نزمترین ئاستی خۆی (44٪)، واتە (47٪) کەم دەکات. لە کۆتا ساڵدا کەمێک بەرزتر دەبێتەوە، بەڵام هێشتا لە ئاستی ساڵی (2000)ەوە زۆر دوورە.

لە هەردوو دۆخەکەشدا وەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە توێژینەوە لەوە بکات بۆچی ئاستی دەرچوونی ئەو خوێندکارانەی بە شێوەیەکی فیعلی بەشدارییان لە تاقیکردنەوەکاندا کردووە لە ماوەی 11 ساڵدا؛ بە ڕێژەی (47٪) کەمی کردووە، ئەم دابەزینە شکستێکی گەورەیە بۆ سیستمی پەروەردەی هەرێم و دەبووایە وەزارەتی پەروەردە هەموو ساڵێک توێژینەوەی زانستیی لەسەر بکردایە و هۆکارەکانی دەستنیشان بکردایە.

| ڕێژەی دەرچوون لە بەشی زانستی (هەردوو خول) (٢٠٠٠-٢٠١٢) | | |
|---|---|---|
| ساڵی خوێندن | ڕێژەی دەرچوونی بەشداربووەکان ٪ | ڕێژەی دەرچوونی بەشداربووە فیعلییەکان ٪ |
| ٢٠٠٠-٢٠٠١ | ٥٥ | ٨٣ |
| ٢٠٠١-٢٠٠٢ | ٥٩ | ٨٣ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٣ | ٦٤ | ٨٠ |
| ٢٠٠٣-٢٠٠٤ | ٥٥ | ٧٣ |
| ٢٠٠٤-٢٠٠٥ | ٤٣ | ٥٥ |
| ٢٠٠٥-٢٠٠٦ | ٤٦ | ٤٧ |
| ٢٠٠٦-٢٠٠٧ | ٥٦ | ٥٧ |
| ٢٠٠٧-٢٠٠٨ | ٤٧ | ٤٧ |
| ٢٠٠٨-٢٠٠٩ | ٤٤ | ٤٥ |
| ٢٠٠٩-٢٠١٠ | ٥١ | ٥٣ |
| ٢٠١٠-٢٠١١ | ٤٢ | ٤٤ |
| ٢٠١١-٢٠١٢ | ٥١ | ٥٥ [33] |

خشتەی ژمارە (٨): ڕێژەی دەرچوون لە بەشی زانستی (٢٠٠٠-٢٠١٢)

## پڕۆگرامەکانی خوێندن

پڕۆگرامەکانی خوێندن لە ڕابردوودا باش نەبوون، نە لە ڕووی زانستی فێرکاری و نە لە ڕووی دیداکتیکیشەوە هاوچەرخ نەبوون. لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریيان تێدا کرا، بەتایبەت لە پڕۆگرامەکانی ئینگلیزی و زانستەکان، بەڵام گۆڕانکارییەکان لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئایین، زمان و ئەدەبی کوردی تا ئێستاش باش نین. بۆ نموونە: کتێبی زمان و ئەدەبی کوردیی پۆلی 12، کە ساڵی 2019 چاپ کراوە، کتێبێکی زۆر لاوازە و بە هەڵەی ڕێنووس و خاڵبەندییشەوە چاپ کراوە. بۆ نموونە لە بەشی وتاردا، خوێندکار پۆلی 12 تەواو دەکات، بەڵام نازانێت وتار چییە، مەرجەکانی وتار چین و ناشزانێت بە شێوەیەکی زانستی وتارێک بنووسێت[34].

پڕۆگرامەکانی ئایین بە یەکێک لە لاوازترین پڕۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە ئەژمار دەکرێت، ئەم پڕۆگرامانە تا ئێستاش پێداگری لەسەر جیاکاریی نێوان پێکهاتەکان دەکەنەوە و هانی خوێندکاران نادەن کە زانستێکی گشتگیر دەربارەی ئایینەکان بزانن. لە ئێستادا هیچ یەکێک پێویست ناکات ئایینێکی دیکە بخوێنێت، جگە لە ئایینەکەی خۆی. ئەو خوێندکارانەی ئایینەکانیان بە هیچ شێوەیەک ناخوێنرێت یان ئایینەکانیان لەو خوێندنگەکانەدا ناخوێنرێن کە ئەوانی تێدان، ئەوە لە وانەی ئایین دەبەخشرێن، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی خوێندکار فێری جیاکاریی ئایینی و مەزهەبی بێت و زانستی تەواویش دەربارەی ئایینەکانی دیکە نەزانێت.

لە کابینەی هەشتەمدا کار لەسەر گۆڕینی پڕۆگرامەکانی ئایین بۆ ئاییناسی کرا و ڕەوتەکە بەو ئاقارەدا دەڕۆشت کە مێژووی

هەموو ئایینەکان بخوێنرێت، وەزارەتی پەروەردەی ئێستا (کابینەی نۆیەم) جەخت لەسەر ڕێڕەوێکی کلاسیکی دەکاتەوە کە پێویست ناکات هەموو خوێندکارێک هەموو ئایینەکان بخوێنێت. بەپێی فەرمانێکی وەزاری[35]، هەر خوێندکارێک تەنها ئایینەکەی خۆی دەخوێنێت، هەروەها ئەگەر خوێندکارێک بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ویستی وەکوو گوێگر لە پۆلێکدا گوێ لە ئایینێکی دیکە بگرێت، ئەوە نمرەی بۆ دانانرێت. بەپێی ئەو فەرمانە، وەزارەتی پەروەردە بە پێویستی نازانێت خوێندکاران زانیارییان لەسەر هەموو ئایینەکان هەبێت.

### قۆناغی هەنوکەیی

### تاقیکردنەوەی قۆناغی ئامادەیی (بەکالۆری)

تاقیکردنەوەکانی قۆناغی ئامادەیی (بەکالۆری)، یەکێکە لە سیستمە هەرە کۆن و خراپەکانی جیهان. ئەم تاقیکردنەوانە وەکوو شتێکی پیرۆز تەماشا دەکرێ و هیچ وەزارەتێک دونیابینیی ئەوەی نەبووە سیستـمێکی نوێ بۆ تاقیکردنەوەکان دابنێت کە شوێنی بەکالۆریی تێدا نەبێتەوە. تاقە هەوڵێکی زۆر بچووک لە وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی پێنجەم درا، ئەوە بوو کە تاقیکردنەوەکانی بەکالۆری 70 نمرەی لەسەر بێت و تاقیکردنەوەکانی پۆلی دەیەم و یازدەیەم 30 نمرەیان لەسەر بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بڕیارە ساڵانێکی زۆر پیادە نەکرا و هەوڵی پەکخستنی دەدرا. دواتر وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی هەشتەمدا گۆڕانکاریی تێدا کرد و ئەو 30 نمرەیەیان کرد بە 20 نمرە (و. پ، 2013). لە ئێستادا ئەو بڕیارە ئارەزوومەندایە و تەنها ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە خۆیان دەیانەوێ. بەم شێوەیە ئەو بڕیارەی کۆنگرەی چوارەم هەڵوەشایەوە، بە مەرجێک لە پەرلەمان پەسەند کرابوو. لە هەمان سەرچاوەدا ئاماژە بۆ کۆمەڵێک کارئاسانی کراوە بۆ دەرچوونی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەکاندا، وەکوو: چاککردنی تێکڕای نمرە، پەڕینەوە... هتد (و. پ، 2013)[36].

ئێمە لە دوو دەرفەتی جیاوازدا؛ لە کۆنگرەی پەروەردەیی 2015 و لە دیدارێکی وەزارەتی پەروەردە لە 2019دا، پێشنیازی سیستمێکی نوێمان کرد، بەڵام بەبێ هۆکار ڕەت کرایەوە. ئەم سیستمە پێشنیازکراوەی ئێمە دەبووە هۆی ئەوەی خوێندکار بە درێژایی ساڵ بخوێنێت و کارایی بەرز بێت، هەروەها سەختییەکانی خوێندن بەسەر هەموو مانگەکاندا دابەش ببێت، لەجیاتیی ئەوەی لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا خوێندکار تووشی شڵەژان بێت. خاڵێکی دیکە ئەوە بوو پێشنیازەکەی ئێمە لەگەڵ ڕەوتی تاقیکردنەوەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هاوتەریب بوو.

لایەنێکی دیکەی نەرێنیی سیستمی تاقیکردنەوەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی (2016)دا بڕیاری دا کە تاقیکردنەوەکان بە شێوەی هەڵبژاردن

بێت (و. پ، 2017)[37]، ئەم شێوازە سوودێکی زۆری بۆ کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە هەیە، چونکە ڕاستکردنەوە و دانانی نمرەی لەسەر وەڵامەکانی خوێندکار زۆر بەئاسانی بەڕێوە دەچێت، کەمتر پەڵپ دەگرن، زووتر چارەسەری پەڵپەکان دەکەن و تێچوویەکی زۆر کەمتری بۆ وەزارەتی پەروەردە هەیە، بەڵام بە دیوێکی دیکەدا زیانێکی گەورە بە خوێندکار دەگەیەنێت و ئاستی دادەگرێتە خوارەوە.

بەپێی تیۆری و قوتابخانە پەروەردەییە بەرکارەکان (Piaget,) Vygotskij, 1978)[38] (2010)[39]، هەروەها بەپێی سیستمی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و پێشکەوتووەکان، ئەوەی ئاستی خوێندکار بەرز دەکاتەوە بە ڕادەی یەکەم؛ ئەو پرسیارانەن کە باسی شیکاری، لێکدانەوە و وانە کردەییەکانی تاقیگەکان دەکەن و بە ڕادەی دووەمیش ئەوانەن کە باسی بەراوردکاری دەکەن. پشتگوێخستنی شیکارییەکان لە تاقیکردنەوەکاندا، هۆکارێکە بۆ ئەوەی خوێندکاران و مامۆستایان لە پۆلەکاندا ئەو جۆرە پرسیارانە پشتگوێ بخەن. وەزارەتی پەروەردە لەجیاتیی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندکار، بەم شێوەیە ئاستیان نزمتر دەکاتەوە، ئەم کارە هاودژە لەگەڵ هەردوو تیۆری مەعریفی و سۆسیۆکولتووری (Lind gren et al, 2014)[40] [41]، (Nottingham, 2019)[43]، (Vygotsky, 1978)[42]، (Vygotskij, 2007).

**هەڵەی ڕێنووس**

لەنێوان (1992-2019)دا، هەڵەی گەورە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا هەبووە و هیچ یەکێک لە وەزارەتەکانی پەروەردە نەیتوانیوە کتێبەکانی بە ڕێنووسێکی تەواو دروست چاپ بکاتەوە و هیچ پلانێکی ئاشکراش لەو بارەیەوە نەبووە. وەک دەرئەنجام، بەشی هەرە زۆری کادیرە پەروەردەییەکان، لە وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکانەوە تا مامۆستایان، بە کوردییەکی هەڵە دەنووسن. هەروەها نزیکەی یەک ملیۆن و ٨٠٠ هەزار خوێندکار و بەشی هەرە گەورەی مامۆستایان، ئەوە دوای ئەوە بە کوردییەکی هەڵە دەنووسن، چونکە کتێبەکانی بەردەستیان بەهەڵە نووسراوون و بەهەڵە فێر دەکرێن.

لەم بوارەدا ڕەخنەیەکی زۆر لە کۆی وەزارەتەکان گیراوە و کتێب و وتارێکی زۆر دەربارەی ئەو هەڵانە نووسراون (قانیع، 2013)[44]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکان کەم تا زۆر بە هەمان هەڵە یان هەڵەی نوێوە چاپ کراونەتەوە. بەدەر لە هەڵەی ڕێنووسیش، هەڵەیەکی زۆر لە بواری داڕشتندا هەیە، بەتایبەت ئەو کتێبانەی کە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون.

**وەزارەتی پەروەردەی کابینەی نۆیەم (2019)**

ئەم وەزارەتە 15 مانگە کار دەکات (10/7/2019) و بەدەست کۆمەڵێک کێشەی سەرەکییەوە دەناڵێنێت، بۆ نموونە کێشە

کەڵەکەبووەکانی سیستمی پەروەردەیی، کێشەی دارایی، هەڕەشەی مانگرتنی مامۆستایان، پەتای کۆرۆنا، زانستی کۆن، میتۆدی کۆنی کارکردن، نەبوونی کارناسی شارەزا لە سیستمە پێشکەتووەکانی جیهان... هتد، لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە دەتوانێت ئاماژە بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بکات.

**لایەنە ئەرێنییەکان:**

• بە هاوکاریی یەکێتیی ئەورووپا و بریتش کانسڵ، وەزارەتی پەروەردە دۆکیۆمێنتێکی باشی بۆ هەڵسەنگاندنی دەرەکیی خوێندنگەکان بڵاو کردووەتەوە (و. پ، 2019) [45]. ئەم شێوازە لە هەڵسەنگاندن، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو شێوازەدا هەیە کە کۆی وەزارەتەکانی پەروەردە لە ڕابردوودا کاریان پێ کردووە. لەم بوارەدا ڕاهێنان بە خوێندنگە کراوە، بەڵام تا ئێستا ئەم دۆکیۆمێنتە لە بواری کردەییدا تاقی نەکراوەتەوە.

• لە ڕووی تەکنیکەوە توانیویەتی زیاتر لە هەموو وەزارەتەکانی پێشووتر سوود ببینێت. توانیویەتی تەلەڤزیۆنی پەروەردەیی ئەکتیڤ بکاتەوە، بیکاتە کەناڵێکی ئاسمانی و بڕیاریش وایە بکرێتە "HD". لە ئێستادا بەشێک لە وانەکانی تۆمار و پەخش کردووە و پلان هەیە زۆرینەی وانەکان تۆمار بکەن. ئەم تەلەڤزیۆنە لە ساڵی (2003)وە دامەزراوە، بەڵام سست و لۆکاڵی بووە، هەروەها وەزارەت ئەپلیکەیشنێکی بە ناوی "هەورەفێرگە" بۆ هەمان مەبەست دروست کردووە و کار لە دروستکردنی سایتێکی دیکەدا دەکات بۆ هەڵگرتنی هەموو وانەکان بەتۆمارکراوی، وەک هاوکارییەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا، هەروەها وەزارەت خاوەنی چەندین گرووپی ئەلیکترۆنییە لە ڤایبەر و واتساپ، سەرجەمی ئەم کارانە بۆ وەزارەتی پەروەردە شتێکی نوێ و ئەرێنییە.

• لە (25/8/2020)وە پرۆژەیەک چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ بەستنەوەی کۆی خوێندنگەکان و بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان بە وەزارەتەوە، واتە هەموو کارە ئیدارییەکان بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی دەبێت، بێگومان لەو خوێندنگانەی کە هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە.

• ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە لە هەموو کاتێکی دیکە باشترە، بەڵام هێشتا زۆر لینکی گرنگ ناکرێنەوە، هەندیکی دیکە بەتاڵن، ئاماری پێویست بۆ توێژینەرەکان بەردەست نییە... هتد، سەرباری ئەوەش لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە هەڵەی زۆریان تێدایە.

• ئێمە ئاگاداری هەندێ کاری دیکەین کە وەزارەت کاریان تێدا دەکات، بەڵام وەکوو پرەنسیپی توێژینەوەی زانستی، تا دۆکیۆمێنتی فەرمی لە بارەیانەوە بڵاو نەکرێتەوە، ئێمە ناتوانین بیانخەینە ڕوو.

• کەسی وەزیر کە لە بواری زانستە سیاسییەکاندا پسپۆڕە، لە هەموو وەزیرەکانی

دیکە چالاکترە لە بواری سەردانیکردنی شار و شارۆچکەکان و بینینی کادیرە پەروەردەییەکان و بەدواداچوونی کێشەکانیان، هەروەها لە بواری سۆشیال میدیادا چالاکترین وەزیری پەروەردەیە.

**لایەنە نەرێنییەکان:**

ڕەنگە هێشتا زۆر زوو بێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم وەزارەتە و بەم پێیەش بێت ئەو خاڵانەی توێژینەوەکە پێداگیرییان لەسەر دەکات، ئەگەری ئەوەیان هەیە وەزارەت لە داهاتوودا کاریان لەسەر بکات. بەڵام بەپێی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی دۆخەکان و پێداویستییەکانی گۆڕینی سیستمی پەروەردەیی، توێژینەوەکە ئەم خاڵە نەرێنییانە دەبینێت:

- تا ئێستا وەکوو سەرجەم وەزارەتەکانی ڕابردوو نەیتوانیوە دەستکاریی ڕیشەیی سیستمی پەروەردەیی بکات و هیچ پلانێکی لەو بابەتەش ئاشکرا نەکراوە.
- وەزارەت هیچ نیازێکی نییە گۆڕانکاری لە سیستمی تاقیکردنەوەکاندا بکات کە یەکێکە لە گەورەترین گرفتەکان لەبەردەم بەرزکردنەوەی کارایی خوێندکار، بڵاوبوونەوەی مامۆستای تایبەت، مەلزەمەی تایبەت و بازرگانیکردن بە داهاتووی خوێندکارانەوە. ئەم سیستمە بە یەکێک لە سیما خراپەکانی سیستمە دواکەوتووەکان ئەژمار دەکرێت.
- وەزارەت بەردەوامە لە تاقیکردنەوە بە سیستمی هەڵبژاردن، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر دابەزینی ئاستی مەعریفیی خوێندکاران هەیە و هیچ ئاماژەیەکیش نییە ئەو سیستمە بگۆڕدرێت.
- تا ئێستاش کێشەی ڕێنووسی هەڵە لە کتێبە تازە چاپکراوەکاندا بەردەوامە و هیچ پلانێکی ئاشکرا نەبووە بۆ ئەو گرفتە و بۆ ڕاهێنانی کادیرە پەروەردەییەکان لەسەر ڕێنووسی دروست.
- لە گۆڕینی پڕۆگرامەکانی "ئایین"دا، وەزارەت ئاماژەیەکی نەرێنیی نیشان داوە و توێژینەوەکە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کردووە.

**کێشەی کۆرۆنا**

بە هۆی پەتای کۆرۆناوە، هەموو خوێندنگەکان لە مانگی شوباتەوە داخراون و وەزارەتی پەروەردە بڕیاری داوە ئەمساڵیش تەنها پۆلەکانی یەکەم، دووەم و دوازدەیەم بکرێنەوە. ئەرگیومێنتەکانی وەزارەتی پەروەردە ئەوەیە کە ئەوان نایانەوێ نزیکەی (30٪)ی دانیشتووانی کوردستان (خوێندکار و مامۆستا) بخەنە بەر مەترسی، بەتایبەت ژێرخانی تەندروستیی کوردستان زۆر خراپە و بەرگە ناگرێت، ئەم هەنگاوەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار نەتوانێت بڕە زانستی خۆی وەربگرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینێکی زۆری ئاستی خوێندکار. هەموو خوێندکارێک ساڵی پار بەشێکی پڕۆگرامەکانی نەخوێندووە و ئەگەر ئەمساڵیش نەخوێنێت، ئەوە ناتوانێت

بەردەوام بێت. ئەم دۆخە بەتایبەت لە بیرکاریدا زۆر هەستی پێ دەکرێت. وەزارەتی پەروەردە دەیەوێ لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنی پەروەردەییەوە ئەوە قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام توێژینەوەکە بە ڕەچاوکردنی دۆخی ئابووریی خێزانەکان، ژێرخانی تەکنیکیی کوردستان و ئاستی خوێندکار ئەم هەنگاوە بە سەرکەوتوو نازانێت. بەڵام لە هەموو دۆخێکدا تەنها وەکوو ئەزموون، هەنگاوێکە شایەنی دیراسەکردنە.

**قۆناغی ئاینده**

**دۆخی کۆرۆنا**

کەس نازانێت کەی پێکوتەی کۆرۆنا دەگاتە هەرێمی کوردستان و بەم پێیەش بێت خوێندنگەکان بەداخراوی دەمێننەوە و خوێندنی ئەلیکترۆنییش کە وەزارەتی پەروەردە پێشنیازی دەکات، بە هیچ شێوەیەک گونجاو نییە. بۆ بەراوردکردن، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سوید لە سەرەتاوە هیچ پارێزبەندییەک و کەرەنتینەیەکی نەکردبوو و ژمارەی تووشبووەکان و مردووەکانیشی زۆر بەرزن بوون، لە بەهاری ئەمساڵدا تەنها خوێندنگە ئامادەییەکانی داخست و پەنای بردە بەر خوێندنی ئەلیکترۆنی و سەرهێڵ. بەو پێیەی ئێمە لەناو پڕۆسەکەدا بووین، ئەوە دەزانین کە ئەو جۆرە خوێندنە سەرکەوتوو نەبوو و زۆربەی مامۆستایانیش گلەییان لە سستیی بەشداریی خوێندکاران دەکرد. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە سوید وڵاتێکی تۆپ تەکنەلۆژیایە و هیچ گرفتێکی لە لاپتۆپ، ئینتەرنێت و شارەزایی خوێندکاراندا نییە کە چۆن پرۆگرامەکان بەکار بێنن.

ئەگەر خوێندکار پۆلێک نەخوێنێت، ئەوە ناتوانێت داهاتوو بە شێوەیەکی ئاسایی بەردەوام بێت و لەو وانانە تێبگات کە نەیخوێندووە. توێژینەوەکە لە مەترسییەکانی وەزارەتی پەروەردە تێدەگات، بەڵام پێشنیاز دەکات وەزارەتی پەروەردە لە سەرەتاوە خۆ بەدەستەوە نەدات. توێژینەوەکە پێشنیازی دوو بژاردە دەکات:

**بژاردەی یەکەم**

**قۆناغی یەکەم:** کردنەوەی هەموو خوێندنگە بنەڕەتییەکان و ئەو خوێندنگە ئامادەییانەش کە ژمارەی خوێندکارەکانی هەر پۆلێک کەمە یان دەکرێ کەم بکرێنەوە، بۆ نموونە لە گوندەکان و هەندێک لە ناحیەکان.

لەم ماوەیەدا وەزارەتی تەندروستی ئاماری تەواو دەداتە وەزارەتی پەروەردە دەربارەی ژمارەی ئەو مامۆستا و خوێندکارانەی کە تووشی پەتاکە بوون.

**قوناغی دووەم:** ئەگەر دۆخەکە دوای دوو مانگ ئاسایی بوو، ئەوە دەرگای خوێندنگە ئامادەییەکانیش بکرێنەوە و ئەگەر دۆخەکەش زۆر بەرەو خراپتر چوو، ئەوە بەناچاری دەبێ بژاردەکەی وەزارەتی پەروەردە پیادە بکەین.

**بژاردەی دووەم**

وەزارەتی پەروەردە خۆی پێشنیازێکی

دیکەی هەبوو دەربارەی دابەشکردنی پۆلەکان بەسەر دوو گرووپدا و دەوامی 3 ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بۆ هەر گرووپێک. لە ڕاستیدا توێژینەوەکە ئەم پێشنیازەی زۆر لە داخستنی خوێندنگەکان پێ باشترە. لە هەموو قۆناغەکانیشدا دەبێ وەزارەتی پەروەردە ئامادەی کورتکردنەوەی دەوام یان داخستنی خوێندنگەکان بێت، ئەگەر بێتوو دۆخی تووشبوون زۆر خراپتر ببێتەوە.

**ئەرگیومێنتەکانی توێژینەوەکە**

**ئەرگیومێنتی توێژینەوەکە پشتی بە دوو فاکت بەستووە:**

یەکەم: سروشتی ڤایرۆسەکە لە هەموو جیهاندا وایە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لە منداڵان نەخۆش دەکەون و ژمارەیەکی زۆر کەمتریش دەمرن. ئامارەکانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە.

**دووەم: ئامارەکان**

ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی بە شێوەیەکی باش ڕێک نەخراون، بۆ نموونە ڕێژەی تووشبووانی (0-19) ساڵ (واتە خوێندکارن یان لە تەمەنی خوێندندان)، بە دوو جار ئەژمار کردووە. (0-19) بە ڕێژەی (18.2٪) و تەمەنی (10-19) بە ڕێژەی (27.5٪)، واتە ڕێژەی تووشبووانی (0-19) بەسەر یەکەوە دەکاتە (45.7٪). هەروەها وەزارەتی تەندروستی ڕێژەی مردووانی ئەو تەمەنەی ئەژمار نەکردووە، بەڵکوو ڕێژەی تەمەنی (0-29) ساڵی ئەژمار کردووە، بۆیە توێژینەوەکە سێیەکی ئەو ژمارەیەی لا بردووە، واتە ئەوانەی تەمەنیان (19-29) ساڵدایە، چونکە خوێندکار نین.

**ئامارەکان (1/9/2020)**

ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی کە لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاو کراونەتەوە :

کۆی تووشبووانی هەرێم: (29347) کەسە

ڕێژەی تووشبووانی تەمەن (0-19): دەکاتە (7.45٪).

ژمارەی تووشبووانی ئەو توێژە دەکاتە (2186) خوێندکار.

کۆی مردووانی هەرێم: (1186) کەسە

ڕێژەی مروودوانی تەمەن (0-19): دەکاتە (0.60٪).

ژمارەی مردووانی ئەو توێژە دەکاتە (7.11) خوێندکار.

بەم پێیە لە کۆی نزیکەی 1 ملیۆن و 800 هەزار خوێندکار، (2186) خوێندکار تووش بوون و تەنها نزیکەی (8) خوێندکاریش مردوون، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر کەمە و لەگەڵ ئامارە جیهانییەکاندا دەربارەی ئەو تەمەنە یەک دەگرنەوە. بۆیە ئەگەر پشت بە ئامارەکان ببەستین، ئەوە هیچ مەترسییەک لەسەر کردنەوەی خوێندنگەکان نییە.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە هەر وڵاتێکدا بکەیت، دەبێت (3) پێشمەرجمان هەبێت:

• دەبێ زانستێکی ڕۆژئاوایی هاوچەرخ لەئارادا بێت بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینرێت.

• دەبێ بە میتۆدێکی زانستیی هاوچەرخ کار بکرێت، کە سیستمە ڕۆژئاواییەکان کاری پێ دەکەن.

• دەبێ کۆمەڵێك کارناسی باشمان هەبێت کە کار بەو زانستانە بکەن، ئاگاداری سیستمی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بن و بتوانن بە میتۆدێکی هاوچەرخ پیادەی بکەن.

وەزارەتی پەروەردە خاوەنی هیچ یەکێک لەو پێشمەرجانە نییە، بۆیە بۆ دەستکاریکردنی سیستمی پەروەردەیی؛ توێژینەوەکە ئەم پێشنیازانە دەکات:

• دروستکردنی گرووپێکی بچووک لە کارناسەکانی پەروەردە، بە مەرجێک نیوەیان لە شارەزاترین کارناسە ناوخۆییەکان بێت و نیوەکەی دیکەشیان لەو کارناسانە بن کە شارەزاییەکی زۆر باشیان لە سیستمی پەروەردەی ڕۆژئاواییدا هەیە و کاریان تیادا کردووە. لە مێژووی پەروەردەی وڵاتە دواکەوتووەکاندا نەتوانراوە هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بە کادیرە ناوخۆییەکان بکرێت. ئەم بابەتە لەوانەیە هەستیار بێت، بەڵام لە ڕاستیدا وڵاتە ڕۆژئاواییە زۆر پێشکەتووەکانیش هەمیشە پشت بە کارناسەکانی یەکتر دەبەستن. بۆیە توێژینەوەکە وای دەبینێت بەبێ زانست و هاوکاریی ناوەندە مەعریفییە ڕۆژئاواییەکان، هیچ وڵاتێکی دواکەوتوو ناتوانێت گەشەکردن بەدەست بێنێت.

• دانانی سیستمێکی هاوچەرخ بۆ تاقیکردنەوەکانی هەموو قۆناغی ئامادەیی، کە بتوانێت کارایی خوێندکار بەرز بکاتەوە.

• هەڵوەشانەوەی سیستمی هەڵبژاردن (لە تاقیکردنەوەکاندا)، چونکە بەربەست بۆ گەشەکردنی مەعریفیی خوێندکاران دروست دەکات. گرفتێک لەوەدا نابینین ئەگەر بۆ نموونە (٢٥٪)ی پرسیارەکان بە هەڵبژاردن بێت.

• ماوەی 6 ساڵە، 2 تا 3 ڕەشنووسی یاسای خوێندنگەکان هەیە (بە ناوی جیاوازەوە) و هیچ وەزیرێک نەیبردووەتە پەرلەمان بۆ پەسەندکردن، لە کاتێکدا ئەم یاسایە کاروباری خوێندنگەکان ڕێک دەخات. ئەم یاسایە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە دەبێ هەبێت (ئ. ن. ک.، 2014)[47]، (ئ. ن. ک.، ب 2014)[48].

• هەوڵدان بۆ دانانی پەیڕەوی فێرکاری[49]، چونکە ئەم پەیڕەوە ڕۆڵی دەستوور بۆ خوێندنگەکان دەبینێ و کاریگەرییەکی یەکجار ئەرێنیی هەیە. تا ئێستا کۆی وەزارەتەکانی پەروەردە هیچ جۆرە دونیابینییەکیان بۆ ئەم پەیڕەوە نەبووە (Linge, 2012)[50].

• وڵاتە پێشکەوتووەکان تەنها بایەخ بەو فاکتەرانە دەدەن کە ئەندازەی کاریگەرییان بەرزە[51] [52] (Hattie, 2014). وەزارەتەکانی

پەروەردە کاریان لە هەندێ بواردا کردووە کە زیان بە خوێندکار دەگەیەنێت، بۆ نموونە ستایشکردن و خەڵاتکردن[53] کە ئەندازەی کاریگەرییان لەخوار سفرەوەیە، تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن، تاقیکردنەوەی بەکالۆری... هتد، بەڵام کاریان لەو بوارانەدا نەکردووە کە گەورەترین کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی مەعریفیی خوێندکار هەیە، بۆ نموونە: دیداکتیک، فیدباک، پڕۆگرامەکانی ژان پیاژێ، پەیڕەوی فێرکاری... هتد. بۆیە وەزارەتی پەروەردە پێویستە لە داهاتوودا ئەم کارانەش بکات.

• ئامانجی پەروەردە و فێرکردن ئەوەیە کە ئاستی کارایی خوێندکار بەرز ببێتەوە و فێری فێربوون ببێت، ئەم کارەش تەنها بە مامۆستاکان دەکرێ، بۆیە هەر گۆڕانکارییەک کە بکرێت؛ دەبێت لە بەهێزکردنی مامۆستاکانەوە دەست پێ بکات، بەڵام ئەوەی سەرنج دەدرێت هەموو گۆڕانکارییەکان لە شوێنی دیکەوە دەستیان پێ کردووە و تا ئێستا بایەخ بەوە نەدراوە توانای مامۆستاکان بەرز بکرێتەوە، بەتایبەت لە بواری دیداکتیکدا. ئەم شێوازە لە کارکردن وەزارەت تووشی گرفت دەکات، بۆ نموونە بڕوانە گۆڕانکارییەکانی 2009-2007.

• دامەزراندنی سەنتەرێکی دیداکتیکی بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر میتۆدە هاوچەرخەکانی وانەگوتنەوە، چونکە دیداکتیک بەردی بناغەی گەشەسەندنە و ئەندازەی کاریگەریی زۆر بەرزە (0.70-0.90) و دەتوانێ ئاستی مامۆستایان و خوێندکاران بەرزبکاتەوە (Hattie, 2016)[54]. ئەگەر ئەم سەنتەرە لەژێر سەرپەرشتیی کادیری بیانیدا نەبێت بۆ ڕاهێنانی تیمە ناوخۆییەکان، ئەوە دەرئەنجامەکەی وەکوو پەیمانگەکانی ڕاهێنان و گەشەپێدان لێ دێت. هەروەها ڕاهێنانی ورد لەسەر کارکردنی مامۆستایان بە فیدباک، لەجیاتیی ستایش، چونکە فیدباک و دیداکتیک یەکێکن لەو (10-5) فاکتەرەی کە کارایی خوێندکار زۆر زۆر بەرز دەکەنەوە (Hattie & Clarcke, 2019)[55]، (Hattie & Zierer, 2019)[56]. بێتوانایی کۆی کادیرە پەروەردەییەکان و بەتایبەت مامۆستایان، بە گەورەترین بەربەستی سیستمی پەروەردە دادەنرێت.

• ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر پڕۆگرامەکانی ژان پیاژێ و تیۆری مەعریفی، کە ئەندازەی کاریگەری دەگاتە (3.0) (Hattie, 2016)[57]. تیۆرییەکانی پیاژێ ماوەی ٨٠ ساڵە پەروەردەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ڕەنگڕێژ کردووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوین (Piaget, 1976)[58]، (Piaget, 1972)، (Piaget, 2013)[59][60]. ئەمڕۆ ٤٠ ساڵ بەسەر مردنی "پیاژێ"دا تێپەڕ دەبێت، بەڵام لە کوردستاندا یەک کتێبی پیاژێمان بە کوردی نییە و تەنها یەک لێکۆڵینەوەی

زانستییشمان بە کوردی لەسەر کارەکانی ئەو هەیە (سەعید، ٢٠١٥)[61].

• داخستنی خانە و پەیمانگەکانی مامۆستایان و دامەزراندنی چوار پەیمانگەی گەشەپێدان و ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان، یەکێک بوو لە بڕیارە هەرە باشەکانی وەزارەت (2007-2009) لە کابینەی پێنجەمدا، بەڵام بەداخەوە ئەو زانستانەی لەوێدا بەکار دەبرێن؛ زۆر کۆنن و ئاستی زانستیی مامۆستاکانیش نزمە، بۆیە دەبێ زانستەکان تازە بکرێنەوە لە ڕێگەی وەرگێڕانی پڕۆگرامی نوێ و بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستاکانیش گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا بێت[62].

• گۆڕینی پڕۆگرامی ئایین بۆ ئاییناسی، واتە هەموو خوێندکاران هەمان کتێب دەخوێنن و لەو کتێبانەشدا باسی هەموو ئایینەکان دەبێ بکرێت، بەم پێیە نابێت بەخشین لە وانەی ئاییندا بمێنێت. لەو کتێبانەشدا توێژینەوەکە پێشنیاز دەکات مێژووی ئایینەکان، بنەما سەرەکییەکان، فەرز و ڕەسم و نەریتەکان، ژیانی پێغەمبەرەکان... هتد؛ بخوێنرێت، بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات دەقی کتێبە پیرۆزەکان دابنرێت، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ پڕۆگرامەکانی ئایین لە وڵاتە پێشکەوتووەکان.

• پاکنووسکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن لە هەڵەکانی ڕێنووس و داڕشتن، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بە کوردییەکی دروست بنووسن. هەروەها کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ تەواوی کادیرە پەروەردەییەکان و بەتایبەت مامۆستایان. لەبەر ئەوەی ڕێنووس ڕێسای خۆی هەیە، بۆیە چاککردنی هەڵەی پڕۆگرامەکان کارێکی سەخت نییە و بە کادیرە ناوخۆییەکانی خۆمان دەکرێت.

• چالاککردنی ڕاسپاردەیەکی کۆنگرەی پەروەردەیی ساڵی ٢٠١٥ بە ناوی "توێژینەوە و دیراسات"، کە کاری ئەوەیە توێژینەوەی زانستی ئامادە بکات (و. پ، ٢٠١٥)[63]. لەبەر ئەوەی وەزارەتی پەروەردە پشت بە توێژینەوەی زانستی نابەستێت، بۆیە زۆر جار پڕۆگرامێکی هەڵە پیادە دەکات و زیان بە خوێندکاران دەگەیەنێت، بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە لە ٢٠١٦دا بابەتی بیرکاری و زانستەکانی کرد بە ئینگلیزی و لە ٢٠١٩دا وەزارەتێکی دیکە پڕۆگرامەکەی کردەوە بە کوردی، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لەو دوو وەزارەتە پشت بە هیچ توێژینەوەیەکی زانستی ببەستن. پێوەرێکی زانستی بە ناوی "ئەندازەی کاریگەری " لە چوارچێوەی توێژینەوە زانستییە جیهانییەکاندا بەکار دێت، بۆ ئەوەی گرنگیی پڕۆگرامێکی دیاریکراو دیاری بکرێت. وەزارەتی پەروەردە پێویستییەکی زۆری بە دامەزراندنی ئەم بەشە هەیە، بۆ ئەوەی توێژینەوە دەربارەی کێشەکانی پەروەردە ئامادە بکات.

• لەبەر ئەوەی مامۆستاکان، توێژەرەکان و کۆلێژەکانی پەروەردەش بەدەگمەن زانستی

نوێ و کتێبی پەروەردەیی هاوچەرخیان دەست دەکەوێت و بەم شێوەیە ناتوانن خۆیان پێبگەیەنن، بۆیە زۆر بە گرنگی دەزانین وەزارەتی پەروەردە بەشێک لەو دامەزراوەیەی سەرەوە بکاتەوە بۆ وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێب و توێژینەوەی زانستیی هاوچەرخ لە زمانە ئەوروپییەکانەوە. بەم شێوەیە کادیرەکان دەتوانن خۆیان پێبگەیەنن، زانکۆکانیش دەتوانن پڕۆگرامێکی هاوچەرخیان هەبێت.

• بەپێی توێژینەوەکان (سەعید، 2006)[65] و ڕووپێوییەکان کە لە هەرێم ئامادە کراون (منداڵپارێزی کوردستان، 2014)[66]، ڕێژەی هەراسانکردنی خوێندکاران لەلایەن خودی خوێندکاران و مامۆستایانیشەوە لە هەڵکشاندایە. هەراسانکردن جەستەیی، دەروونی، سێکسی و ئەلیکترۆنی لە پارێزگاکانی هەرێمدا لە ئاستێکی زۆر مەترسیداردایە و وەزارەتی پەروەردە تا ئێستاش هیچ بەرنامەیەک و پڕۆگرامێکی نووسراوی بۆ بەربەستکردنی ئەو دیاردە ترسناکە نییە. چەندین پڕۆگرامی باش و کارناسی شارەزا لە جیهاندا هەن کە کار لەم بوارەدا دەکەن و وەزارەتی پەروەردە پێویستە کاریان لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی ئازار و نەخۆشییە دەروونییەکانی خوێندکاران کەم ببێتەوە.

• توێژەرەکان یان بەشی کۆمەڵناسی یان دەروونناسییان خوێندووە و هیچ یەکێک لەم دوو بەشە خوێندکارانی زانکۆ ئامادە ناکات بۆ ئەوەی وەکوو توێژەری کۆمەڵایەتی کار بکەن. بۆیە لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی توێژەرەکاندا، توێژینەوەکە پێشنیاز دەکات بەشێکی نوێ لە زانکۆکاندا بۆ ئەم مەبەستە بکرێتەوە یان گۆڕانکاری لە بەشی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی ئێستادا بکرێت، بۆ ئەوەی توێژەرەکان لەوێدا دەست بە خوێندن بکەن.

• (30٪)ی خوێندنگەکان کە یەک دەوامیان تێدا دەکرێت، بۆیە پێشنیاز دەکەین 2 کاتژمێر دەوام بۆ پۆلەکانی 12-4 لەو خوێندنگەکانەدا درێژ بکرێتەوە، بە مەرجێک شایستە داراییەکانی مامۆستایان بەرز بکرێتەوە.

## ئەنجام

توێژینەوەکە پێی وایە کێشە و گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگە تا دێت زیاد دەکەن و وەزارەتی پەروەردەش لە هەموو کابینەکاندا لەبەر کۆمەڵێک هۆکار نەیتوانیوە چارەسەری ئەو گرفتانە بکات. بەشێک لە هۆکارەکان پەیوەندییان بەوەوە هەیە کە پەروەردە تا ئێستا کاری لەپێشینەی حکومەتەکان نەبووە، وەزارەتەکان کارناسی پسۆڕیان نەبووە کە شارەزاییەکی باشیان لە پەروەردەی ڕۆژئاوایی هەبێت، زانستی تازەیان لەبەر دەستدا نەبووە، هەمان کادیری پەروەردەیی وەزارەتەکانیان بەڕێوە بردووە...

هتد، کۆی ئەم کارانەش وای کردووە کە تووشی هەمان هەڵە ببنەوە. توێژینەوەکە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات هیچ کابینەیەک نەیتوانیوە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سیستمی پەروەردەدا بکات و ئاستی کارایی خوێندکاران و مامۆستایانیش باتە سەرەوە.

بۆ دروستکردنی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سیستمی پەروەردەدا، توێژینەوەکە کۆمەڵێک پێشنیازی خستووەتە ڕوو کە پێویستیان بە هاوکاریی زانکۆ و ڕێکخراوە ڕۆژاواییەکان هەیە. یەکێک لە کاری ئەو ناوەندانە، پەرەپێدانە بە توانای کادیرە ناوخۆییەکان لەسەر بنەمای زانستی هاوچەرخ و میتۆدی هاوچەرخی کارکردن. توێژینەوەکە نەیتوانی هیچ سەرچاوە و دۆکیۆمێنتێکی بڵاوکراوە ببینێتەوە کە مژدەی ئەو جۆرە گۆڕانکارییە گەورەیەی تێدا بێت.

سەرچاوەکان:

(1) ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان (١٩٩٢): یاسای وەزارەتی پەروەردە، ژمارە ٤ ساڵی ١٩٩٢. بڕوانە ماڵپەڕی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەشی یاساکان، ساڵی ١٩٩٢، https://www.parliament.krd/media/3919/، (بەردەستە:٢٠٢٠/١٠/١٠).

(2) بۆ نموونە هەموارکردنەوەی یەکەم، یاسای ژمارە ١٧، ساڵی ٢٠٠٠، هەموارکردنەوەی دووەم، یاسای ژمارە ١٥، ساڵی ٢٠٠٧ و هەموارکردنەوەی سێیەم، یاسای ژمارە ٢٧، ساڵی ٢٠٠٧. وەزارەتی پەروەردەی ئێستا (٢٠٢٠)، کار لەسەر هەموارکردنەوەی چوارەم دەکات.

(3) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٢٠): ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە، دەربارەی وەزارەت، وەزیر، وەزیارەکانی پێشوو، https://moe-krg.com/Default?page=Page&c=previous-ministers، (بەردەستە:٢٠٢٠/١٠/١٠).

(4) بڕوانە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی لیستی ١١٠، ساڵی ٢٠١٤.

(5) وەزارەتی پەروەردە (١٩٩٢): بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی یەکەم، ئیدارەی سلێمانی.

(6) وەزارەتی پەروەردە (١٩٩٧): یەکەم کۆنفرانسی پەروەردەیی.

(7) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠١): کۆنفرانسی سێیەمی پەروەردەیی.

(8) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠١ ب): کۆنگرەی پەروەردەیی سێیەم، ئیدارەی سلێمانی.

(9) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٧): پێشنیار و ڕاسپاردەکان بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی (کۆنگرەی چوارەم)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(10) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٧ ب): بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی (کۆنگرەی چوارەم)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(11) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٧ پ): ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی ٢٠٠٧ (کۆنگرەی چوارەم)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(12) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٩): سیستمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان، سیستمی خوێندنگە ئامادەییەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(13) ناوزەدکردنی پۆلەکانی قۆناغی ئامادەیی بە پۆلەکانی (١٠-١٢) هەڵەیە و دروستەکەی ئەوەیە بڵێین پۆلی (١-٣) ئامادەیی، چونکە ئێمە یەک خوێندنگەمان نییە، بەڵکوو بەپێی یاسای دوو؛ خوێندنگەمان هەیە (بنەڕەتی و ئامادەیی) و هەر خوێندنگەیەک دەبێ لە پۆلی یەکەوە دەست پێ بکات.

(14) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٨): پڕۆژەی گۆڕینی پەروەردە و فێرکردن، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(15) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٧): پێشنیار و ڕاسپاردەکان بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی (کۆنگرەی چوارەم)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(16) وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٧): چالاکی و پڕۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکوو کابینەی هەشتەم، وەزارەتی پەروەردە.

(17) وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٥): ڕاپۆرتەکانی

ئامادەکراو بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی ٩ تا ئایاری ٢٠١٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(18) کۆی ئەو ئامارانەی لە خشتەکاندا بەکارمان هێناون، ئامار و داتای خاوی فەرمیی وەزارەتی پەروەردەن. هەر چی ڕێژەکان، تێکڕاکان و دەرئەنجامەکانە، خۆمان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئامارە خاوانەدا نووسیومانە و هەر خۆشمان لە ڕاستی و دروستییان بەرپرسیارین. لە چەند شوێنێکی زۆر کەم و پێویستدا نەبێت، ئیدی هەموو ئەنجامەکانمان نزیک کردووەتەوە بۆ ژمارەی تەواو. کۆی ئەو ئامارانەمان لە شێوەی کتێب و فایلی دیجیتاڵی لە وەزارەتی پەروەردە وەرگرتووە.

(19) وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٧ ب): ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری پەروەردەیی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠١٦-٢٠١٧)، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانانی پەروەردەیی/ بەڕێوەبەرایەتیی ئامار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(20) M o E (2016): Annual Education Static Report for 2015-2016. General Director of Educational Planning. Ministry of Educations publisher.

(21) وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٥ ب): ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری پەروەردەیی ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥)، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانانی پەروەردەیی/ بەڕێوەبەرایەتیی ئامار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(22) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٧ پ): ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی ٢٠٠٧ (کۆنگرەی چوارەم)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(23) سەعید ف (٢٠١٩): دیداکتیک: مۆدێل و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە، ناوەندی غەزەلنووس.

(24) Hattie, J (2016): Synligt lärande för lärare. Natur & kultur.

(25) Hattie J (2014): Synligt lärande. Natur & kultur.

(26) Harpp D (1994): Special Problems of Big Classes: Some Common Sense Solutions. Journal of Chemical Education 71(8)

(27) Kewaza S & Welch M (2013): Big Class Size Challenges: Teaching Reading in Primary Classes in Kampala, Uganda's Central Municipality.US-China Education Review A, 3(5): 283-296.

(28) وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٧): چالاکی و پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکوو کابینەی هەشتەم، وەزارەتی پەروەردە.

(29) پەی (٢٠١٩): پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی پەروەردە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٤-٢٠١٨)، ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان.

(30) وەزارەتی پەروەردە (و. پ، ٢٠١٥ ب): ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری پەروەردەیی ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥)، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانانی پەروەردەیی/ بەڕێوەبەرایەتیی ئامار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(31) بەپێی ئامارەکان یەک خوێندنگەی فەڕەنسی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا دوو خوێندنگە لە هەولێر و سلێمانی هەیە.

(32) بەشێک لەم داتایانەی لە ماڵپەری وەزارەتی پەروەردەدا هەیە، لە ڕووی تەکنیکییەوە باش ڕێک نەخراون و لە هەندێک شوێندا هەڵەیان تێدا کراوە. هەروەها لەو شوێنانەی پێویستیان بە پێناسەکردن هەیە، پێناسەکان دانەنراون، ئەمەش توێژەر ماندوو دەکات.

(33) وەزارەتی پەروەردە (٢٠٢٠): ڕێژەی دەرچووان لە بەشداربووان و ئەزموونەدەران و بەشداربووانی فیعلی بۆ قۆناغی ئامادەیی (بەشی زانستی/وێژەیی)، ساڵانی خوێندنی (٢٠٠٠-٢٠١٢). ماڵپەری وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٢٠/٩/٢٨). ئەم دۆکیۆمێنتە لە ناوەرۆکدا تەنها باسی بەشی زانستی دەکات. https://moe-krg.com/Default?page=table&c=statistics.

(34) زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی ١٢، ساڵی ٢٠١٩.

(35) بڕوانە فەرمانی وەزاریی ژمارە (٢٨٨٦) لە ٢٠٢٠/٢/١٢. ئەم فەرمانە لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەزارەتی پەروەردە، ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ و یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان، ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ دەرکراوە.

(36) وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٣): ڕێنماییەکانی تایبەت بە ئەزموونەکان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەزموونەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(37) وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٧): چالاکی و پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو کابینەی هەشتەم. وەزارەتی پەروەردە.

(38) Vygotsky L (1978): Mind in Society; The Development of Higher Psychological Processes. Harvard

University.

(39) Piaget J (2010): The Psychology of Intelligence. Routledge.

(40) Lundgren et al. (2014): Lärande, skola och Bildning. Natur & kultur.

(41) Nottingham et al.(2019): Utmanande Dialog; Fördjupa dina elevers kunskap och förståelse. Natur & kultur.

(42) Vygotsky L (1978): Mind in Society; The Development of Higher Psychological Processes. Harvard University.

(43) Vygotskij L (2007): Tänkande och språk. Daidalos.

(44) قانع ه و (٢٠١٣): بۆ مێژوو، وەزارەتی پەروەردە و کارەساتی وەرگێڕان و شێواندنی زمان و وێرانکردنی زانست، چاپخانەی یاد.

(45) وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٩): ڕێبەری بەڕێوەبەرانی سەرکردە: بنیادنانی تواناکان لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی، باشترکردنی کوالێتی و یەکسانی، وەزارەتی پەروەردە.

(46) حکوومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٢٠): ڤایرۆسی کۆرونا (کۆڤید ١٩). داشبورد (٢٠٢٠/٩/٦).

https://gov.krd/coronavirus

(47) ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان (٢٠١٤): پرۆژەیاسای پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، ژمارە ٩٧٠، ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣، پرۆژەیاسای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمان.

(48) ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان (ب ٢٠١٤): پرۆژەیاسای پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٤٥١٤/١٠٣، ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/١٢، پرۆژەیاسای لیستی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان.

(49) Curriculum

(50) Linde G (2012): Det ska ni veta: en introduktion till läroplansteori. Studentlitteratur.

(51) ئەندازەی کاریگەری بریتییە لە پێوەرێکی زانستی ماتماتیکی کە ڕادەی کاریگەریی فاکتەرێکی دیاریکراو دەپێوێت لەسەر بەرزکردنەوەی یان داگرتنی کارایی و ئاستی خوێندکار. ئاستی مامناوەندی ئەندازەی کاریگەری بریتییە لە (0.40)، هەر فاکتەرێک لەو ژمارەیە بەرزتر بێت، واتە کاریگەرییەکی باشی هەیە، هەروەها کەمتر لە (0.12)، واتە هیچ کاریگەرییەکی نییە و ژمارەکانی خوا سفر زیانیان بۆ خوێندکار هەیە.

(52) Hattie J (2014): Synligt lärande. Natur & kultur.

(53) لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی ئێمە دەربارەی گرنگیی فیدباک و زیانەکانی ستایشکردن و خەڵاتکردن لە خوێندنگەکاندا، کاری نووسینی تەواو بووە و ساڵی ئاینده بڵاو دەبێتەوە.

(54) Hattie, J (2016): Synligt lärande för lärare. Natur & kultur.

(55) Hattie J & Clarcke S (2019): Feedback; så återkopplar du i klassrummet. Natur & kultur.

(56) Hattie J & Zierer K (2019): 10 förhållningssätt för framgångsrik undervisning. Natur & kultur.

(57) Hattie, J (2016): Synligt lärande för lärare. Natur & kultur.

(58) Piaget J (1976): Framtida skolan: att förstå är att upptäcka. Forum.

(59) Piaget J (1972): Psykologi och undervisning. Aldus/Bonniers.

(2) Piaget J (2013): Barnets själsliga utveckling. Studentlitteratur.

(61) سەعید ف (٢٠١٥): ستروکتوورەکانی بیرکردنەوە و گەشەسەندنی مەعریفیی منداڵان، ناوەندی غەزەلنووس.

(62) ئێمە یەکەم کەس بووین کە داوای داخستنی خانە و پەیمانگەی مامۆستایانمان کرد، بەڵام ئەوکات ئێمە داوای ئەوەمان کرد کە مامۆستاکان دوو ساڵ لە زانکۆکاندا بخوێنن بۆ ئەوەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست بێنن.

(63) وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٥): ڕاپۆرتەکانی ئامادەکراو بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی ٩ تا ئایاری ٢٠١٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(64) Effect Size

(65) سەعید ف (٢٠٠٦): هەراسانکردنی منداڵ لەنێوان ماڵ و قوتابخانەدا، دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس.

(66) منداڵپارێزی کوردستان (٢٠١٤): ڕووپێویی قەبارەی توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن بەرامبەر بە منداڵ لە هەرێمی کوردستان.

# خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئاڵنگارییەکانی جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستان



بەرهەم ستار عەبدولڕەحمان/ توێژەری بواری پەروەردە



**بەرایی**

خوێندنی ئەلیکترۆنی بەو خوێندنە دەوترێت کە مامۆستا بە شێوەی بنچینەیی یان تەواوەتی، وانەکانی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەڵێتەوە و کۆی گشتیی وانەکان بەردەستن و خوێندکار دەتوانێت لە هەر شوێنێک بێت بگەڕێتەوە بۆیان و وانەکان بخوێنێت. بە واتایەکی تر: بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ خزمەتی فێربوون/فێرکردن، کە دەشێت هەموو قۆناغەکانی خوێندن بگرێتەوە، لە بنەڕەتییەوە بۆ خوێندنی باڵا. لە ڕێگەی خوێندنی ئەلیکترۆنییەوە، پەروەردەکردن پشت بە پتر لە ڕێگا یان ئامێرێکی تەکنەلۆجی دەبەستێت بۆ ناردنی پەیامی پەروەردەیی لەلایەن مامۆستاوە بۆ خوێندکاران کە بە جەستە لە یەکترەوە دوورن. لەم شێوازە خوێندنەدا، پێویستە مامۆستا بەباشی شارەزای ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیا ببێت، سەرەڕای شارەزایی لە بابەتەکەی خۆی. خوێندنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان لەدوای دەرکەوتن و بڵاوەبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بووەتە بابەتێکی جێی مشتومڕی سێکتەرەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و سەرەڕای بیروڕا جیاوازەکان سەبارەت بە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی و زەمینەکانی جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام پێدەچێت بە هۆی تەشەنەسەندنی زیاتری ڤایرۆسەکە، وەك جێگرەوە و چارەسەرێك بۆ بەردەوامیی پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان لێی بڕوانرێت. لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵ دەدرێت تیشک بخرێتە سەر دۆخی پەروەردە لە سەردەمی کۆرۆنادا لە هەرێمی کوردستانی عێراق و گرنگترین ئەو ئالنگارییانە بخرێنە ڕوو کە لە کاتی جێبەجێکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنیدا دەشێت بێنە پێش. توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیەکی پەسنی (الوصفي)یە و توێژەر ڕەهەندەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی و ڕێکاری چەند وڵاتێک دەخاتە ڕوو. لە کۆتاییدا چەند ڕاسپاردەیەک پێشکەش دەکات، کە بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان پێویستن و زۆر گرفتی پەروەردە و خوێندنی باڵا چارە دەکەن.

**زەمینە**

بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە مانگی ئابی 2020دا بڵاو کراوەتەوە، بە ناونیشانی ”Policy Brief: Education during COVID-19 and beyond“، پەتای کۆرۆنا بە شێوەیەکی خراپ کاریگەریی کردووەتە سەر کۆی پرۆسەی پەروەردە کە لە مێژوودا شتی وا دەگمەنە، چونکە زیاد لە 190 وڵات و بە نزیکەیی 1،6 بلیۆن خوێندکار لە هەموو کیشوەرەکان زەرەرمەند بوون. داخستنی قوتابخانە و خوێندنگە و ناوەندەکانی خوێندن، کاریگەریی نەرێیی کردووەتە سەر 94%ی کۆی خوێندکارانی سەر زەوی، بەڵام لە وڵاتە هەژارەکاندا ڕێژەکە بۆ 99% بەرز دەبێتەوە[1].

جیاواز لە وڵاتانی تر، بەپێی وێبسایتی "EUROPEAN DATA PORTAL"، لە وڵاتی سوێد خوێندنگە سەرەتاییەکان دانەخران، هەروەها لە هەردوو وڵاتی نۆرویژ و بەلژیکا هەندێک لە خوێندنگەکان کراوە بوون بۆ منداڵی ئەو دایك و باوکانەی لە سێکتەرە سەرەکییەکان کار دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، زۆربەی وڵاتان ڕوویان کردووەتە خوێندنی ئەلیکترۆنی، بەتایبەت لە سەردەمی کۆرۆنادا، هەروەها لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە پاڵپشتی دەکرێت کە تێیدا بانکەکە بەپێی سیستم و ژینگەی وڵاتەکە پێوەر دادەنێت[2].

لە سەرانسەری دنیادا خوێندنی ئەلیکترۆنی هەیە و بەزۆری پشت بە ئینتەرنێت دەبەستێت و بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن بەکار دێت. لەگەڵ هاتنی ساڵی 2020، بەتایبەتی ئەو دەمەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە هەڕەشە بۆ سەر ژیان، هانابردن بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی زۆر زیاتر بووە و زۆرینەی وڵاتان، بە پێشکەوتوو و دواکەوتووەوە، لە هەوڵی دابینکردنی باشترین ئامێر و هێڵی ئینتەرنێتن بە مەبەستی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. ئەم پەنا بۆ تەکنەلۆجیا بردنە، بۆ هەندێک وڵات ئاسانە کە پێشتر زەمینەسازیی کردووە یاخود پێشتر ژێرخانێکی باشی هەبووە، بۆ هەندێک وڵاتی تریش نەهامەتییەکی ترە کە هیچی وای لە خودی ڤایرۆسی کۆرۆنا کەمتر نییە.

لە هەرێمی کوردستان، لەپاش هاتنی شەپۆلی یەکەمی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاریان دا کە پشت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی ببەسترێت تا زیانی پەتای کۆرۆنا کەم بکرێتەوە. هەر چەندە چەند ساڵێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین قەیران بووەتەوە و تا ئێستا نەیتوانیوە شایستە داراییەکانی فەرمانبەرانی خۆی بدات و چەندین چەمکی وەکوو "پاشکەوت" و "لێبڕین" هاتووەتەوە ناو فەرهەنگی مووچە دابەشکردنەوە. لێرەوە دەکرێت ئەوە بوترێت ئەگەر پەتای کۆرۆنا بۆ وڵاتانی دی بەڵایەک بێت، بۆ هەرێمی کوردستان بووەتە دوو بەڵا، چونکە تا ئێستا دەوامی فەرمانبەران ئاسایی نەبووەتەوە، بە هەردوو هۆکاری نەدانی مووچە و پەتای کۆرۆنا.

**ناساندنی خوێندنی ئەلیکترۆنی**

لە فەرهەنگی پەروەردە و فێرکردندا، خوێندنی ئەلیکترۆنی بە چەندین ناوی جیاجیا هاتووە کە هەموویان جەخت لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێت دەکەنەوە، بۆ نموونە: خوێندنی گریمانەیی، خوێندنی سەر ئینتەرنێت، خوێندنی ئەلیکترۆنی، خوێندن لە دوورەوە، خوێندنی دەرەوەی پۆل... و هتد. لەم توێژینەوەیەدا، چەمکی خوێندنی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنرێت.

خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکە تێیدا پرۆگرامی خوێندن و وانەکان و وانەوتنەوە

هەمووی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبێت، واتە خوێندکار و مامۆستا لە پۆلدا نابن. خوێندنی ئەلیکترۆنی شێوازێکی خوێندنە لە دوورەوە و ئەم شێواز و ڕێگا فێرکارییانە لەخۆ ناگرێت: خوێندن لە ڕێگەی بابەت و پرۆگرامی پرنتکراو و پەرتووکەوە، پەخشی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، ڤیدیۆی فێرکاری، پرۆگرامی کۆمپیوتەر، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەست نین بە ئینتەرنێتەوە، بەمەش هەر ڕێگا و شێوازێک بە هۆی ئینتەرنێتەوە نەبێت؛ بە خوێندنی ئەلیکترۆنی دانانرێت[3].

پاڵپشت بەم بۆچوونەی سەرەوە، ئەو ڕێگایەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتوویەتیە بەر، ناچێتە چوارچێوەی پێناسەی خوێندنی ئەلیکترۆنییەوە، بەڵکوو تەنها ڕێکارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەو چوارچێوەیەدان.

لە دەیەی ڕابردوودا خوێندنی ئەلیکترۆنی گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە خوێندکار و مامۆستا دەتوانن لە "هەر شوێنێک و هەر کاتێك" وانە بخوێنن/بڵێنەوە و پرۆسەی پەروەردە بەردەوام بێت. کەواتە خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکی نوێیە، چونکە ئەو شێوازە کۆنە پەیڕەو ناکرێت کە ساڵانێکە مامۆستا و خوێندکار لە پۆلدا و ڕووبەڕوو بوون و پەرتووک و دەفتەر و پێنووس لەبەر دەستی مامۆستا و خوێندکاردا بوون[4].

گرنگە ئاماژە بە ڕاستییەکی مێژوویی بدرێت کە خوێندن لە دوورەوە چەمکێکی نوێ نییە، لە کۆتایی (1800)ەکان، واتە کۆتایی سەدەی نۆزدە، زانکۆی چیکاگۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەمین بەرنامەی خوێندن لە دوورەوەی جێبەجێ کرد کە مامۆستا و خوێندکار لە چەندین شوێنی جیاواز بوون و لە ڕێی نامەوە وانەکان دەخوێنران. پێش ئەو سەردەمە، لە زۆرێک لە وڵاتانی دی، بۆ نموونە لە ئەورووپای پێش شۆڕشی پیشەسازی، خوێندن تایبەت بوو بە ڕەگەزی نێر، بەتایبەتی لە گەیشتن بە ئاستە باڵاکانی خوێندن. بەر لەوەی مامۆستا و پەروەردەکار "ویڵیەم ڕەینی هارپە" لە ساڵی 1890 جێگرەوە بۆ خوێندنی ناو پۆل دابنێت، هەوڵی تر بەدی نەکراوە و خوێندکاران و مامۆستایان تەنها لەناو پۆل بوون و وانەکان دەخوێنران. ویڵیەم ڕەینی هارپە ئەو جۆرەی خوێندنی هێنایە بوون تا هەل بە چەندین کەس بدرێت بخوێنن، چونکە زۆرێک لە خەڵك نەیاندەتوانی پارەی خوێندن و مانەوە دابین بکەن[5].

### چەند بەرنامە و وێبسایتێکی فێرکاری

پاش بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، وەکوو چارەیەک بۆ ئەو قەیرانانەی بواری پەروەردە و فێرکردن بۆی دروست بوو، ڕێکخراوی یونسکۆ، لە ماڵپەڕی فەرمی، ژمارەیەک بەرنامە و سەکۆ و سەرچاوەی داناوە کە

دەکرێت دامەزراوە پەروەردەییەکان لە سەرانسەری جیهاندا سوودی لێ ببینن. سەرەڕای ئەمەش، مامۆستایان و خوێندکاران و دایك و باوکی خوێندکاران سوودمەند دەبن لێیان، بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ فێربوون لە کاتی نەبوونی خوێندنگەدا. بەشێکی زۆری ئەو بەرنامە و سەکۆیانە بەخۆڕایین و بەکارهێنەر هیچ بڕە پارەیەک نادات و بە چەند زمانێکی جیاواز بەردەستن. لێرەدا بە کورتی ئەو بەرنامە و سەکۆیانە دەخرێنە ڕوو، کە دەکرێت هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خوێندنی سەردەمی کۆرۆنا سوودیان لێ ببینن. ئەو بەرنامانەی بۆ بەڕێوەبردنی فێربوونی دیجیتاڵی هەن، بریتین لە:

CenturyTech، ClassDojo، Edmodo، Edraak، EkStep، Google Classroom، Moodle، Nafham ،Paper Airplanes، See-saw، Skooler، Schoology.

هەروەها چەند بەرنامە و سیستمێکی تر هەن تایبەتن بە مۆبایل و بە هەمان شێوە بۆ پەروەردە و فێرکردن بەسوودن، لەوانەش: KaiOS، Cell-Ed، Eneza Education، Funzi، Ubongo، Ustad Mobile. بەشێك لەم بەرنامانە بەبێ ئینتەرنێتیش کار دەکەن و لە هەندێکی تریشدا خوێندکار چەقی فێربوونە. سەرەڕای ئەمە، بەرنامەی "Ko-libri" کە پاڵپشتیی خوێندنی دەکات؛ بە 20 زمان بەردەستە و بە شێوەیەکی کارا بێ ئینتەرنێت کار دەکات. هەروەها هەردوو بەرنامە و کەرەستەی پەروەردەیی "Rum-ie" و "Ustad Mobile" پێویستیان بە ئینتەرنێتی بەردەوام نییە و بەبێ ئینتەرنێت کار دەکەن. لێرەدا دەکرێت خوێندنگە و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان سوود لەم بەرنامانە وەربگرن، یان بە لایەنی کەمەوە ئاسانکاری بکرێت لەلایەن حکومەتەوە بۆ تاقیکردنەوەی چەند بەرنامەیەک، تا بزانرێت کامیان لەگەڵ ژینگەی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان یەک دەگرنەوە، چونکە مەرج نییە هەموو بەرنامەکان هەمان کاریگەری و سوودیان هەبێت.

جگە لە بەرنامە یان سیستم، چەند سەکۆیەکی تایبەت بە خولی ڕاهێنان هەن کە بە "MOOC" و پێوستیان بە ئینتەرنێتە، گشت خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران دەتوانن بەشدار بن، واتە هەموو کەسێک دەتوانێت بەشدار بێت و ئەوەی پێویست بێت تەنها بوونی ئیمێڵێکە بە مەبەستی کردنەوەی هەژماری تایبەتی، تا کەسەکە بەشداریی یەکێک لە خولەکان بکات. گرنگترین ئەو سەکۆیانە بریتیین لە:

Canvas، Coursera، European Schoolnet Academy، Alison، EdX، iCourse، Future Learn، Icourses، Ude-

.my ، XuetangX ،TED-Ed Earth School

ئەم خولانە تەنها تایبەت نین بە بوارێکی زانستی یان پەروەردەیی، بەڵکوو هەموو بابەتێکیان تێدایە، بۆ نموونە خولی ڕاهێنان هەیە تایبەتە بە بواری ژینگە، یان فێربوونی زمان، یان مێژوو، یان کولتوور و... هتد.

هەندێک بەرنامە و وێبسایتی تر هەن لە خوێندنی خودی سوودیان هەیە، واتە کەسەکە دەتوانێت بێ بوونی مامۆستا سوود لەم بەرنامانە وەربگرێت و تەنها بە دابەزاندنی بەرنامەکە یان بوونی ئینتەرنێت؛ دەتوانێت دەست بە خوێندن بکات و فێر ببێت. ئەم بەرنامانە بۆ خوێندنەوە و نووسین و قسەکردن و گوێگرتن سوودیان هەیە و دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا سوودیان لێ وەبگیرێت. بەشیکی ئەم بەرنامە و پرۆگرامانە چەندین وانەی خۆڕایی و هەمەجۆر و پسپۆڕیی جیاوازیان تێدایە و دەتوانرێت بەباشی سوودیان لێ ببینرێت، چونکە بۆ هەردوو زانستی مرۆیی و پراکتیکی سوودیان هەیە و سەدان وانەی تۆمارکراو و ڕاهێنانیان تێدایە. لای خوارەوە بەشێکی ئەو بەرنامە و پرۆگرام و وێبسایتانە خراونەتە ڕوو:

ABRA، Code.org، British Council، Byju's، Code It، Code Week،Discovery Education، Duolingo، Edraak، Facebook Get Digital، Feed the Monster، Khan Academy، KitKit School، Madrasa، Mindspark، Music Crab، OneCourse، Profuturo، Polyup، Quizlet، Siyavula، SDG Academy Library، Smart History، Geekie، YouTube.

سەرەڕای هەموو ئەو بەرنامە و پرۆگرام و وێبسایتانەی خراونەتە ڕوو، چەند بەرنامە و وێبسایتێک هەن کە لە بواری فێرکردن بە "سەکۆی هاریکاری کە پاڵپشتیی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیی ڤیدیۆیی دەکات" ناسراون. دەکرێت لە هەرێمی کوردستان، زۆر جار، بەتایبەتی بۆ خوێندنی زانکۆیی سوود لەم سەکۆیانە ببینرێت:

Lark، Dingtalk، Hangouts Meet، Teams، Skype، WeChat Work، WhatsApp، Zoom.

گرنگە ئاماژە بەو کەرەستانە بدرێت کە دەشێت مامۆستایان سوودیان لێ ببینن بۆ دروستکردنی ناواخنی فێربوونی دیجیتاڵی، واتە مامۆستا دەتوانێت لە ڕێی ئەم بەرنامە و وێبسایتانەوە وانە ئامادە بکات کە چەندین وێنە و ڤیدیۆ و بابەتی جیاواز لەخۆ بگرێت. بەگشتی دەشێت مامۆستا سوود لەمانە وەربگرێت:

Thinglink، Buncee، EdPuzzle، EduCaixa، Kaltura، Nearpod، Squigl، Pear Deck، Trello[6].

**سیناریۆی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە چەند وڵاتێک**

لە سەردەمی کۆرۆنادا، لە وڵاتانی ئەوروپایی، دایك و باوك و خوێندکاران و مامۆستایان لە هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی هاتووەتە پێشەوە. لێرەدا دوو گرفتی سەرەکی هەن: یەکەمیان ئەگەر خوێندن لە خوێندنگەکان بێت، دەبێت دەوڵەت بەوریاییەوە ئاگاداری پاکوخاوێنی و پاراستنی دووریی نێوان کەسەکان بێت. بەدینەهێنانی ئەم خاڵە، ڕەنگە کار بکاتە سەر لایەنی دەروونیی دایك و باوك و منداڵەکانیان و بێبەشبوونی خوێندنی لێ بکەوێتەوە. دووهەمین گرفت تەنها پەیوەست نییە بە خۆگونجاندن لەگەڵ خوێندنی ئەلیکترۆنی، بەڵکوو پەیوەستە بە چۆنێتیی پاراستنی داتای تایبەت بە کەسێتیی خوێندکار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی[7].

هەروەک لە وێبسایتی "the World Bank" دانراوە، هەر وڵاتێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا ڕێکاری تایبەت بە خۆی گرتووەتە بەر و هەوڵی داوە بە باشترین شێوە بگونجێت لەگەڵ دۆخی پەروەردە و فێرکردنی وڵات. هەر بۆ ئەم مەبەستە، ڕیوشوێنەکانی 71 وڵاتی خستووەتە ڕوو، کە تێیدا وردەکاریی هەنگاونان بۆ پەروەردە و فێرکردن لە سەردەمی کۆرۆنادا باس کراوە. لەم توێژینەوەیەدا 5 وڵات وەکوو نموونە وەردەگیرێت، تا بزانرێت چۆن وڵاتان تەکنەلۆجیا بۆ خزمەت پەروەردە بەکار دەهێنن وەکوو ڕووبەڕووبوونەوەیەک بۆ پەتای کۆرۆنا[8]. هەروەها کام هەنگاوەیان گونجاوە بۆ ژینگەی هەرێمی کوردستان، تا وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕەچاوی بکەن.

**هیندستان**

لە وڵاتێکی وەکوو هیندستان، بە هۆی کۆرۆنا و داخستنی خوێندگەکانەوە، 320 ملیۆن خوێندکار زەرەرمەند بوون، هەر چەندە حکومەتی ئەو وڵاتە دەستبەجێ داوای بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنیی کرد تا ڕێ لە کارەساتی فەوتانی خوێندن بگرێت[9]. بەپێی ڕاپۆرتی ژمارە 75ی "National Sample Survey Office" بۆ ساڵی 2017-2018، تەنها لە 23.8% خێزانی هیندستانی دەستی بە ئینتەرنێت ڕادەگات، بە شێوەیەک کە لە ناوچە لادێنشینەکان تەنها 14.9% و شارنشینیش 42% لەم خزمەتگوزارییە سوودمەندن، بەڵام گرفتەکە هەر ئەوەندە نییە، بوونی ئینتەرنێت و دەستپێڕاگەیشتنی واتای ئەوە ناگەیەنێت کە بەکار بهێنرێت[10]. لەم ڕێژەیەدا تەنها 16% ژنان و کچان ئینتەرنێتیان هەیە لە ڕێی مۆبایلەکانیانەوە، لە کاتێکدا ڕێژەکە بۆ پیاوان بریتییە لە 36%، هەروەها گەنجان کەمتر دەستیان پێ دەگات. جگە لەمەش، 12.5%ی خوێندکاران خاوەنی مۆبایلی زیرەکن و زۆرێک لە مامۆستایان گرفتی وانەوتنەوەیان هەیە بە

هۆی ئینتەرنێتەوە[11].

لە ڕێکەوتی 21/3/2020دا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وەزیری گەشەپێدانی مرۆیی هیندستان ژمارەیەک بەرنامە و سەکۆی خستنە ڕوو کە بەخۆڕایین و لە کاتی داخستنی خوێندگاکاندا خوێندکاران و مامۆستایان سوودی لێ دەبینن تا بەردەوامی بە خوێندن بدەن. بەشێک لەو بەرنامە و سەکۆیانە ئەمانەن: The DIKSHA، e-Pathshala، NROER، Swayam، Swayam Prabha. بەشێک لەم سەکۆیانە زۆر بەسوودن، بۆ نموونە Sway-am، 1900 بابەت و کۆرس لەخۆ دەگرێت کە چەندین وانەی تۆمارکراو و ئەرکی ماڵەوە و تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تێدایە کە بۆ پۆلی 9 بۆ 12 و هەروەها خوێندنی زانکۆیی (بەرایی و باڵا) بەکاردێت. بابەتەکانیش هاوشانی پڕۆگرامی خوێندن، چەندین بوار لەخۆ دەگرن، لەوانە: ئەندازیاری، زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، یاسا، بەڕێوەبردن و کارگێڕی... هتد[12]. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا تەنیا بوونی سیستمی "E-Parwarda" و تەلەڤزیۆنی پەروەردەیی بەسن بۆ هەرێمی کوردستان تا لە سەردەمی کۆرۆنادا پەروەردە و فێرکردن پەکی نەکەوێت؟ ئایا بۆ زانکۆکان چی بکرێت؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە هەر وا بەزارەکی نادرێتەوە و داتای ورد و ئاماری پێویستی دەوێت، دەبووایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەر لە دەستپێکی ساڵی خوێندنی 2020-2021 ڕاپرسیی بکردایە و ڕاوبۆچوونی خوێندکاران و دایک و باوکی خوێندکاران و مامۆستایان و شارەزایانی وەربگرتایە، ئەمەش تەنها لەڕێگەی وێبسایتێکەوە دەکرا کە وڵامی سەرنج و پێشنیازەکانی لەسەر خوێندنی ئەلیکترۆنی بخستایەتە ڕوو، تا دواتر لەلایەن شارەزایانی بوارەکەوە شەنوکەوی بابەتەکە بکرایە. سەبارەت بە زانکۆکان، ئایا تەنها "Google Classroom" یان "Moodle" دەتوانێت بۆ هەموو کۆلیج و پسپۆڕییەکان بەکار بهێنرێت؟ ڕەنگە وا پێویست بکات هەر زانکۆیەک پەیڕەوی تایبەت بە خۆی هەبێت لەم ڕووەوە و تەواوی زانکۆ حکومی و تایبەتەکان سەرپشک بکرێن لەوەی کام بەرنامە، یان پڕۆگرام، یان وێبسایت هەڵدەبژێرن.

**بەنگلادیش**

سیستمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتی بەنگلادیش بە یەکێک لە سیستمە گەورەکانی جیهان دادەنرێت، چونکە 21.9 ملیۆن منداڵ تەنها لە باخچەی منداڵان و خوێندنگە سەرەتاییەکانن، بەمەش 14.4%ی بودجەی نیشتمانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە[13]. هەر چەندە لە 8ی ئازاری 2020، یەکەم تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیەنرا، بەڵام دامەزراوە پەروەردەییەکان هەر بەکراوەیی مانەوە و حکومەت بیری لە داخستنیان نەکردەوە وەکوو بژاردەیەک. وەزارەتی

پەروەردە بیری لە چەندین ڕێگا کردەوە بۆ خوێندنگە سەرەتاییەکان، بەوەی پێویستە مامۆستایان و خوێندکاران چی بکەن، هەر بۆیە لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خەڵک درا، چونکە زۆربەی خوێندنگەکان ئاودەستی تەندروست و پاککەرەوەی باش و پێویستیان نەبوو. هەر بۆیە مامۆستایان و دایك و باوکی خوێندکاران داوای داخستنی خوێندنگەکانیان دەکرد. حکومەتی ئەو وڵاتە دامەزراوە پەروەردەییەکانی تا 9ی نیسان داخست و دواتر گەیشتنە ئەو بڕیارەی، ئەگەر پێویست بکات تا مانگی ئەیلوولی 2020 دەرگای دامەزراوە پەروەردەییەکان نەکرێتەوە[14].

سەبارەت بە ڕێوشوێنەکان، حکومەت تەلەڤزیۆنی بەنگلادیشی خستە خزمەتی پەروەردەوە و لە پۆلی شەشەم تا دەهەم بەرنامەی "خوێندگەکەم لە ماڵەکەمە" پەخش دەکرا، ڕۆژانە کاتژمێر 9 بۆ 12:30، دواتریش هەموو وانەکان لە کەناڵی یوتیوب دادەنران. سەرەڕای ئەمەش، بۆ بەردەوامیی پرۆسەی پەروەردە و خوێندن لە ماڵەوە لە کاتی داخستنی خوێندنگەکان، حکومەت لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف کار دەکات بۆ جێبەجێکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ڕێی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و مۆبایل و سەکۆکانی ئینتەرنێتەوە[15]. ئەوەی پیویستە بوترێت ئەوەیە بە بەراورد بە وڵاتێکی وەکوو بەنگلادیش، هەرێمی کوردستان زۆر بەئاسانی دەتوانێت گرفتەکانی پەروەردە و فێرکردن چارە بکات، چونکە کۆی دانیشتووانی هەرێم ناکاتە یەک لەسەر چواری خوێندکارانی بەنگلادیش.

## چیلی

بە هۆی کۆرۆناوە زیاتر لە 3.6 ملیۆن خوێندکار ناچنە پۆلەوە و بەمەش کۆرۆنا درزێکی گەورەی خستووەتە بواری پەروەردەوە[16]. لە 15ی ئازاری 2020، حکومەت هەموو چالاکییەکی ناو خوێندنگە و دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەڵپەسارد تا ڕێ لە تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکە بگرێت. وەزارەتی پەروەردە ئامۆژگاریی خوێندنگە و دامەزراوە پەروەردەییەکانی کرد تا خوێندنی ئەلیکترۆنی بەکاربهێنن[17]. لە وڵاتی چیلی، سەکۆی "Aptus" بۆ بابەتە فێرکارییەکان بەکار دێت. تیمێکی وەزارەتی پەروەردەی چیلی ئەم پرۆگرامەیان دایە وڵاتانی دەوروبەر، تا لە کاتی داخستنی خوێندنگەکاندا سوودی لێ ببینن. ئەم بەرنامەیە چەندین ڤیدیۆی خۆڕایی تێدایە کە لە چیلی بەرهەم هێنراوە، بەتایبەتی بۆ منداڵانی تەمەن 4 تا 13 ساڵ، هەروەها دەتوانرێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەوارییش سوودی لێ ببینرێت[18].

## میسر

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یونسێف، 52%ی دانیشتووانی میسر منداڵ و گەنجن و داخستنی دەرگای خوێندنگە و دامەزراوە

پەروەردەییەکان کاریگەریی نەرێنییان کردووەتە سەر نزیکەی 23 ملیۆن خوێندکار. ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەریی خراپی کردووەتە سەر چەندێتی و چۆنێتیی خوێندن. هەروەها لە ساڵی 2014دا، لە 3 منداڵ، یەکیان بە جۆرێک لە جۆرەکان بە هەژار دادەنرا لە میسر، بەمەش هەژاری وای کردووە زۆر کەس لە خوێندن داببرێت و خواردنی پێویست نەخوات و نەتوانێت بەپێی پێویست سەردانی نەخۆشخانە و نۆرینگەکان بکات[19].

لە 15ی ئازاری 2020، وەزارەتی پەروەردە و پەروەردەی تەکنیکی چەند ڕێگایەکی خستە ڕوو بە مەبەستی جێبەجێکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی، بۆ ئەمەش وەزارەتەکە ماوەی چوونەژوورەوەی "بانکی زانیاریی میسری"ی بۆ خوێندکاران درێژ کردەوە، کە بەپێی قۆناغ و بابەت دانرابوون، هەموو بابەتەکانی قۆناغی باخچەی منداڵان تا خوێندنی ئامادەیی تێدا بوو، بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. هەروەها کۆی وانە و بابەتەکان بۆ مامۆستایان و دایك وباوکی خوێندکارانیش بەردەستن و چەندین ڤیدیۆ و وێنە و فیلمی بەڵگەنامەیی لەخۆ دەگرێت بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی وانە جیاوازەکان. جگە لەمەش، پەرتووکی خوێندن و فەرهەنگی تێدایە و چوونە ناو سیستمەکەوە بە مۆبایل و کۆمپیوتەر دەبێت. بەم هەنگاوە توانرا پردی پەیوەندیی نێوان مامۆستایان و خوێندکاران بنیات بنرێتەوە و نزیکەی 22 ملیۆن خوێندکاری دابەشبوو بەسەر 55 هەزار خوێندنگەدا سوودمەند بن و وەکوو ئەوەی لەناو پۆلدا بن، چونکە مامۆستایان وەڵامی گشت پرسیارەکانی خوێندکاران دەدەنەوە و تاقیکردنەوەش دەکەن. جگە لەم کارەش، لە 19ی ئازاری 2020، میسر لەگەڵ "Edmo-do" ڕێک کەوت بە مەبەستی فەراهەمکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی باخچەی منداڵانەوە تا خوێندنی ئامادەیی. هەروەها سیمکارتی خۆڕایی دا بە خوێندکاران[20].

لە هەرێمی کوردستان، بێگومان مامۆستایان و خوێندکارانیش کێشەیان لەگەڵ خوێندنی ئەلیکترۆنی بۆ دروست دەبێت، چونکە تا ئێستا زۆرێک لە مامۆستایان و خوێندکاران، بەتایبەتی لە گوندەکان، بەئاسانیی دەستیان بە ئینتەرنێتی باش ڕاناگات، یاخود ئەزموونی کارکردن و وانەوتنەوە/ وانەخوێندنی ئینتەرنێتییان نییە. هەر چی خوێندنی زانکۆیە، تا ڕادەیەک باشترە، چونکە خوێندکاران بەتەمەنترن و ڕەنگە کردنەوەی خولێکی ڕاهێنانی بە شێوەی ئەلیکترۆنی بۆ مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ؛ ئەم کێشەیە زۆر بچووکتر بکاتەوە. دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت، ژمارەی خوێندکارانی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان زۆر کەمترە بە بەراورد بە وڵاتێکی وەکوو میسر و دەتوانرێت بەئاسانی کۆی گرفتەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە هەرێم چارە بکرێن.

**فینلاند**

ئامانجی سەرەکیی سیستمی پەروەردەی وڵاتی فینلاند، بریتییە لە دەستبەرکردنی خوێندن و ڕاهێنان بۆ گشت دانیشتووانی وڵات. سیستمەکە لە سێ جۆر خوێندن پێک دێت: یەکەم: خوێندنی بنەڕەتی بۆ ماوەی نۆ ساڵ، دووەم: خوێندنی دواناوەندی کە خوێندنی پیشەیی و گشتی لەخۆ دەگرێت، سێیەم: خوێندنی باڵا کە لە زانکۆ و پەیمانگا تەکنیکییەکان هەن[21]. لە وڵاتی فینلاند، دامەزراوە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو توانییان لە خوێندنی ناو پۆلەوە بچنە سەر خوێندنی ئەلیکترۆنی، ئەمەش بە هۆی لێهاتوویی و توانای مامۆستایان و خوێندکارانەوە، هەروەها دابینکردنی کەرەستە و ئامێری تەکنەلۆجی بۆ هەموو کەسێک، کە کارێکی قورسە هەمان کار لە وڵاتێکی تر بکرێت[22]. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی پتر بە بواری پەروەردە بدات و کارێک بکات خوێندکارێکی ناو شار و خوێندکارێکی گوندێکی دوورەدەست بە هەمان شێوە دەستیان بە ئینتەرنێت ڕابگات، تا بە شێوەیەکی باش خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕێچکەی خۆی بگرێت و بیر لەوە نەکرێتەوە سیستمی فینلاندی یان میسری لەم هەرێمە پەیڕەو بکرێت، بەڵکوو پێویستە سیستمێکی کوردستانییانەی نوێ و گونجاو لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووریی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە بەکار بهێنرێت.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە فینلاند، بیر لە جێگرەوەی خوێندنی ناو پۆل کرایەوە. بۆ ئەم مەبەستەش خوێندنگەکان ڕێنمایی خوێندکارانیان کرد تا چی بکەن و چۆن لە دوورەوە بخوێنن و تاقیکردنەوە بکەن. بە هۆی ئەوەی لە فینلاند خوێندنی گریمانەیی بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار دەهات، کەمتر دووچاری گرفتەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی بوونەوە. ئاژانسی نەتەوەیی فینلاند بۆ پەروەردە، زوو ڕێنوێنیی دایە خوێندنگەکان لەمەڕ چۆنێتیی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی، بە جۆرێک کە خوێندکاران بتوانن وانە بخوێنن و ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش سوود لەم سەکۆ و بەرنامانە وەرگیرا: Moodle، O365، Ville، Teams، Google Classrooms، Skype، Zoom. هەروەها بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێندکاران و ئافراندنی حەزی خوێندنی ئەلیکترۆنی، چەندین یاریی پەروەردەیی خرانە خزمەتی ئەو بوارەوە، لەوانەش: Sandbox، VirtualAutoedU، DigiVirtu[23].

بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان خوێندنگە و ماڵ، واتە مامۆستا و خوێندکار و دایك و باوکی خوێندکار، سوود لە چەندین سەکۆی ئەلیکترۆنی وەردەگیرێت، لەو سەکۆیانەدا خوێندکار ئەرکەکانی ماڵەوەی دادەنێت، تێبینی و سەرنجی مامۆستا وەردەگرێت، تاقی دەکرێتەوە

و نمرەی بۆ دادەنرێت. بۆ هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی، سوود لەم سەکۆیانە دەبینن: Helmi، Wilma (Primus)، Studentaplus، Sopimuspro. سەبارەت بە خوێندنی باڵا، ژمارەیەک وێبسایت و سەکۆی ئەلیکترۆنی بەکار دەهێنرێت: Moodle، Adobe Connect ، Zoom، Notebooks، Digital Matriculation Examination. جگە لەمانەش، چەندین وێبسایت و سەکۆی تر و کتێبخانەی ئەلیکترۆنی خراونەتە خزمەتی پرۆسەی فێرکردنەوە[24].

شایانی ئاماژەپێدانە، لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بە شێوەیەکی دروست و پێشکەوتوو کتێبخانەی ئەلیکترۆنی بەردەست نییە و مامۆستا و خوێندکار ناتوانن بەسانایی دەستیان بە سەرچاوە جۆراجۆرەکان بگات. پێویستە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، مکوڕانە کار بۆ بەئەلیکترۆنیکردنی گشت سەرچاوە و کتێبەکان بکەن، تا کۆی مامۆستایان و خوێندکاران بتوانن سوود لە خوێندنی ئەلیکترۆنی وەربگرن، چونکە خوێندنی ئەلیکترۆنی بێ بوونی کتێبخانەیەکی ئەلیترۆنیی باش، بەتایبەت بۆ خوێندنی زانکۆیی، سەرکەتوو نابێت.

## ئەنجام

خوێندنی ئەلیکترۆنی لە هەر شوێنێک جێبەجێ بکرێت، لایەنی باش و خراپی هەیە و بەکارهێنەر ڕووبەڕووی چەند ئالنگارییەک دەبێتەوە. لەسەر ئاستی باڵاتریش، واتە حکومەت، چەندین گرفت دروست دەبن، بەڵام ئەو گرفتانە چارە دەبن ئەگەر لێزانانە هەنگاوی بۆ بنرێت. وڵاتان بەپێی توانای خۆیان و گونجاندنی ژینگەی پەروەردەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی و... هتد؛ هەنگاو دەنێن و کەم وڵات هەیە ئەزموون و سیستمی وڵاتێکی تر وەکوو ئەوەی هەیە جێبەجێ بکات. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا، وڵاتان هەوڵی زۆریان داوە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پەکی نەکەوێت و لە هەمان کاتدا ژیانی خوێندکاران و مامۆستایانیش پارێزراو بێت، هەر بۆیە بیریان لە خوێندنی ئەلیکترۆنی کردووەتەوە وەکوو جێگرەوەیەک بۆ خوێندنی ناو پۆل و زۆربەی کەرەستە و ئامێرە پێویستەکان و ئینتەرنێتیان بۆ مامۆستایان و خوێندکاران دابین کردووە.

## ڕاسپاردە

1. بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، پێوستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ دابینکردنی کەرەستە و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و ئینتەرنێت بکات، ئەمەش پاش دابینکردنی شایستە داراییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دایك و باوکی خوێندکاران. سەرباری ئەمەش، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەمەڕ پەتای کۆرۆنا و خوێندنی ئەلیکترۆنی.

2. پێویستە وەزارەتی پەروەردە و

خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بەرنامەی تایبەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنییان هەبێت. دەبێت وەزارەتی پەروەردە، بەپێی ئاست و تەمەنی منداڵ، وانە و ڤیدیۆ و وێنە پەروەردەییەکان دیزاین بکات و زۆر جار گەمە و بابەتی سەرنجڕاکێشی تێ بکات، نەک تەنها مامۆستایەک لەلای بۆردێکی سپی وانە بڵێتەوە. هەروەها دەبێت بەرنامە فێرکاری و پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی ئاسان دروست بکرێن، تا مامۆستایان و خوێندکاران و دایك وباوکی خوێندکاران بتوانن بەکاری بهێنن. سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، دەبێت زانکۆکان دەسەڵاتی تەواویان پێ بدرێت تا سوود لە سەکۆ و وێبسایتە جیاوازەکان ببینن. هەروەها کردنەوەی خولی ڕاهێنانی ئەلیکترۆنی بۆ کۆی مامۆستایانی گشت قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن پێویست و گرنگە.

3. دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن، کار بکات بۆ دابینکردنی ئینتەرنێتی باش بەخۆڕایی بۆ ئەو خوێندکار و مامۆستایانەی کۆمپیوتەر و ئایپاد و تابلێتیان هەیە. هەروەها سیمکارت بۆ خوێندکاران و مامۆستایان بکات بە خۆڕایی، تا دەستیان بە ئینتەرنێت ڕابگات. بەشێک لەو کۆمپانیایانە باجێکی زۆریان لەلایە و هێشتا نەدراوە بە حکومەت، دەکرێ حکومەت لە ڕێی دابینکردنی ئینتەرنێتی باش و سیمکارت بەخۆڕایی؛ لە بەشێک لەو باجانە خۆش ببێت.

4. مەرج نییە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەزموونی وڵاتانی تر وەکوو خۆی تاقی بکاتەوە و لەسەر مامۆستایان و خوێندکارانی هەرێم جێبەجێی بکات، بەڵکوو بە خوێندنەوەی وردی ڕەهەندی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی هەرێم؛ سیستمێک بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی دابنرێت. دروستکردنی ژێرخانی ئەلیکترۆنی بۆ هەرێمی کوردستان پێویستە، ئەگەر لە کات و سەردەمێکی تر مرۆڤایەتیی دووچاری پەتایەکی تر بووەوە یان چارەی پەتای کۆرۆنا نەدۆزرایەوە، ئەوکات مامۆستایان و خوێندکارانی هەرێم وەکوو ئێستا ون نابن.

**سەرچاوەکان:**

(1) United Nations. (2020). Policy Brief: Education during COVID-19 and beyond.

(2) https://www.europeandataportal.eu/en/impact-studies/covid-19/education-during-covid-19-moving-towards-e-learning

(3) Wicks, M. 2010. A national primer on K–12 online learning. Version 2. http://www.inacol.org/ research/docs/iNCL_NationalPrimerv22010-web.pdf.

(4) Gunawardena, C. N., & McIsaac, M.S. (2004). Distance education. In D. Jonassen (Ed.), The handbook of research on education communications and technology (2nd ed., pp. 355-395). Mahwah, NJ: Lawrence Erlbaum.

(5) Gunawardena, C. N., & McIsaac, M.S. (2004). Distance education. In D. Jonassen (Ed.), The handbook of research on education communications and technology (2nd ed., pp. 355-395). Mahwah, NJ: Lawrence Erlbaum.

(6) https://en.unesco.org/covid19/educationresponse/solutions

(7) https://www.europeandataportal.eu/en/impact-studies/covid-19/education-during-covid-19-moving-towards-e-learning

https://doi.org/10.1080/02619768.2020.1820981

(18) The World Bank. (2020). How countries are using edtech (including online learning, radio, television, texting) to support access to remote learning during the COVID-19 pandemic. https://www.worldbank.org/en/topic/edutech/brief/how-countries-are-using-edtech-to-support-remote-learning-during-the-covid-19-pandemic

(19) UNICEF (2020). COVID-19 in Egypt: Protecting children and young people in a time of crisis. UNICEF Egypt Data Snapshot - Issue 5, June 2020. https://www.unicef.org/egypt/media/5831/file/COVID19%20Data%20Snapshot%20EN.pdf

(20) The World Bank. (2020). How countries are using edtech (including online learning, radio, television, texting) to support access to remote learning during the COVID-19 pandemic. https://www.worldbank.org/en/topic/edutech/brief/how-countries-are-using-edtech-to-support-remote-learning-during-the-covid-19-pandemic

(21) Välimaa, Raili; Kannas, L.; Lahtinen, E.; Peltonen, H.; Tynjälä, J. & Villberg, Jari. (2008). Finland: innovative health education curriculum and other investments for promoting mental health and social cohesion among children and young people. In: Social cohesion for mental well-being among adolescents (pp.91-102). Copenhagen, WHO Regional Office for Europe.

(22) Neittaanmäki, P. & Takefuji, Y. (2020). Global digital school under covid-19. JYU UNESCO-CCE Online Conference: Embrace the Creativity amidst COVID-19 Crisis. https://www.researchgate.net/publication/340967538_Global_digital_school_under_covid-19

(23) The World Bank. (2020). How countries are using edtech (including online learning, radio, television, texting) to support access to remote learning during the COVID-19 pandemic. https://www.worldbank.org/en/topic/edutech/brief/how-countries-are-using-edtech-to-support-remote-learning-during-the-covid-19-pandemic

(24) The World Bank. (2020). How countries are using edtech (including online learning, radio, television, texting) to support access to remote learning during the COVID-19 pandemic. https://www.worldbank.org/en/topic/edutech/brief/how-countries-are-using-edtech-to-support-remote-learning-during-the-covid-19-pandemic

(8) The World Bank. (2020). How countries are using edtech (including online learning, radio, television, texting) to support access to remote learning during the COVID-19 pandemic. https://www.worldbank.org/en/topic/edutech/brief/how-countries-are-using-edtech-to-support-remote-learning-during-the-covid-19-pandemic

(9) Sahni, U. (2020). COVID-19 in India: education disrupted and lessons learned. https://www.brookings.edu/blog/education-plus-development/2020/05/14/covid-19-in-india-education-disrupted-and-lessons-learned/

(10) Kumar, R. (2020). Lockdown is disrupting a generation's education. What can be done? https://thewire.in/education/coronavirus-lockdown-education-students

(11) Sahni, U. (2020). COVID-19 in India: education disrupted and lessons learned. https://www.brookings.edu/blog/education-plus-development/2020/05/14/covid-19-in-india-education-disrupted-and-lessons-learned/

(12) The World Bank. (2020). How countries are using edtech (including online learning, radio, television, texting) to support access to remote learning during the COVID-19 pandemic. https://www.worldbank.org/en/topic/edutech/brief/how-countries-are-using-edtech-to-support-remote-learning-during-the-covid-19-pandemic

(13) https://www.globalpartnership.org/where-we-work/bangladesh

(14) Nath, J.; Chowdhury, A. F.; & Nath, A. K. (2020). Analyzing COVID-19 challenges in Bangladesh. DOI: 10.20944/preprints202007.0129.v1

(15) The World Bank. (2020). How countries are using edtech (including online learning, radio, television, texting) to support access to remote learning during the COVID-19 pandemic. https://www.worldbank.org/en/topic/edutech/brief/how-countries-are-using-edtech-to-support-remote-learning-during-the-covid-19-pandemic

(16) https://www.bhp.com/sustainability/community/community-news/2020/06/strengthening-digital-education-in-chile/

(17) Paulina Sepulveda-Escobar, P. & Morrison, A. (2020). Online teaching placement during the COVID-19 pandemic in Chile: challenges and opportunities. European Journal of Teacher Education, 43(4), 587-607.

ئایندەناسی

# وەرگێڕان

# دید و پێشنیاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی خوێندنی ئۆنلاین لە سەردەمی کۆرۆنادا

ئامادەکردن: پێشەوا جەلال محەمەد



کاتێک ڕووداوە گەورەکان جیهان ناچار دەکەن تاقیکردنەوە لە بارەی ئایدیای نوێوە بکەن، ئیدی گۆڕانکاریی گەورە لە کۆمەڵگا و بازرگانی دێتە ئاراوە. بۆ نموونە لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، کاتێک پیاوانی ئەمەریکی چوونە بەرەکانی جەنگ، ژنان هاتنە پێشەوە و سەلماندیان دەتوانن کاری پیاوەکان بەباشی ئەنجام بدەن، لەدوای ئەوە ئیتر ژنان ئاوڕیان لە دواوە نەدایەوە. بە هەمان شێوە دوای ڕوودانی ئەو کێشانەی لە سیستمی کۆمپیوتەر و کۆدەکان ڕووی دا لە ساڵی ٢٠٠٠، بووە هۆی داواکاریی زۆر لەسەر ئەندازیاری سۆفت وێری هیندی، ئەمەش سەری کێشا بۆ زیادکردنی ژمارەی ڤیزای کارکردن لە ئەمەریکا بۆ سێ ئەوەندە، لەمەوە هیندییەکان پێشەنگی چارەسەری کێشە تەکنەلۆجییەکانیان گرتە دەست. ئەمڕۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی مایکرۆسۆفت و ئەلفابێت، ئای بی ئێم و ئەدۆب، لەلایەن ئەندازیارە بە ڕەگەز هیندییەکان سەرکردایەتی دەکرێن.

لە ئێستادا ڤایرۆسی کۆرۆنا جیهانی ناچار بە تاقیکردنەوە کردووە لە بارەی وانەوتنەوەی دوور (ئۆنلاین). زۆر نیشانە هەن کە دەرخەری ئەوەن ئەم قەیرانە گۆڕانکاریی بەسەر زۆر لایەنی ژیاندا دەهێنێت، پەروەردە یەکێکیان دەبێت ئەگەر وانەوتنەوەی دوور بیسەلمێنی دەتوانێت سەرکەوتوو بێت. بەڵام چۆن دەزانین سەرکەوتوو دەبێت؟ لە کاتێکدا ئەم قەیرانە کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە، پێویستە زانیاری کۆ بکەینەوە و سەرنج بخەینە سەر سێ پرسیار لە بارەی شێوازی کارکردنی خوێندنی باڵا و کوالێتیی خوێندنی کۆلێجەکان.

**ئایا خوێندکاران بەڕاستی پێویستیان بە چوار ساڵ ئەزموونی ئامادەبوون هەیە لە زانکۆ؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، پێویستمان بە تێگەیشتنە لەوەی کام بەشانەی خوێندن لە مۆدێلی چوار ساڵی دەشێت جێگرەوەی هەبێت، کام بەشانە لاوەکیترن یان تەواوکەرن، کام بەشانە دەکرێت لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە تەواو بکرێت.

لە تیۆردا، ئەو وانانەی کەمتر پێویستیان بە بەریەککەوتنی مرۆیی هەیە؛ دەکرێت تۆمار بکرێن و پێشکەش بکرێن تا لەلایەن خوێندکارانەوە تەماشا بکرێن لە شوێنی خۆیانەوە. ئەم بەشە ئامادەکراوانەی پرۆگرام دەتوانرێت بەئاسانی لە وێبسایتەکان دابنرێن، هەروەکوو وێبسایتی "کۆرسێرا" کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ فێرخوازان بەکار دێت. لەم ڕێگایەوە تەکنەلۆجیا دەتوانێت زانیارییەکان بە تێچوویەکی هەرزان بە ژمارەیەکی زۆری خوێندکار بگەیەنێت، بەبێ بەقوربانیکردنی سوودەکانی وانەی ڕووبەڕوو یان ئەزموونی کۆمەڵایەتی، چونکە لە کاتی خوێندن لە ئاستە بنەڕەتییەکاندا ئەو سوودانە

خۆیان کەمن.

لە ڕێگەی بەلاشکردنی سەرچاوەکانی کۆرسەکانەوە، کۆلێجەکان سەرچاوەی زیاتریان دەبێت بۆ هەر یەک لە شێوازی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای توێژینەوە، چارەسەری کێشە بە شێوەی تاک و چاودێریکردن. خوێندکارەکان سەرچاوە و کاتی زیاتریان دەبێت، چونکە ئیتر پێویست نییە چوار ساڵ بەبەردەوامی لە کامپی زانکۆکان بن. دەتوانن لەبری ئەو کاتەی کە لە کامپی زانکۆکان بەسەری دەبەن، بەکاری بهێنن لە ئەرکە ئیختیارییەکان، کاری گرووپ، چاوپێکەوتنەکانی پێویست لە ئۆفیس و ڕێبەری کار، یان هەر شتێک کە ناکرێ لە دوورەوە ئەنجام بدرێت.

سەرەڕای ئەمانە، زانکۆکان دەتوانن ئاسانکاری بکەن بۆ دروستکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی، پڕۆژەی کێڵگەیی و فێربوون لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەو کارانەی کە پێویستیان بە بەریەککەوتن و نزیکی هەیە. ئەمە شێوازی خوێندنی هایبرید (جووت)ە، کە توانای ئەوەی هەیە خوێندنی کۆلێج بەردەست بکات بۆ هەمووان.

بەڵام ئایا دەتوانین مۆدێلی هایبرید پەیڕەو بکەین؟ پێویستە بەدواداچوون بکەین. ئەوە تەنها خوێندکاران نین کە وانەکان لە دوورەوە وەردەگرن، تەنانەت مامۆستایانیش ناچارن وانەکان بڵێنەوە لە ماڵەکانیانەوە، لە کاتێدا هەمان مامۆستا و خوێندار تا ماوەی پێشووتر یەکتریان دەبینی، بەڵام ئێستا میتۆدی ئەلتەرناتیڤ تاقی دەکەنەوە، بۆیە هەردوو لا ئەزموونی ڕووبەڕوو و دوور بەراورد دەکەن.

لەگەڵ ئەم تاقیکردنەوە نوێیەدا؛ خوێندکاران، مامۆستایان، کارگێڕی زانکۆ، پێویستە بەردەوام تۆماری ئەو کلاسانە بکەن کە توانراوە سوودبەخش بن بە شێوەی وتنەوەی ئۆنلاین، ئەوانەش وەکوو پێویست نەبوون. پێویستە ژووری چات دروست بکەن و ئاسانکاری بکەن بۆ گفتوگۆ بە ناوی نەناسراوەوە دەربارەی کێشەی تەکنەلۆجی، دیزاینی کۆرس، گەیاندنی وانەکان، میتۆدی هەڵسەنگاندن. ئەم زانیارییانە دەتوانێت پێمان بڵێت دەربارەی بڕیارەکانی داهاتوو کە کەی و بۆچی هەندێ وانە پێویستە ئۆنلاین بێت و کامیان لە کامپی زانکۆ بمێنێتەوە، کامیان لە ڕێی تەکنەلۆجیاوە تەواو بکرێت.

**چاکسازی لە ژێرخانی IT بۆ گونجاندنی خوێندنی ئۆنلاین**

زۆربەمان کە بەشێک لە خشتەی ڕۆژانەمان بووەتە لیستێک لە کۆبوونەوەی ئۆنلاین، دەتوانین تێبگەین کە کێشەی هاردوێر و سۆفتوێر پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت پێش ئەوەی خوێندنی ئۆنلاین دەست پێ بکرێت. کۆنفرانسە ئۆنلاینەکان لەوانەیە دەستپێکی باش بووبن بۆ چۆنێتیی بەڕێوەچوون و ئیدارەدانی کلاسێکی گەورە. وانەبێژان دەتوانن هەست بەوە بکەن کە خوێندکاران توانای

تێگەیشتنیان لە چەمکەکان هەیە یان نا، وە شێوازی وتنەوەکەیان بگۆڕن؟ ئایا خوێندکاران هەست بەوە دەکەن کە پرسیار زۆر دەکەن و دەبنە هۆی دواکەوتنی هەموو کلاسەکە؟ تەکنەلۆجیای ئێمە ئەوەندە باشە کە بتوانێت ئەم خاسیەتە بنەڕەتییانەی پۆل دابین بکات بە ئۆنلاین؟ چی پێویستە گەشەی پێ بدرێت؟ مامۆستایان و خوێندکاران پێویستە ئەم خاڵانە بخەنە بەر باس و داوای پێشخستنیان بکەن.

سەرەڕای ئەمانە، کۆرسی ئۆنلاین پێویستی بە پاڵپشتی پەروەردەیی هەیە، لەوانەش: داڕێژەری ڕێنماییەکان و ڕاهێنەر، بۆ ئەوەی دڵنیایی هەبێت لە بارەی فێربوون و تەواوکردنی کۆرسەکان.

**چ ڕاهێنانێک پێویستە بۆ فاکەڵتی و خوێندکاران، تا ئاسانکاری بکرێت لە گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاریان؟**

هەموو ئەندامانی فاکەڵتییەکان ئاسوودە نین لەگەڵ خوێندنی ئۆنلاین و دابەشبوونێک هەیە لەنێوان ئەوانەی کە هەرگیز کەلوپەلە بنچینەییە تەکنەلۆجیەکانی تایبەت بە بینین و بیستن بەکارنەهێناوە، لەگەڵ ئەو فاکەڵتییە نوێیانەی کە ئاگادار و شارەزای تەکنەلۆجیا نوێترەکانن. لە کاتێکدا خوێندکاران دەچنە کلاسی ئۆنلاینەوە، درک بەوە دەکەن کە ژمارەیەکی زۆری مامۆستا ڕاهێنراو نین لەسەر دیزاینکردنی موحازەرەیەکی مەلتی میدیا، کە تێبینی و گرافیک لەخۆی بگرێت. پێویستە



“ چ ڕاهێنانێک پێویستە بۆ فاکەڵتی و خوێندکاران، تا ئاسانکاری بکرێت لە گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاریان؟ ”

کۆلێج و زانکۆکان ئەم کاتە بەکار بهێنن، تا بزانن چ ڕاهێنانێک پێویستە بۆ ئەوەی فێربوونی بێ کێشە دابین بکرێت.

خوێندکاران لەگەڵ کۆرسە ئۆنلاینەکاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێ کێشە دەبنەوە، لەوانەیە ئەو هەستەیان لا دروست ببێت کە سەر بەو گرووپە نین کە تیایدا دەخوێنن، لە کاتێکدا لە دۆخی ئاساییدا هەستی پێشبڕکێ و هاندانیان هەیە لە ژینگەی پۆلدا. هەر شتێک بە ئۆنلاین بکرێت، کێشەی کەمیی تەرکیزی تیا دروست دەبێت، چونکە خوێندکارەکان کۆمەڵێ ئەرکیان بۆ زیاد دەبێت، بۆ نموونە پشکنینی ئیمەیل، چاتکردن لەگەڵ هاوڕێیانیان و گەڕان لە وێبسایتەکان لە کاتی وانەی ئۆنلاین، وەکوو مامۆستا و دایك و باوك ئەم دیاردانەمان پێشتر بەدی کردووە.

**سیاسەتی پەروەردەیی پێشنیارکراو لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە**

ا. کەمکردنەوەی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە و پلاندانان بۆ کردنەوەی خوێندنگاکان

گرنگترین هەنگاو کە وڵاتان بیگرنە بەر بۆ زووتر کردنەوەی دەزگا پەروەردەییەکان، کۆنترۆڵکردنی گواستنەوەی ڤایرۆسەکەیە لەسەر ئاستی هەرێمەکان و تەواوی وڵات. کاتێک ئەمە ئەنجام درا بۆ ئەوەی مامەڵەی دروست بکرێ لەگەڵ ئالنگارییەکانی کردنەوەی دەزگاکان، پێویستە دوای ئەم نەخشەڕێگایە بکەون و پرۆسەی ڕاوێژکاری و ئامادەکاری بگرنە بەر.

- دڵنیابوونەوە لە سەلامەتیی هەموو لایەک: نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای پەروەردە، نەخشەڕێگایەکیان پێش خستووە بۆ یارمەتیی وڵاتان بەپێی کات، بارودۆخ و پرۆسەی کردنەوەی دەزگاکان. گرنگترین بارودۆخیش بۆ کرانەوە، دڵنیابوونەوەیە لە باشترکردنەوەی بارودۆخی فیزیکی. پەیڕەوکردنی دووریی کۆمەڵایەتی، جێبەجێکردنی پێوانە تەندروستییەکان وەکوو بەکارهێنانی ماسک و دەست شوشتنی بەردەوام، ئەمانە ڕەنگە قورستر بێت لە پۆلی قەرەباڵغ و بێ خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، بۆیە لێکۆڵینەوەی زیاتری دەوێت.

- پلاندانان بۆ کردنەوەی گشتی: پێویستە پێویستییەکانی منداڵانی پەراوێزخراو لە ستراتیجی دووبارەکردنەوەی دەرگاکاندا بێت و پێوەرە تەندروستییەکان بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکرێت. ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ خەمڵاندنی بۆشایی فێربوون و ئامادەکاری بۆ چارەسەر یان باشترکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، گرنگە لە کاتی دووبارەکردنەوەی دەزگاکاندا.

- گوێگرتن بۆ هەموو دەنگەکان: گرنگیدان بە ڕۆڵی دایك و باوك و مامۆستایان لە سەرەتای قەیرانەکەوە، بەشێکی گرنگی پرۆسەی بڕیاردانە لەلایەن بەرپرسانی پەروەردەوە. کەمی و ناڕوونی لە پەیوەندی و پلانەکاندا،

دەکرێت ببێتە هۆی لەدەستدانی مامۆستایان بەرەو کاری تر و منداڵی زیاتر ڕوو بکەنە بازاڕی کار و ئەمەش هەلی گەڕانەوەیان بۆ فێربوون کەم دەکاتەوە.

- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانەش لایەنی تەندروستی: پێدەچێت پێوانەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی گواستنەوەی کۆڤید-١٩ لە ماوەکانی داهاتوودا بەردەست بن، بۆیە پێویستە ڕەنگدانەوەی هەبێ لەسەر ستراتیجییەکانی دووبارەکردنەوە بە بەکارهێنانی هەر زانیارییەک لەبەردەستن و فێربوون و ئەزموون وەرگرتن لە وڵاتانی تر. کارکردن لەگەڵ بەرپرسیارانی تەندروستی داوا کراوە، بەتایبەت کە بەڵگە زانستییەکان لە گەشەدان، بە هەمان شێوە هەماهەنگی لەگەڵ سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان و هاندانی کاری پێکەوەیی لەگەڵ ئەو خێزانانەی بەدەست قەیرانەکەوە ئازار دەچێژن؛ گرنگە.

ب. بەردەوامیدان بە پاڵپشتی دارایی پەروەردە

ئەم پەتا جیهانییە، جیهانی خستووەتە بەردەم گەورەترین کورتهێنانەوە لە یادەوەریماندا. ئەمە کاریگەریی دەبێت لەسەر ئابووری و دارایی گشتی. کاریگەرییەکانی توندترە، بەتایبەت لەسەر وڵاتانی کەم داهات یان ناوەند. دەسەڵاتدارانی وڵاتان پێویستە کار بکەن بۆ کەمکردنەوەی دەرئەنجامە درێژمەوداکانی لەسەر منداڵان، سەرەڕای ڕێگرییەکان لە خەرجیی گشتیدا، پەروەردە لەگەڵ هەریەک لە کەرتی تەندروستی و پاراستنی کۆمەڵایەتی و بووژانەوەی ئابووریی بەشە گرنگەکانن بۆ دەستپێشخەری و بووژانەوە. کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش پێویستە هەنگاو هەڵبگرێ بۆ پاڵپشتیی دارایی پەروەردە. باشتربوونی بارودۆخی دارایی یەکجار گرنگە لە ڕووی ئەجێندای نێودەوڵەتییەوە، بەتایبەت بۆ پەروەردە بووەتە کێشەیەکی حەتمی. چەند خاڵێکی هاوبەش هەن بەرەو هیوای گەیشتن بەو دۆخە:

**بەهێزکردنی جووڵەی سەرچاوە ناوخۆییەکان و بەردەوامیی بەشەداهاتی پەروەردە وەکوو پێشینەی کار:**

لە کاتێکدا فراوانکردنی باج لە سێکتەرە جیاوازەکان کاتی دەوێت، پێوەری تر (ڕووبەڕووبوونەوەی خۆدزینەوە لە باج، پێداچوونەوە بە هاندانی باج و ڕێککەوتننامەکان... هتد) پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکرێت بەبێ دواکەوتن. لە ڕاستیدا سیستمەکانی پەروەدە خۆیان باری دارایی قورس دەکەن لە ڕێگەی چاکسازی لە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکانەوە، بۆیە ڕیفۆرمی بەردەوام و داهێنان بۆ چارەسەری ناکارامەییەکان پێویستە پێشینەی کارەکان بێت.

وەزارەتەکانی پەروەردە دەبێت دیالۆگ لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی بەهێز بکەن

بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام، بۆ هێشتنەوەی پاڵپشتی و زیاترکردنی بەشی پەروەردە لە بودجەی نیشتمانی.

پێویستە کەرتە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و کەرتی پەروەردە بەتایبەتی، دەنگی بەهێزیان بەکار بهێنن بۆ پێداگری لەسەر پشتگیریی دارایی بۆ ماوەیەکی درێژ. ماوەیەکی وەها کە دەرفەتی باشی وەبەرهێنان دابین بکات لەسەر ئاستی نیشتمانی، پەروەردە و کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەتوانن هێزی سیاسیی خۆیان بەکار بهێنن بۆ خێراترکردنی چاکسازی دارایی بۆ گەشەپێدان و چاکسازی لە بەڕێوەبردنی دارایی گشتیدا.

بەهێزکردنی هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری قەیرانی قەرز:

وڵاتانی "جی ٢٠"؛ پێشتر ڕەزامەندییان دەربڕیوە بۆ وەستانی قەرزەکان بۆ وڵاتانی کەم گەشەکردوو هەتا کۆتایی ٢٠٢٠. لە کاتێکدا هێشتا ڕێگا هێڵراوەتەوە بۆ قەرزی کورتخایەن، بەڵام پێداویستیی وڵاتانی هەژار چارەسەر ناکات. کەمکردنەوە و دواخستنی قەرز و پێداچوونەوەی قەرزپێدان بۆ وڵاتانی داهات نزم و ناوەند کە داوای هاوکاری دەکەن، دەبێت بەشێک بێت لە چارەسەر بۆ کێشەی دارایی ئەو وڵاتانەی دەیانەوێت وەبەرهێنان لە پەروەردەدا بکەن، ئەمەش پێویستی بە هەنگاونانی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە.

ج. بەهێزکردنی خۆڕاگریی سیستمی پەروەردە بۆ گەشەسەندنی بەردەوام و گونجاو

وەکوو مافێکی بنچینەیی مرۆڤ، پەروەردە بەردی بناغەی گەشەسەندنە بەرەو کۆمەڵگای دادگەر و یەکسان و گشتگیر. بەهێزکردنی توانای سیستمی پەروەردە، توانا دەبەخشێتە وڵاتان کە وەڵامیان هەبێت بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم سەلامەتی و کردنەوەی خوێندنگاکان و پێگەیەکی باشتریان هەبێت لە چارەسەرکردن و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکانی داهاتوودا.

- جەختکردنەوە لەسەر یەکسانی و گشتگیری: پێوانەکان بۆ پاڵپشتیی خۆڕاگری و دەستڕاگەیشتن بە هەموو فێرخوازان، پێویستی بە تێگەیشتن و دیاریکردنی هەموو گرووپە پەراوێزخراوەکان و دڵنیابوون هەیە لەوەی کە پەوەردەیەکی باش لە ڕووی جۆرایەتی و کاتی پێویستەوە وەردەگرن. ئەو فێرخوازانەی کە لە باری ناکاو و دواخستندان، پێویستە ئەولەویاتیان پێ بدرێ و پەروەردەکەیان زیاتر نەخرێتە مەترسییەوە. تەندروستیی خوێندنگاکان و بەرنامەی خۆراکی و پاکوخاوێنیی ئاویان؛ گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەمە هاندەرێکی بەهێزە بۆ زیادکردنی ئامادەبوونیان و دووبارە پەیوەندیکردنیان بە ناوەندەکانی خوێندن، بەتایبەت و ئەو کچ و منداڵانەی لە بارودۆخێکی زۆر هەژارانەدا دەژین.

پێویستە حکومەتەکان و ڕێکخراوە

هاوکارەکان دڵنیا بن لەوەی کە سیستمی پەروەردە ڕووو لە خاوەن پێداویستیی تایبەت و کوڕان و کچان و جیاوازییە جێندەرییەکان بێت لە کاتی قەیراندا. نەریتە زیانبەخشەکان دەربارەی جێندەر کە پەیوەستە بە باری ئابووریی خانەوادەکانەوە، نابێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم فێرخوازان بۆ گەڕانەوەیان بۆ خوێندنگاکانیان و تەواوکردنی خوێندنیان.

- زیادکردنی تواناکان بۆ بەهێزکردنی ئیدارەدانی مەترسی، لە هەموو ئاستەکانی سیستم: توانا پێویستە لە ئاستی تاک و ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی بۆ ڕاوەستان لە کاتی لەناکاودا، ئەمە توانای پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی لەناکاویش دەگرێتەوە، بۆ نموونە نەخشەی پەروەدەی ئەلتەرناتیڤ بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان.

زۆر جار پێویستە توانای لایەنەکانی پەروەردە بەهێز بکرێت بۆ پێداچوونەوە و چاوپیاخشانەوە بە پلان و سیاسەتەکانی کەرتی پەروەردە لە ئێستادا، بۆ ئەوەی وەڵامی خۆگونجاوی تێدا بێت بۆ قەیرانی کۆڤید - 19. بۆ ئەمەش یەکانگیرکردنی داتا لەسەر مەترسییەکان و کاریگەرییەکانیان بۆ سەر سیستمی بەڕێوەبردنی پەروەردە و زانیاری، ئاسانکاری دەکات بۆ نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەکانی پەروەردەیی هەستیار بە قەیران، لەوانەش پلانی ئامادەسازی بۆ کارەسات.

ئەکتەرەکانی پەروەردە لە ئاستی لاوەکیدا پێویستیان بە توانایە بۆ شیکردنەوەی مەترسیی تەندروستی بۆ فێرخوازان و مامۆستایان و ستافی قوتابخانە و دیاریکردنی ئەو فێرخوازانەی کە ئەگەری وازهێنانیان هەیە، هەروەها پێویستە توانای هەڵسەنگاندن و ڕووماڵکردنی کاریگەریی پەروەردەی ئەلتەرناتڤیان لە ڕووی جۆرێتییەوە هەبێت.

- مسۆگەرکردنی سەرکردایەتی و هەماهەنگیی بەهێز: فرەیی ئەکتەرەکان بۆ وەڵامدانەوە و کەمکردنەوەی کاریگەریی قەیرانەکان، دەتوانێت ببێتە هۆی ناکارامەیی و سەرلێشێواوی لە کاتی نەبوونی سەرکردایەتی و تەنسیقی بەهێز. سەرکردایەتی و پلان و ئیدارەدانی وەزارەتی پەروەردە گرنگن بۆ خۆڕاگریی پەروەردە. سەرکردایەتیی نیشتمانی پێویستە زامنی ئەوە بکات کە دەستپێشخەرییە مرۆییەکان بەردەوام بن، هەروەها بتوانێت کاریگەریی قەیرانەکان لەسەر فێرخوازان و کۆمەڵگە پەروەردەییەکان کەم بکاتەوە

هەروەها پێویستە میکانیزمی هەماهەنگیی بەهێز دروست بکرێت، بە مەبەستی زیادکردنی هاوکاریی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە ناویاندا کۆمەڵگای مەدەنیی ناوخۆیی، بۆ خزمەتکردنی زۆرترین پەراوێزخراو.

- باشترکردنی میکانیزمەکانی ڕاوێژ و پەیوەندی: بەڕێوەبەرانی پەروەردە،

مامۆستایان، دایک و باوک و بەخێوکەران، هەموویان لە وەڵامی قەیرانی کۆڤید19-دا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، بەرپرسیارێتیی زیاتریان لەخۆیان گرتووە و بە بەشداریکردنی ئەم لایەنانە دەتوانرێت خۆڕاگریی سیستمی پەروەردە باش بکرێت. ڕاوێژ و پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەکتەرەکانی پەروەردە -بە مامۆستا و فێرخواز و پەراوێزخراوترینەکان، کلیلی جێبەجێکردنی پلان و وەڵامی کاریگەرە، بە جۆرێک وەڵامدەرەوەی پێویستی هەموو فێرخوازان و بەرزکردنەوەی خۆڕاگری و سیستمی پەروەردە بێت.

د. دووبارە وێناکردنی پەروەردە و خێراکردنی گۆڕانکاریی ئەرێنی لە فێرکردن و فێربوون

لەبەرامبەر داخستنی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە جیهاندا و وەستانی ڕاهێنانی نافەرمی، پشتگیرییەکی نایاب و بەرچاو هەیە بۆ فێربوون و فێرکردن و داهێنانێکی بەرچاو بەدی دەکرێت، ئەمەش بە هەنگاوی دیجیتاڵی دەستی پێ کردووە. زیانەکانی فێربوون بە هۆی درێژکردنەوەی ماوەی داخستنی قوتابخانە، مانای ئەوەیە کە بەرهەمەکانی پەروەردە لە مەترسیدایە. لەبەر چەند هۆکارێک، ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو جیهانەی پێشترمان. پێویستە دڵنیایی بدەین کە سیستمەکانی پەروەردە، زیاتر نەرم و دادپەروەر و گشتگیر بن.

“مامۆستا و فێرخوازان پێویستیان بە تەکنەلۆجیای سەرچاوەی ئازاد و کراوە هەیە بۆ فێرکردن و فێربوون.”

- سەرنج خستنەسەر خوێندنی لەدەستچوو و ڕێگریکردن لە وازهێنان، بەتایبەت لەناو گرووپی پەراوێزخراوەکاندا:

لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی پەروەردەیی پێویستە کار لەسەر بونیادی ئەرێنی و وەلامانی نەرێنییەکان بکەن، وانەکانی ئەم قەیرانە لەدەوری سێ ئەولەویات دەخولێتەوە: ١. پێڕاگەیشتنەوەی خوێندنی لەدەستچوو. ٢. گەڕانەوەی ئەوانەی لەژێر مەترسیی وازهێنانن و ٣. سەرنج خستنەسەر لایەنی عاتفیی خوێندکار و مامۆستا و ستاف.

- پێشکەشکردنی توانا و لێهاتوویی بۆ کار پەیداکردن: پێوانەکان بۆ دیاریکردنی ئەم ئەولەویاتانە، پێویستە بەتەواوی جیسابی بۆ بکرێت کە پەیوەستە بە تەیارکردنی گەنجان و پێگەیشتووان بەو تواناییانەی کە لە بازاڕی کاردا خواستیان لەسەرە، لەوانەیە ئەمە پێویستی بە دووبارە بیرکردنەوە بێت لە چۆنێتیی دیاریکردنی ئەو کارامە سەرەکییانە بۆ بازاڕی کاری ئێستا و داهاتوو. لەنێوان زۆر لەو شتانەی کە قەیرانەکە هێڵی بەژێردا هێناوە، کرێکارە بنچینەییەکان کە خزمەتگوزارییە بنچینەیی و کۆمەڵایەتی دابین دەکەن، پێویستە پاڵپشتی بکرێن. ئەوەش کرێکارانی تەندروستی، کارکەرانی بواری خۆراک و مامۆستایان زیاتر دەگرێتەوە. بۆ دڵنیایی لە وەرگرتنی پشتگیری، پێویستە پەروەردە بخرێتە ئەولەویاتی کارەوە و پەروەردە و مەشقەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

- پشتگیری لە پیشە و ئامادەبوونی مامۆستایان بکەن: ئەگەر خواست هەبێت بۆ ئەوەی فێرکردنی گونجاو و گشتی مسۆگەر بکرێت، ئەوا پێویستە کە مامۆستایان و کۆمەڵگە باشتر ئامادە بکرێن و پشتیوانییان لێ بکرێت لە پۆل و دەرەوەی پۆلەکان. تەکنەلۆجیا بەتەنیا ناتوانێت گەرەنتیی ئەنجامی باشی فێربوون بکات. گرنگتر لە ڕاهێنانی مامۆستاکان لە بواری تەکنەلۆجی، دڵنیابوونە لە توانای هەڵسەنگاندنیان و شارەزاییان لە پێداگۆجیدا بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرام خێراکراو و ستراتیژی فێربوونی جیاواز لە کاتی گەڕانەوە بۆ قوتابخانە. چارەسەری دیجیتاڵی پێویستی بە ناوەرۆکی گرنگ، ڕێنمایی پێویست، وانەوتنەوەی کاریگەر و پشتگیریی ژینگەی فێربوون هەیە. گەشەی مامۆستا و پیشەییبوون، کلیلی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی بەتەواوی شیاو و بەتوانا و ئامادەکراو بن. هەروەها حکومەتەکان دەتوانن سیستمی پشتگیری بۆ مامۆستایان ئاسانکار و دایک و باوک و بەخێوکەران بەهێز بکەن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بە سەرکەوتوویی و سەلامەت بۆ فێربوون.

- فراوانکردنی پێناسەی مافی پەروەردە و پێکەوەبەستن: سەرنجی بەرچاو دراوە لە چۆنێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی فێربوون. لەپاش ئەم پەتا جیهانییەوە، ئەو چارەسەرە دیجیتاڵییانە بۆ باشترکردنی فێرکردن و فێربوون بەدامەزراوەیی دەکرێت، بۆیە پێویستە دادپەروەرانە و گشتگیر بێت تا هەموو منداڵان سوودی لێ وەربگرن.

مامۆستا و فێرخوازان پێویستیان بە تەکنەلۆجیای سەرچاوەی ئازاد و کراوە هەیە بۆ فێرکردن و فێربوون. پەروەردەی کوالێتی ناتوانرێت دابین بکرێت کە لە دەرەوەی چوارچێوەی پێداگۆجی و دەرەوەی

پەیوەندیی مرۆیی نێوان مامۆستا و قوتابی بێت، هەروەها پەروەردە ناتوانێت پشت بەو پلاتفۆرمە دیجیتاڵییانە ببەستێ کە لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە. حکومەتەکان دەتوانن پشتگیری لە کردنەوەی سەرچاوە پەروەردەییەکان و کردنەوەی دەستگەیشتنی دیجیتاڵی بکەن.

- لابردنی بەربەستەکانی پەیوەندیکردن: قەیرانەکە تێگەیشتنێکی قووڵتری بەدوای خۆیدا هێنا لە دابەشکردنی دیجیتاڵ و ئەو بۆشاییەی پەیوەندیدارە بە پەروەدەوە کە پێویستی بە سەرنجی بەپەلە هەیە. حکومەت و هاوبەشەکانی گەشەپێدان، پێویستە پێکەوە کار بکەن بۆ لابردنی بەربەستە تەکنەلۆجییەکان بە وەبەرهێنان لە ژێرخانی دیجیتاڵ و کەمکردنەوەی تێچوونی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان. پڕکردنەوەی پێداویستیی دیجیتاڵی، پێویستی بە وەبەرهێنانی زیاتر دەبێت لە خوێندەواری دیجیتاڵ بۆ دانیشتووانە پەراوێزخراوەکان.

- بەهێزکردنی داتا و چاودێریکردنی فێربوون: بەڕێوەبردنی قەیرانی پەروەردە پێویستی بە چاودێریی بەردەوامی داتا هەیە لەسەر ئاستی قوتابی و مامۆستا و قوتابخانە. ئەم چاودێرییە پێویستە لەسەر بنەمای تێکەڵەیەک بێت لە سیستمەکانی داتا و هەڵسەنگاندن و ئەو میتۆدە نوێیانەی پەیوەندیی بەم چوارچێوەیە تایبەتەوە هەیە. بۆ پاڵپشتی، پێویستە داتاکان یارمەتیی چاودێریکردنی ژینگەی فێربوون بدات و یارمەتیدەر بێت بۆ هەڵسەنگاندنی بەرپرسیارێتیی قوتابخانە. کوالێتیی داتا و هێڵی کات زۆر گرنگن، کە ئەمە بریتییە لە ستراتیژیی تەواوکاری کە کەموکورتیی دیجیتاڵ کەم بکاتەوە و تواناکانی مامۆستا لە ڕاهێنانی پێداگۆجی بۆ پەروەردەی دوور؛ فراوان بکات. بەهێزیی سیستمی چاودێری لە پەروەردەدا بەو شێوە بەهێزە یارمەتیدەر دەبێت بۆ داتای گرنگ و دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ یارمەتیدانی زیاتری قوتابخانەکان بۆ بەرهەمهێنانی داتای کوالێتی کە ئەوانیش بەکاری بهێنن، ئەمەش دەبێتە خۆراک بەخشین بە چاودێریی بەردەوامی سیستمەکە.

- زیادکردنی نەرمی لە ئاست و جۆری پەروەردە و مەشقەکان: بەشێکی گرنگی پەروەردەی بەهێز، نەرمی و توانای گونجاندنیەتی کە پشت دەبەستێت بە لکاندنێکی بەهێز لەنێوان ئاست و جۆری پەروەردەدا، ئەمە سەرەڕای توانای ئەلتەرناتیڤ دروستکردنی شێوازەکانی گەیاندن. فێربوونی جووت شێواز یان هایبرید، کە ڕێگای نەرم و نیمچەتاکەکەسی بۆ فێرخوازان فەراهەم دەکات، پێویستی بە تێکەڵەیەک لە میتۆدەکانی پێداگۆجی و کۆکردنەوەی سەرچاوە جێگرەوەکانی پێداگۆجی لەسەر ئاستی پلاتفۆرمە نیشتمانی

و نێودەوڵەتییەکان هەیە. بەڵام فێربوونی هایبرید، کێشەی ناساندنی فێربوون دەهێنێتە کایەوە. بۆ پاراستن و چاودێریی سیستمە تێکەڵکراوەکان، پێویستە لینکی بەهێزتر لەنێوان پێکهاتە فەرمی و نافەرمییەکاندا پەرەی پێ بدرێت، لەوانە: ناساندن و دانپێدانان بە فێربوون و خوێندن، کە داواکراو و پێویستە لە هەموو جۆرەکانی فێربووندا. ئەم لینکە بەهێزانە ڕێگە بە سیستمەکانی پەروەردە دەدەن کە زیاتر دادپەروەر و گشتگیر بن و هەروەها کاریگەرتر بن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان و کاراتر لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان و باشتر بۆ خزمەتکردنی پێویستی کۆمەڵگا.

**دەرئەنجام:** شۆکی قەیرانی کۆڤید-١٩ لەسەر پەروەردە بێوێنە بووە، هەر ئەمە بووەتە هۆی پاشەکشە لە گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان و کاریگەرییەکەش زیاتر لەسەر هەژاران و لاوازەکان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی پەروەردە خۆڕاگریی نیشان داوە و زەمینەسازیی بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی نیشان داوە. مەترسیی خراپبوونی بارودۆخەکە ماوە، بە هۆی لەدەستچوونی فێربوون و بێبەشبوونی هەندێک. هەر خراپبوونێکیش لە باری ئابووری-کۆمەڵایەتی، دەشێت ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ پێشنیاری وێنەیەکی ئەرێنی بۆ داهاتووی پەروەردە.

نەتەوە یەکگرتووەکان گۆڕانکارییەکی گشتگیری دەوێت لە گەیاندنی پەروەردە، لە ئازادکردنی توانستی شاراوەی تاکەکان، لە جێبەجێکردنی کاری بەکۆمەڵ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە پەروەردەدا.

پاڵنەر و سەرچاوەی یەکجار زۆر هەن کە دەتوانین پشتیان پێی ببەستین بۆ گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی، نەک تەنها خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی پەروەردە، بەڵکوو هیوا ئیلهامبەخشەکانی پەروەردەش. ئەرکی حکومەتەکان و کۆمەڵگای نێوەدەوڵەتییە کە بەڕاستی دەست بگرن بە پرنسیپەکانەوە و چاکسازی ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی نەک هەر منداڵان و لاوان ئایندەیەکی باشیان هەبێت، بەڵکوو لێپرسراوانی پەروەردە ڕۆڵی خۆیان بدۆزنەوە لە چۆنێتیی دابینکردنی ئەو ئایندە باشە.

سەرچاوەکان:

- نەخشەڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سیاسەتی پەروەردە لە سەردەمی کۆرۆنادا: https://www.un.org/development/desa/dspd/wp-content/uploads/sites/22/2020/08/sg_policy_brief_covid-19_and_education_august_2020.pdf.

- توێژینەوەی پرۆفیسۆر گۆڤیندەرەجان و سریڤاستاقا بۆ گۆڤاری بزنسی زانکۆی هارڤارد:https://hbr.org/2020/03/what-the-shift-to-virtual-learning-could-mean-for-the-future-of-higher-ed.

- ڕاپۆرتی پرۆفیسۆر پامیلا براسەی لە زانکۆی مسیسپی بۆ سایتی کۆنڤەرسەیشن: https://theconversation.com/tips-for-living-online-lessons-from-six-months-of-the-covid-19-pandemic-145514

# سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست

ئامادەکردن و وەرگێڕان: هێمن محمد قادر



**بەرایی**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە کە کار بۆ ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ئایندەی پەیوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بکرێت. چوارچێوەی گشتیی ئەم توێژینەوەیە، کارکردنە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەسەر ئاستەکانی ئاسایش، ئابووری، پەیوەندیی مێژوویی و کولتووری لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست. گرنگیی هەڵکەوتە و پێگەی جوگرافیی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە ڕووی جیوپۆلەتیك و جیۆستراتیژییەوە، بەتایبەتی بە هۆی بەردەوامیی ڕکابەری و گرژی و ئاڵۆزییەکانی کێشەی قوبرس، سووریا، لیبیا و ئیسرائیل/فەلەستین، دەوڵەمەندیی ناوچەکە بە سەرچاوەکانی وزەی وەک نەوت و غازی سروشتی و کاریگەریی لەسەر ئاسایش و ئابووریی تورکیا، وای کردووە حکومەتی ئەنقەرە لە ئەجێنداکانی سیاسەتی دەرەوەیدا گرنگی و بایەخێکی ئێجگار زۆر بەم ناوچەیە بدات. بەردەوامیی جموجووڵ و چالاکییەکانی تورکیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و کارکردن بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، چ لە ڕووی دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتانی ناوچەکە وەک ئەنجامدانی لەشکرکێشیی سەربازی بۆ سەر خاکی سووریا، ناردنی هێزی سەربازی بۆ لیبیا، چ لە ڕووی بەردەوامیدان بە کاری هەڵکەندن و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی وزەدا لە ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، بووەتە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە لەسەر ئاستی هەرێمی نێودەوڵەتی لە ئێستا و ئایندەدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند و چەندین گرفت و ئالنگاری ببێتەوە.

**زەمینە**

زۆرێک لە توێژەران کۆکن لەسەر پرسی دیاریکردنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست. گرنگترین ئەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە ئەم ناوچەیە، بریتین لە ئەلبانیا، چیای ڕەش (قەرەداغ)، یۆنان، لیبیا، ئیسرائیل، میسر، تورکیا، بۆسنە، سووریا، فەڵەستین و تونس. سەرباری ئەوەی دەریای سپیی ناوەڕاست تەنیا لە ١%-ی کۆی ڕووبەرە ئاوییەکانی جیهان پێک دەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و پێگە ستراتیژییەکەیەوە، نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی کەشتییە بارهەڵگرەکانی جیهان لە گواستنەوەی وزە و کاڵادا بەم دەریایەدا تێدەپەڕن. لە پڕۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان وڵاتانی هەناردەکاری وزە و وڵاتە بەرهەمهێن و پێشکەوتووەکانی جیهاندا کە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان پشت بە وزەی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە دەبەستن، دەستبەرداربوون لەم ڕێگایە، چ لە ئێستادا و چ لە ئایندەدا کارێکی ئاستەم و نەکردەیە.

لە لایەکی دیکەوە گرنگیی جیۆستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وەک پردێک لە پێکەوەبەستنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئەورووپا بە درێژایی چەندین سەدە لە بواری ئاڵوگۆڕی بازرگانی، گەشەسەندن و پێشکەوتنی تەکنیکەکانی گەڕان و پشکنین بەدوای سەرچاوەکانی وزەدا و دۆزینەوەی چەندین کێڵگەی دەوڵەمەند بە نەوت و غازی سروشتی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، وای کردووە ئەم ناوچەیە بەبەردەوامی ببێتە جێگەی گرنگیپێدان و ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.(1) لەگەڵ گەشەسەندنی گرنگیپێدانی زیاتر بەم ناوچەیە لەلایەن هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە، لە ئێستادا تورکیاش وەک دەوڵەتێکی هەرێمیی بەهێز؛ گرنگیی زیاتر بەم ناوچەیە دەدات.

دەکرێت لێرەدا ئاماژە بۆ چەند فاکتەرێکی جیاواز بکرێت کە کاریگەریی ڕاستەخۆیان لەسەر ئایندەی ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست هەیە. هۆکاری سەرەکیی گرنگیپێدانی زیاتری تورکیا بەم ناوچەیە لە ئێستادا، زیاتر بۆ لایەنی ئەمنی و ئابووری دەگەڕێتەوە. فاکتەرێکی تر کە پاڵ بە تورکیاوە دەنێت تا گرنگیی زیاتر بەم ناوچەیە بدات، بریتییە لە ناسەقامگیریی بارودۆخی ناوچەکە و بەردەوامیی ڕکابەری و ململانێ و پێکدادانەکانی( لیبیا، سووریا، ئیسرائیل/فەڵەستین، کێشەی قوبرس) و گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی میسر و لوبنان و کاریگەریی بۆ سەر ئاسایش و ئابووریی تورکیا لە ئایندەدا. لە لایەکی دیکەوە پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین کە سیاسەتی هێزە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئەمەریکا، ڕووسیا و یەکێتیی ئەورووپا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بۆ سەر ئایندەی سیاسەت و پەیوەندییەکانی تورکیا هەیە لە ناوچەکەدا.

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە تورکیا لە داڕشتن و دیاریکردنی ئایندەی ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا لە هەریەک لە لیبیا و سووریا، سیاسەتی دەرەوەی هێزێکی نێودەوڵەتیی وەک ڕووسیا، لە یەکلاییکردنەوەی ئایندەی کێشەکانی فەڵەستین، سووریا، لیبیا و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا هەڵوێست و سیاسەتەکانی هێزێکی نێودەوڵەتیی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە بۆ ماوەی چەندین دەیەیە باڵادەستیی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەپاندووە، لەبەرچاو بگرێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، دەتوانین ئاماژە بۆ هەڵوێستی توندی هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فەڕەنسا بکەین بەرامبەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە پرسی یەکلاییکردنەوەی کێشەی قوبرس لەگەڵ هەریەک لە قوبرسی

یۆنانی (کۆماری باشووری قوبرس) و یۆناندا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بە هۆی ئەندامێتیی هەریەک لەم دوو وڵاتە لە یەکێتیی ئەورووپادا.

لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە توێژەران کە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئایندەی سیاسەتەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەکەن، پێیان وایە یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانەی کە بایەخێکی گرنگی هەیە و پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، فاکتەری ئابوورییە. گرنگی و بایەخی ئەم هەرێمە بە هۆی دەوڵەمەندی بە سەرچاوەکانی وزەی وەکوو نەوت و غازی سروشتی و ڕۆڵی لە پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکانی تورکیا لە ئایندەدا، پاڵ بە حکومەتی ئەنقەرەوە دەنێت تا گرنگیی زیاتر بەم ناوچەیە بدات، بەتایبەتی لە ئێستادا کە تورکیا ناچارە بۆ دەستخستنی وزەی پێویست پشت بە وڵاتانی دەرەکی ببەستێت. تورکیا لە ڕێگەی دۆزینەوەی سەرچاوەکانی وزەوە لە ئاوە نێودەوڵەتییەکانی خۆی لە ئایندەدا، یاخود لە ڕێگەی بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی وزە لەو هێزە وەبەرهێنەرانەی کە ئەگەری هەیە لە ئایندەدا لە ناوچەکەدا دەربکەون، دەتوانێت لە بابەتی دابینکردنی غازی سروشتی بۆ وڵاتەکەی، خۆی لە پاشکۆیەتیی دەوڵەتانی وەک ڕووسیا ڕزگار بکات.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین جگە لە فاکتەرەکانی ئاسایش و ئابووری، نزیکەی تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کە کەوتوونەتە ئەم ناوچەیەوە، لە ڕووی مێژوویی و کولتوورییەوە پەیوەندییەکی نزیک و هاوبەشیان لەگەڵ تورکیادا هەیە. بۆیە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی تورکیا لە ئێستا و ئایندەدا، کارکردنە بۆ دووبارە تازەکردنەوە و بەهێزکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا. بەڕێوەبردنی تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە ئەم ناوچەیەوە، بە درێژایی چەندین سەدە لە ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانییەوە، فاکتەرێکی گرنگە بۆ بونیادنانی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە و تورکیادا. بۆیە هۆکاری لە نزیکەوە چاودێریکردن و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆی تورکیا لە جەنگ و پێکدادانە ناوخۆییەکانی سووریا، لیبیا، کێشەکانی ئیسرائیل/ فەڵەستین و میسر، بۆ ئەو پەیوەندییە مێژوویی و کولتوورییە دێرینە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان هەردوو لادا هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە تیشک بخرێتە سەر پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تورکیا، سیاسەتی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی ئاسایش، ئابووری، پەیوەندیی مێژووی-کولتووری، شیکردنەوەی هەڵوێست و سیاسەتی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە سیاسەتەکانی تورکیا لەم ناوچەیە.

**ئاسایش**

گرنگیی پێگەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە ڕووی جیۆستراتیجی و جیۆپۆلەتیکییەوە، بە یەکێک لە گرنگترین ئەو فاکتەرانە دادەنرێت کە پاڵ بە تورکیا دەنێت تا لە ڕوانگەی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانیی تورکیاوە چ لە ئێستادا یاخود لە ئایندەدا گرنگیی زیاتر بەم ناوچەیە بدات. بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی ئەم ناوچەیە لە ڕووی جیۆستراتیژییەوە، هێندە بەسە کە تەماشای ململانێی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بکەین بۆ سەپاندنی دەسەڵات و نفوزی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا. زۆرێک لە هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی وەک ئەمەریکا، ڕووسیا، فەڕەنسا، بەریتانیا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، تورکیا، یۆنان، ئیسرائیل، میسر، ئیمارات و عەرەبستانی سعودی بەشێکن لەو دەوڵەتانەی کە بەشدارن لە ململانێکانی ناوچەکەدا.

لە ڕووی جوگرافییەوە هاوبەشیی چەندین دەوڵەتی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکانی وزە لە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، هەبوونی کەناڵێکی ئاویی وەک نۆکەندی سوێس کە بە یەکێک لە گرنگترین ڕێگا ئاوییەکانی جیهان دادەنرێت لەم ناوچەیەدا، بەردەوامیی کێشە و ململانێکانی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین لەم جوگرافیایەدا، هاندانی ئەمەریکا بۆ سەپاندنی باڵادەستیی خۆی بەسەر ناوچەکەدا لەلایەن لۆبی ئیسرائیلییەوە، خەونی کلاسیکیی گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان لەلایەن ڕووسیاوە، خەونی زیندووکردنەوەی باڵادەستیی سەردەمی ئیمپراتۆری لەلایەن بەریتانیا، ڕووسیا و فەڕەنساوە، بەرداوامیی گەڕان و پشکنینەکانی تورکیا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی وزە، هۆکارە بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە ڕووی جیۆستراتیژی و جیۆپۆلەتیکەوە بە یەکێک لە گرنگترین ناوچەکانی جیهان دابنرێت.

ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی کەنداوی سوێس، دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی ئیسرائیل، گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان، بەدەستهێنانی بەشێک لە سەرچاوەکانی وزە لە سووریا، وای کردووە دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی لیبیا و قوبرس گرنگییەکی زیاتر بەدەست بهێنێت. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینیوە لەم ماوانەی دواییدا، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش تا ڕادەیەک گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بێگومان تورکیاش وەک هێزێکی هەرێمیی گرنگ، لە ڕێگەی پیادەکردن سیاسەتێکی سەربەخۆوە کار بۆ پاراستن و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەکات. سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە چوارچێوەی ئەم ململانێیانەدا وای کردووە ئەو وڵاتە چ لەسەر ئاستی هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی چەندین گرفت ببێتەوە، بە جۆرێک لە ئێستادا

کار بۆ گەمارۆدان و فشارخستەسەر ئەم وڵاتە دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست. لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی ئاماژە بۆ هەندێک لەو گرفتانە بکەین، لەوانە: قوبرس بە یەکێک لە گرنگترین ئەو ناوچانە دادەنرێت کە لە ئەجێنداکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست گرنگی و بایەخێکی تایبەتی هەیە. پاش دامەزراندنی کۆماری قوبرس لە ساڵی ١٩٦٠دا، کێشە و ململانێکانی نێوان تورکیا و یۆنان لەسەر ئەم ناوچەیە تا ئێستا بەرداوامیی هەیە. ئەم کۆمارە گەرچی لە سەرەتادا بە شێوەیەک دامەزراێنرا کە نوێنەرایەتیی هەردوو نەتەوەی (تورک، یۆنانی) بکات، بەڵام پاش تێپەڕینی ماوەیەکی کەم بەسەر دامەزراندنیدا، یۆنانییەکان لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەند پەلامارێکی خوێناوییەوە بۆ سەر تورکەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا، هەوڵیان دا گۆڕانکاری لە کۆمارەکەدا بکەن و بیگۆڕن بۆ کۆمارێکی یۆنانی. وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر ئەم کارەدا، تورکیا پلانی دانا دەستتێوەردان لە بارودۆخی نێوخۆی قوبرسدا بکات، بەڵام بە هۆی دژایەتییەکانی ئەمەریکاوە، تورکیا نەیتوانی ئەم پلانە جێبەجێ بکات. تەنانەت دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٧٤یش، ئەمەریکا بۆ ڕێگریکردن لە دەستتێوەردانی تورکیا، بۆ ماوەی سێ ساڵ دوورگەی قوبرسی وەک ناوچەیەکی لە چەک داماڵراو ڕاگەیاند[1].

پاش قبووڵکردنی ئەندامێتیی یۆنان لە یەکێتیی ئەورووپا لە ساڵی١٩٨١دا، وە پاشانیش قبووڵکردنی بەئەندامبوونی قوبرسی یۆنانی (کۆماری باشووری قوبرسی یۆنانی) لە ٢٠١٤/٥/١دا وەک نوێنەری هەموو قوبرس لە یەکێتیی ئەورووپا، هەریەک لە ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا لە پرسی چارەسەرکردنی کێشەی قوبرسدا، بەتایبەتی لە پرسی دیاریکردنی سنووری ڕووبەرە ئاوییەکانی ناوچەکە و چەسپاندنی دەسەڵات تیایدا کە بە گرنگترین کێشە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دادەنرێت، زیاتر وەک لایەنگری یۆنان و قوبرسی یۆنانی دەردەکەون لەبەرامبەر تورکیادا. سەرباری ئەوەی تورکیا لە پێشەنگی ئەو دەوڵەتانە دێت کە خاوەنی درێژترین کەناراوی ئاوین لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی تورکیا دەدرێت بەسەر پانتاییە ئاوییەکانی ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و دەریای ئیجەدا[2].

بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هەوڵەکانی یۆناندا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دوورگەکانی میس، ڕۆدۆس، کاشۆت و دوورگەی کریت وەک بەشێک لە خاکی خۆی، تورکیا لە ساڵی ٢٠١٠دا ڕێککەوتننامەیەکی ڕێگەپێدانی لەگەڵ قوبرسی تورکی (کۆماری باکووری قوبرسی تورکی) ئەنجام دا. لە ڕێگەی ئەم پەیماننامەیەوە،

تورکیا لەدوای ساڵی 2010ەوە توانیی هێزە دەریاییەکانی لەنزیک دوورگەی قوبرس جێگیر بکات و کاری پشکنین و گەڕان بەدوای سەرچاوە سروشتییەکانی وەک نەوت و غازدا لە پانتاییە ئاوییەکانی ناوچەکە ئەنجام بدات[3]. لە درێژەی ململانێ و ڕکابەرییەکانی ناوچەکەدا، هێزە دەریاییەکانی تورکیا لە 9/2/2016دا هەستان بە ڕێگریکردن لە کەشتییەکی سەر بە کۆمپانیای نەوتی ئیتاڵی (ENI)، بە تۆمەتی ئەوەی بەنیاز بووە کاری گەڕان و پشکنین بوو لە ڕووبەرە ئاوییەکانی کۆماری قوبرسی تورکی ئەنجام بدات. بەردەوامیی تورکیا لە هەنگاوەکانی کاری گەڕان و پشکنین لەنزیک کەناراوەکانی قوبرس و یۆنان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و گوێنەدان بە ناڕەزایەتییە نێودەوڵەتییەکان لەم بارەیەوە، ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ قوبرسی یۆنانی و یۆناندا، بەتایبەت پاش تۆمەتبارکردنی دەوڵەتی قوبرس بە گرتنەبەری هەنگاوی تاک لایەنە و پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی گەڕان و پشکنین بەدوای سەرچاوە سروشتییەکانی ناوچەکەدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافەکانی هاوڵاتیانی تورک لە باکووری قوبرس، وای کردووە تورکیا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دووچاری تێکچوونی پەیوەندییەکانی بێت لەگەڵ هەریەکە لە دەوڵەتانی یۆنان، قوبرسی یۆنانی، ئەمەریکا و فەڕەنسادا.

یەکێکی دیکە لەو ناوچانەی کە لە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا گرنگی و بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت و وەک بە بەشێک لە پرسی ئەمن و ئاسایشی نیشتمانیی ئەنقەرە سەیر دەکرێت، بریتییە لە کێشەی لیبیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا. تورکیا بە ئامانجی فراوانکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، هەستا بە ئەنجامدانی یاداشتنامایەکی لێکتێگەیشتن لە 27/11/2019 لەگەڵ حکومەتی ویفاقی نیشتمانی لە (تەرابلوس/لیبیا) بە سەرۆکایەتیی سەراج، بە مەبەستی دیاریکردنی سنووری دەسەڵات بەسەر ڕووبەرە ئاوییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا. جگە لەوەش تورکیا بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری هاوبەش لە بواری ئەمنی و سەربازی، ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی لەگەڵ حکومەتی ویفاقی نیشتمانی ئەنجام دا. بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە و لەسەر بانگهێشتی حکومەتی ویفاقی نیشتمانیی تەرابلوس، تورکیا هەستا بە ڕەوانەکردنی هێزی سەربازی بە مەبەستی یارمەتیدانی هێزەکانی سەر بە حکومەتی ویفاقی نیشتمانی لە پێکدادانە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتەدا، بێگومان ئەمەش بوو بە هۆی ئاڵۆزبوون و تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوپای نیشتمانیی لیبیادا بە سەرۆکایەتیی خەلیفە حفتەر. سڵنەکردنەوەی تورکیا لە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری نێوخۆی لیبیا و ڕەوانەکردنی هێزی سەربازی بۆ ئەو وڵاتە لە

پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و چەسپاندنی هێز و دەستەڵاتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، کاردانەوەی توندی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی بەدوای خۆیدا هێناوە و ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم وڵاتە ناچار بە پاشەکشەکردن بکات لە خاکی لیبیا.

یەکێکی دیکە لەو ڕەهەندانەی کە ئەنقەرە لە ئەجێندای ساسیەتی دەرەوەیدا لە ناوچەکە گرنگییەکی زۆری پێ دەدات و کاری بۆ دەکات، بریتییە لە هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوە و بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی لە ڕووی سیاسی، ئابووری، مێژوویی و کولتوورییەوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە لەژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکاندا بوون. بەتایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیی پارتی داد و گەشەپێداندا، تورکیا هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە سەر حەوزی دەریای سپیی ناوەڕاست وەک سووریا، میسر، لیبیا و فەڵەستین بەهێز بکات و پەرەی پێ بدات. لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لەلایەن گەلانی میسر، لیبیا و سووریا دژ بە سیستمە دیکتاتۆرییەکانی وڵاتەکانیان بەئومێدی کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری و بەدیهێنانی دیموکراسی لە وڵاتەکانیان، تورکیا هەر لە سەرەتای ئەم شۆڕش و یاخیبوونانەوە پاڵپشتیی خۆی بۆ گەلانی ناوچەکە ڕاگەیاندووە بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ ئەجێنداکانی سیاسەتی دەرەوەیدا. لەم چوارچێوەیەدا پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی میسر، وە بەتایبەتی پاش بردنەوەی پارتی ئیخوان موسلمین و هاتنەسەرکاری محەمەد مورسی لە ڕێگەی دەنگدان و بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەوە، تورکیا پاڵپشتی و پشتیوانیی خۆی بۆ حکومەتەکەی محەمەد مورسی ڕاگەیاند. بە هەمان شێوەی میسر، تورکیا لە ڕێگەی پاڵپشتیی یارمەتیدانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی نزیک لە خۆی لە سووریادا، دژایەتیی خۆی بۆ حکومەتەکەی بەشار ئەسەد ڕاگەیاند.

هەڵوێست و جموجووڵەکانی تورکیا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، هەر لە ڕەتکردنەوەی کودەتا سەربازییەکەی سیسی لە میسر، دەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆی سووریا و ئەنجامدانی لەشکرکێشی بۆ سەر خاکی ئەو وڵاتە، ناردنی هێزی سەربازی بۆ لیبیا و دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە، پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی ژمارەیەک لە دەوڵەتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا و نارەزایی و هەڵوێستوەرگرتنی ئەو دەوڵەتانە دژ بە جموجووڵ و چالاکییەکانی تورکیا لە ناوچەکە، وای کردووە پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتە چ لەسەر ئاستی هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی، تووشی گرفت و لاوازی ببێت. لەم چوارچێوەیەدا هەریەک لە وڵاتانی

ئیمارات، ئیسرائیل، ئه‌مه‌ریکا، فه‌ڕه‌نسا، ڕووسیا و عه‌ره‌بستانی سعودی، هه‌نگاوه‌کانی ئه‌نقه‌ره بۆ پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی و زیادکردنی ده‌سه‌ڵات و نفوزی خۆی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ده‌ریای ناوه‌ڕاست، وه‌ک مه‌ترسییه‌ک بۆ سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی خۆیان ده‌بینین و کار بۆ سنووردارکردن و که‌مکردنه‌وه‌ی هێز و ده‌سه‌ڵاتی تورکیا له‌ ناوچه‌که‌ ده‌که‌ن. له‌ ئێستادا له‌سه‌ر ئاستی هه‌رێمی به‌ره‌یه‌کی هاوبه‌ش له‌نێوان وڵاتانی ئیمارات، میسر و عه‌ره‌بستانی سعودی دروست بووه‌، به‌ مه‌به‌ستی ڕێگریکردن له‌ هێز و نفوزی تورکیا له‌ ناوچه‌که‌دا به‌ سه‌رۆکایه‌تیی پارتی داد و گه‌شه‌پێدان. وه‌ک ده‌بینرێت له‌ ئێستادا ئه‌م به‌ره‌یه‌ کۆکن له‌سه‌ر گرتنه‌به‌ری هه‌نگاوی هاوبه‌ش له‌ کێشه‌ی لیبیا و دیاریکردنی سنووری ده‌سه‌ڵاتی ده‌ریایی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ده‌ریای ناوه‌ڕاست له‌به‌رامبه‌ر تورکیادا، له‌به‌رامبه‌ر پشتیوانی و هاوکارییه‌کانی وڵاتانی ئیمارات، میسر و عه‌ره‌بستانی سعودی بۆ هێزه‌کانی سوپای نیشتمانیی لیبیا به‌ سه‌رۆکایه‌تیی خه‌لیفه‌ حفته‌ر. به‌ڵام له‌سه‌ر ئاستی نێوده‌وڵه‌تی به‌ هۆی ڕکابه‌ری و پێکدادانی به‌رژه‌وه‌ندیی ده‌وڵه‌ته‌ زلهێزه‌کان، تا ئێستا نه‌توانراوه‌ به‌ره‌یه‌کی هاوبه‌ش له‌به‌رامبه‌ر تورکیادا دروست بکه‌ن، بۆ نموونه‌ هه‌ریه‌ک له‌ فه‌ڕه‌نسا و ڕووسیا به‌گوێره‌ی به‌رژه‌وه‌ندییه‌ تایبه‌ته‌کانیان سیاسه‌تێکی جیاواز و دژیه‌ک له‌ سووریادا پیاده‌ ده‌که‌ن، به‌ڵام له‌ لیبیادا هه‌ردوو وڵات له‌ یه‌ک به‌ره‌ی هاوبه‌شدان و پشتیوانی له‌ حکومه‌ته‌که‌ی خه‌لیفه‌ حفته‌ر ده‌که‌ن.

له‌ درێژه‌ی هه‌وڵه‌کانیاندا بۆ گه‌مارۆدان و لاوازکردنی تورکیا له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ده‌ریای ناوه‌ڕاست، پێویسته‌ ئاماژه‌ بۆ سیاسه‌تی ده‌وڵه‌تی ئیسرائیل و کاریگه‌ریی دیار و به‌رچاوی لۆبی ئه‌و وڵاته‌ له‌ ئاڕاسته‌کردنی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکادا له‌ ناوچه‌که‌ بکه‌ین. له‌گه‌ڵ گه‌شه‌سه‌ندنی تواناکانی تورکیا له‌ ڕووی ئابووری و سه‌ربازییه‌وه‌ له‌ ماوه‌ی فه‌رمانڕه‌وایه‌تیی پارتی داد و گه‌شه‌پێداندا به‌ سه‌رۆکایه‌تیی ڕه‌جه‌ب ته‌یب ئۆردۆغان، حکومه‌تی ئه‌و وڵاته‌ هه‌وڵه‌کانی خۆی چڕ کردووه‌ته‌وه‌ بۆ گرتنه‌به‌ری سیاسه‌تێکی سه‌ربه‌خۆ له‌ کاروباری ناوخۆ و ده‌ره‌وه‌یدا، هه‌ر له‌ دانان به‌ بزووتنه‌وه‌ی حه‌ماسی فه‌ڵه‌ستینی وه‌ک نوێنه‌ری ڕاسته‌قینه‌ی هاووڵاتیانی فه‌ڵه‌ستین، به‌تایبه‌ت پاش بردنه‌وه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کانی ساڵی 2006ی ئه‌و وڵاته‌، پێشوازیکردن له‌ خالید مه‌شعه‌لی سه‌رۆکی ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌ له‌ ئه‌نقه‌ره‌ی پایته‌خت و ده‌ربڕینی ناڕه‌زایی به‌رامبه‌ر گه‌مارۆکانی سه‌ر که‌رتی غه‌زه‌ له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تی ئیسرائیله‌وه‌، حکومه‌تی ته‌لئه‌بیبی له‌ ئه‌نقه‌ره‌ نیگه‌ران کردووه‌. به‌رده‌وامیی هه‌ڵوێسته‌کانی تورکیا له‌به‌رامبه‌ر کێشه‌ی فه‌ڵه‌ستین، وه‌ستانه‌وه‌ دژ به‌ سیاسه‌ته‌کانی

ئیسرائیل لە ناوچەکە و بەردەوامیی چالاکییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وای کردووە ئیسرائیل هەوڵەکانی تورکیا وەک مەترسی بۆ سەر خۆی ئەژمار بکات، بێگومان ئەم دۆخەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر هەڵوێست و سیاسەتەکانی واشنگتۆن دەبێت لەبەرامبەر تورکیادا. زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین مەترسی و نیگەرانییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەبەرامبەر تورکیادا بە جۆرێک زیادی کردووە کە لە ڕووی سیاسی، ئابووری و میدیاییەوە پەنا بۆ سوودبینین لە تواناکانی لۆبی خۆی بەرێت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە مەبەستی دژایەتیکردن و لاوازکردنی دەوڵەتی تورکیا[4].

**ئابووری**

یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانەی کە پێویستە لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لەبەرچاو بگیرێت، بریتییە لە گرنگیی ئەم ناوچەیە لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ دەوڵەتی تورکیا. ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیادا خاوەنی پێگەیەکی ئێجگار گرنگ و ستراتیجییە، هەم بە هۆی دەوڵەمەندیی بە سەرچاوە سروشتییەکانی وەک نەوت و غاز و هەم بە هۆی گرنگیی پێگەکەی لە پەیوەندیی ئابووری و بازرگانیی دوولایەنەی نێوان تورکیا و دەوڵەتانی ناوچەکە. تورکیا لە ڕێگەی بەهێزکردنی نفوزی خۆیەوە لەم ناوچەیە، لە لایەکەوە کار بۆ ئەوە دەکات کە لە بابەتی دابینکردنی وزەی پێویست بۆ وڵاتەکەی، پەیوەستبوونی خۆی بە وزەی دەرەکی کەم بکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە دەیەوێت پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان زیاتر پەرە پێ بدات. گەر لەم سۆنگەیەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرباری ئەوەی تورکیا لە ئێستادا بە شێوەیەکی چڕ سەرقاڵی کاری گەڕان و پشکنینە بەدوای نەوت و غازدا لە ناوچەکەدا، لە هەمان کاتدا کار بۆ جێبەجێکردنی پلانی گواستنەوە و گەیاندنی غازی سروشتیی ناوچەکە دەکات لە ڕێگەی خاکی خۆیەوە بۆ بازاڕەکانی ڕۆژئاوا[5].

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان، بڕی غازی سروشتی لە کێڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا یەکسانە بە ٤,٥%-ی کۆی یەدەگی غازی سروشتی لە جیهاندا. لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە بەشێکی گرنگی کێڵگەکانی غازی سروشتی لەم هەرێمە لە ناوچەی تامار و لێڤیاتان-ەوە لە خاڵی بەیەکگەیشتنی کەناراوەکانی قوبرس، میسر و ئیسرائیلەوە تا ڕۆژئاوای دەلتای نیل لە کەناراوەکانی میسر درێژ دەبێتەوە. گەورەترین کێڵگەکانی غازی سروشتی کە دەکەونە سەر ئەم هێڵە، بریتییە لە کێڵگەکانی: 1. تامار: 318 ملیار مەتر سێجا 2. لێڤیاتان: 605 ملیار مەتر سێجا 3. ئافرۆدیت:

129 ملیار مەتر سێجا 4. کالیپسۆ: 230 ملیار مەتر سێجا 5. زۆهر کە 850 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لەخۆ دەگرێت. هەروەها پێشبینی دەکرێت ناوچەکانی نێوان لەڤانت و دەلتای نیل، بڕی 8.9 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لەخۆ بگرێت[6]. لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە لێکۆڵینەوەکانی ناوچەی لەڤانت و حەوزی ڕۆژئاوای ڕووباری نیل، تا ئێستا نەتوانراوە کاری گەڕان و پشکنین بە شێوەیەکی چڕ لە ئاوە کیشوەرییەکانی باشووری ڕۆژئاوای کەناراوەکانی تورکیاوە تا کەناراوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی لیبیا و ڕۆژئاوای میسر ئەنجام بدرێت. هەر چەندە تورکیا لەم ماوانەی دواییدا لە ڕێگەی کرینی چەند کەشتییەکی تایبەت بەم بوارە، دەستی کردووە بە کاری گەڕان و هەڵکەندن لە ناوچەکەدا. سەرەڕای ئەوەش بە هۆی ناکۆکی و ململانێکانی لەگەڵ یۆناندا سەبارەت بە دیاریکردنی ڕووبەری دەسەڵاتی دەریایی نێوانیان لە دەریای ئیجە، تا ئێستا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی چڕ کاری گەڕان و هەڵکەندن بەدوای سەرچاوەکانی وزەدا لەم ناوچەیە ئەنجام بدات.

جێگەی باسە کێڵگەکانی غازی سروشتی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بەتەنیا ناکەونە قووڵایی ئاوی دەریاوە، بەڵکوو لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە هەندێک ناوچە لە سنووری کەناراوەکانی لیبیا و میسردا دەوڵەمەندن بە لەخۆگرتنی بڕێکی زۆر لە غازی سروشتی. وڵاتی لیبیا لە ڕێگەی خاوەندارێتیکردنی چەندین کێڵگەی دەوڵەمەند بە غازی سروشتی وەک کێڵگەکانی وەفا و بۆری، کە بڕی 5.1 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لەخۆ دەگرێت، لەسەر ئاستی دونیا لە پلەی 22 دایە. هەر چی وڵاتی میسرە، بە خاوەندارێتیکردنی کێڵگەکانی زوهر، دەلتای نیل و ئاتۆڵ، کە بڕی 2.2 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لەخۆ دەگرێت، لەسەر ئاستی دونیا لە پلەی 16 دایە[7]. بۆیە جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هۆکاری سەرەکی لە نزیکەوە گرنگیپێدانی ژمارەیەکی زۆر لە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بە کاروباری نێوخۆی لیبیا و دەستێوەردان لە جەنگی نێوخۆی ئەو وڵاتەدا، بۆ دەوڵەمەندیی ئەو وڵاتە بە سەرچاوەکانی وزە دەگەڕێتەوە.

لەپاڵ دەوڵەمەندیی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بە غازی سروشتی، ئەم ناوچەیە لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی دیکەی وزە، لە چەشنی نەوت و پێکهاتەکانی. لە ئەنجامی بەردەوامیی گەڕان و پشکنینەکاندا تا ئێستا توانراوە بڕی 64 ملیار بەرمیل نەوت لە کۆی گشتیی ڕووبەری دەریایی و وشکانییەکانی ناوچەکە بدۆزرێتەوە. دۆزینەوەی ئەم بڕە لە نەوتی خاو لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، وا دەکات کە ئەم ناوچەیە نزیکەی ‎-7.3٪ی کۆی کێڵگە نەوتییەکانی جیهان لەخۆ بگرێت[8]. لیبیا خاوەندارێتیی نزیکەی 4.48 ملیار بەرمیل نەوتی خاو دەکات، کە نزیکەی ‎-2.3٪ی کۆی

کێڵگە نەوتییەکانی جیهان دەکات، لەپاڵ لیبیادا وڵاتی میسریش خاوەندارێتیی نزیکەی 3.3 ملیار بەرمیل نەوتی خاو دەکات لە جیهاندا[9].

وەک دەبینین دەوڵەمەندیی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بە سەرچاوەکانی وزەی وەکوو نەوت و غازی سروشتی، لە ڕووی ئابوورییەوە گرنگی و بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ دەوڵەتێکی هاوردەکاری وزەی وەک تورکیا، کە ناچارە لە دابینکردنی بڕی وزەی پێویست بۆ وڵاتەکەی پشت بە دەوڵەتانی دەرەکی ببەستێت. لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکیی تورکیا، دۆزینەوەی نەوت و غازە لە سنووری دەسەڵاتی دەریای تایبەت بە خۆیدا، هاوکات کار بۆ ئەوە دەکات کە لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ڕێگەپێدانی تایبەتەوە لە دەوڵەتانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکانی وزەی وەک لیبیا، کاری وەبەرهێنان لە بواری وزە لە ناوچەکە ئەنجام بدات. بەم جۆرە حکومەتی ئەنقەرە دەتوانێت هەم پێداویستییە نێوخۆییەکانی خۆی لە بواری وزەدا لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە دابین بکات لەبریی پشتبەستن بە دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە، هەم دەتوانێت ببێتە پردی گواستنەوەی وزە لەنێوان ڕۆژهەڵاتی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکانی وزە و بازاڕەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا کە زۆر پێویستیان بەو سەرچاوانە هەیە. بەم جۆرە تورکیا دەتوانێت ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بپێکێت و پێگەی خۆی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی زیاتر بەهێز بکات.

خشتەی ژمارە (1)، بڕی وزەی هاوردەکراو لەلایەن تورکیاوە لەنێوان ساڵانی (2010-2020)[10]

| ساڵ | نەوت (ملیۆن تەن) | غازی سروشتی (ملیار مەتر سێجا) | خەڵووزی بەردین (ملیۆن تۆن) |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ١٨,٨ | ٣٨,٠ | ٢٢,٠ |
| ٢٠١١ | ٢٠,٥ | ٣٤,٨ | ٢٤,٠ |
| ٢٠١٢ | ٢٢,٢ | ٤٥,٩ | ٢٩,٦ |
| ٢٠١٣ | ٢١,١ | ٤٥,٣ | ٢٧,٣ |
| ٢٠١٤ | ٣٢,٥ | ٤٩,٣ | ٣٠,٣ |
| ٢٠١٥ | ٣٩,٦ | ٤٨,٤ | ٣٤,٥ |
| ٢٠١٧ | ٤٠,٠ | ٤٦,٣ | ٣٦,٨ |
| ٢٠١٨ | ٤٣,٦ | ٥٥,٣ | ٣٩,١ |
| ٢٠١٩ | ٣٨,٧ | ٥٠,٣ | ٣٩,١ |
| ٢٠٢٠ | ٤١,٣ | ٤٥,٢ | |

وەک لە خشتەکەدا دیارە، تورکیا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی لە بواری وزەدا، ناچارە پشت بە وڵاتانی دەرەوە ببەستێت و ساڵانە بڕێکی زۆر وزە لە وڵاتان هەناردەکار بکڕێت. بۆیە لە ئێستادا تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، کار بۆ ئەوە دەکات بەردەوامی بە کاری گەڕان و هەڵکەندن بدات بە مەبەستی دۆزینەوەی

سەرچاوەکانی وزە، تاکوو بتوانێت لە ئایندەدا لە ڕێگەی دەرهێنانی سەرچاوەکانی وزەی ئەم ناچەیەوە هەم لە ڕووی ئابوورییەوە سوودمەند بێت، هەم خۆی لە پەیوەستبوونی دەرەکی ڕزگار بکات. لەم چوارچێوەیەدا تورکیا پاش ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەیەک لە ساڵی 2011دا لەگەڵ کۆماری قوبرسی تورکی و ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەیەکی دیکە لە ساڵی 2019 لەگەڵ حکومەتی ویفاقی نیشتمانی لە لیبیا، لە ڕێگەی کەشتیی تایبەت بە هەڵکەندن و لەرزاندن بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی وزە، لە سنووری ئاوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ناوچەکەدا دەستی کردووە بە ئەنجامدانی کاری گەڕان و هەڵکەندن.

تورکیا لەپاڵ هەریەکە لە کەشتییەکانی تایبەت بە کاری هەڵکەندن بە ناوەکانی فاتیح و یاوز، کەشتیی گەڕانی لەرزێنەری (سیسمیک) بە ناوەکانی باربارۆس خەیرەدین پاشا، کەشتیی لێکۆڵینەوەی لەرزێنەری ئێم تی ئەی ئۆروچ ڕەیس، بە مکوڕی و سووربوونەوە لە ئاوەکانی دەریای ناوەڕاستدا، درێژە بە چالاکییەکانی گەڕان و هەڵکەندن دەدات و لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی بچێتە ڕیزی ئەو دەوڵەتانەی جیهان کە توانای ئەنجامدانی کاری گەڕان و هەڵکەندنیان هەیە لە دەریادا[11]. جگە لەو کەشتییانە، لە سەرەتای ساڵی 2020دا کەشتیی "قانوونی" تایبەت بە کاری هەڵکەندن لەلایەن تورکیاوە خراوەتەوە کار[12]. بە مەبەستی پاراستن و دەستەبەرکردنی ئاسایش بۆ ئەو کەشتییانەی کە لە سەرەوە ناویان هێنرا، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا لە دەریای ناوەڕاست، جگە لە ناردنی هێزی دەریایی بۆ هاوڕێیەتیکردن و پاراستنیان، تورکیا لە ڕێگەی ئەنجامدانی مانۆڕی دەریایی و بەکارهێنانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانیەوە لە دوورگەی قوبرس، بەمکوڕییەوە کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەکات[13].

جگە لەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بۆ وڵاتێکی وەک تورکیا کە ئامانجی ئەوەیە بچێتە ڕیزبەندیی 10 بەهێزترین وڵاتانی خاوەن ئابووریی جیهان، لە ڕووی چالاکی و جموجووڵی ئابووری و بازرگانییەوە ناوچەیەکی ئێجگار هەستیار و گرنگە. گەر بێتوو تەماشای قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان تورکیا و وڵاتانی دراوسێی بکەین لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیکردنی پارتی داد و گەشەپێدان لەنێوان ساڵانی 2020-2002دا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ساڵ لەدوای ساڵ بە شێوەیەکی بەرچاو زیادبوونی بەخۆیەوە بینیوە. بۆ نموونە، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان تورکیا و هەشت لەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە سەر دەریای ناوەڕاست، لەنێوان ساڵانی 2020-2002دا پێنج هێندە زیادی کردووە. دەتوانین بڵێین ئەم زیادبوونەش بە شێوەیەکی

گشتی زیادبوونی قەبارەی هەناردەکردنی کاڵا بووە لەلایەن تورکیاوە بۆ ئەو دەوڵەتانە، بەشێوەیەك کە قەبارەی هەناردەکردنی کاڵا لەساڵی 2012 لەلایەن تورکیاوە بۆ ئەو وڵاتانە


خشتەی ژمارە (٢)، بەراوردی گەشەسەندنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەنێوان تورکیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لەنێوان ساڵانی (2002-2019/ملیۆن دۆلار)[14]

| ناوی وڵات | هەناردەکردن | | هاوردەکردن | | قەبارەی بازرگانیی دەرەوە هەناردەکردن + هاوردەکردم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠١٩- ٢٠٠٢ | | ٢٠١٩- ٢٠٠٢ | | ٢٠١٩ -٢٠٠٢ | |
| ئیسرائیل | ٨٦١ | ٤,٣٥٧ | ٥٤٤ | ١,٧٤٣ | ١,٤٠٥ | ٦,١٠٠ |
| میسر | ٣٢٦ | ٣,٣١٨ | ١١٨ | ١,٨١٢ | ٤٤٤ | ٥,١٣٠ |
| یۆنان | ٥٩٠ | ٢,١١٥ | ٣١٢ | ١,٣٩٨ | ٩٠٢ | ٣,٥١١ |
| لیبیا | ١٦٥ | ١,٩٦٢ | ٤٢ | ٤٧٦ | ٢٠٧ | ٢,٤٤٠ |
| قوبرسی تورکی | ٢٢٢ | ١,٢٧٢ | ٢٠ | ٥٧ | ٢٤٢ | ١,٣٢٩ |
| سووریا | ٢٦٧ | ١,٢٢٦ | ٣١٥ | ٩٠ | ٥٨٢ | ١,١١٦ |
| لوبنان | ١٨٧ | ١,٠٢٦ | ٤٣ | ٥٤ | ٢٢٩ | ١,٠٨٠ |
| فەڵەستین | ٤ | ٦٦ | ٠,٠١ | ٨ | ٤ | ٧٤ |
| کۆی گشتی | ٢,٦٢٢ | ١٥,٣٤٢ | ١,١٩٣ | ٥,٦٣٨ | ٤,٠١٥ | ٢٠,٩٨٠ |

تەنیا، 2.6 ملیار دۆلار بووە، ئەوا لە ساڵی ٢٠١٥دا قەبارەی هەناردەکردنی کاڵا بۆ ٣,١٥ ملیار دۆلار بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. هەر لەم ماوەیەدا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەتایبەتی لەگەڵ میسڕ و لیبیادا، بۆ دە هێندە زیاتر بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.

**پەیوەندیی مێژوویی و کولتووری**

یەکێکی دیکە لەو بوارانەی کە تورکیا لە ئەجێنداکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بەوردی کاری لەسەر دەکات بۆ زیاتر بەهێزکردنی پێگەی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە، بریتییە لە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوە و بەهێزکردنی پەیوەندییە مێژوویی و کولتوورییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە. بەتایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەوایی پارتی داد و گەشەپێداندا، حکومەتی ئەنقەرە زیاتر گرنگیی بەم پرسە دەدات و کار بۆ جێبەجێکردنی دەکات. لەم ڕووەوە ئەوەی یارمەتیی تورکیا دەدات و ئاسانکاریی بۆ دەکات، پەیوەندیی لەمێژینەی مێژوویی و کولتووریی گەلانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی-تورکیادا. جگە لە ماڵتا و ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کەناراوەکانی دەریاکانی ئەدریاتیک، تەواوی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستەوە، بە درێژایی چەندین سەدە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بوون.




بۆیە دەتوانین بڵێین زۆرێک لەو دەوڵەتانەی دەکەونە ئەم ناوچەیە، هەر لە تونسەوە بۆ باڵقان، لە ناوچەی لەڤانتەوە بۆ کەناراوەکانی میسڕ و لیبیا، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی مێژوویی و کولتوورییەوە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ تورکیادا هەیە. زۆرێک لەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، وەک میسڕ بۆ ماوەی 365 ساڵ، لیبیا 360 ساڵ، تونس 323 ساڵ، چیای ڕەش 399 ساڵ، ئەلبانیا 445 ساڵ، سووریا، فەڵەستین/ ئیسرائیل و لوبنان بۆ ماوەی 402 ساڵ، لەلایەن ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییەوە بەڕێوە براون. لەبەر ئەوە بەشێکی گرنگی مێژووی ئەم گەلانە کە ماوەی زیاد لە سێ سەدە بۆ چوار سەدەی خایاندووە، لە هەمان کاتدا بەشێکە لە مێژووی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی. سەرباری ئەوە لە بەشێکی گرنگی ئەم جوگرافیایە کە بەشێک

**“ئیمارات، میسڕ، سعودیە و یۆنان و ئەمەریکا، فەڕەنسا و ڕوسیا، کەوتوونەتە جموجووڵ و چالاکی دژ بە خواست و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ناوچەکە”**

بووه‌ له‌ جوگرافیا/مێژووی ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی، چه‌ندین که‌مینه‌ی به‌ ڕه‌گه‌ز تورک ژیاون. له‌ هه‌مان کاتدا تا ئێستا وه‌ک میراتێکی سه‌رده‌می ده‌وڵه‌تی عوسمانی ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ موسوڵمان له‌ ناوچه‌کانی باڵقان درێژه‌ به‌ ژیان ده‌ده‌ن، بۆ نموونه‌ له‌ وڵاتانی وه‌ک ئه‌لبانیا و بۆسنه‌ هه‌رسک موسوڵمانان زۆرینه‌ی دانیشتووانی وڵات پێک ده‌هێنن، ته‌نانه‌ت له‌ یۆنان و مه‌قدۆنیا ژماره‌یه‌کی گرنگ له‌ هاوڵاتیانی تورک و موسوڵمان ده‌ژین.

ئه‌م نزیکایه‌تییه‌ کولتوورییه‌ که‌ مێژووی هاوبه‌ش له‌گه‌ڵ خۆیدا هێناویه‌تی، خاڵێکی گرنگه‌ بۆ گه‌شه‌پێدان و پێشخستنی په‌یوه‌ندیی دوولایه‌نه‌ی نێوان تورکیا و ده‌وڵه‌تانی ڕۆژهه‌ڵاتی ده‌ریای ناوه‌ڕاست. حکومه‌تی ئه‌نقه‌ره‌ هه‌ر له‌ سه‌رده‌می تورگوت ئۆزاڵ و نه‌جمه‌دین ئه‌ربه‌کانه‌وه‌ تا ده‌گاته‌ ڕه‌جه‌ب ته‌یب ئۆردۆغان، گرنگییه‌کی زۆری به‌م بابه‌ته‌ داوه‌ و به‌ به‌رنامه‌ کاری بۆ پێشخستنی په‌یوه‌ندییه‌کانی له‌گه‌ڵ ناوچه‌کانی باڵقان، له‌ڤانت و باکووری ئه‌فه‌ریقا کردووه‌ و ده‌کات، ئه‌مه‌ش وای کردووه‌ هێزه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌کانی وه‌ک ئه‌مه‌ریکا، فه‌ڕه‌نسا، به‌ریتانیا، ڕووسیا، به‌نیگه‌رانییه‌وه‌ له‌ هه‌وڵه‌کانی حکومه‌تی ئه‌نقه‌ره‌ بڕوانن له‌ ناوچه‌که‌دا، که‌ ئامانج لێی گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ بۆ جوگرافیای سه‌رده‌می ده‌وڵه‌تی عوسمانی له‌ ڕێگه‌ی په‌ره‌پێدان و به‌هێزکردنی په‌یوه‌ندییه‌کانی له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تانی ڕۆژهه‌ڵاتی ده‌ریای ناوه‌ڕاستدا.

جێگه‌ی ئاماژه‌پێدانه‌، تورکیا به‌ درێژایی چه‌ندین ده‌یه‌ هیچ گرنگییه‌کی ئه‌وتۆی به‌م جوگرافیایه‌ نه‌داوه‌ که‌ جێگه‌ی باس بێت، بۆیه‌ ده‌توانین بڵێین سه‌ره‌تای گه‌ڕانه‌وه‌ و گرنگیپێدانی تورکیا به‌م جوگرافیایه‌، به‌ شێوه‌یه‌کی کرداری بۆ کۆتاییه‌کانی ساڵی 2000 ده‌گه‌ڕێته‌وه‌، به‌تایبه‌تی پاش ئه‌وه‌ی حکومه‌تی ئه‌نقه‌ره‌ ئاڕاسته‌ی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی خۆی له‌ ڕۆژئاواوه‌ به‌ره‌و ناوچه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست و باکووری ئه‌فه‌ریقا وه‌رچه‌رخاند. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش له‌ سه‌ره‌تادا له‌ ڕێگه‌ی پیاده‌کردنی سیاسه‌تی "گه‌یشتن به‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست" و دواتریش له‌ ڕێگه‌ی پیاده‌کردنی سیاسه‌تی "عوسمانیی نوێ"وه‌، هه‌وڵی داوه‌ ئامانجه‌کانی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی خۆی له‌ ناوچه‌که‌دا بپێکێت[15].

**ئه‌نجام**

هه‌ڵکه‌وته‌ و پێگه‌ی جوگرافیی ڕۆژهه‌ڵاتی ده‌ریای سپیی ناوه‌ڕاست له‌سه‌ر ڕێگای تێپه‌ڕینی کاروانه‌ بازرگانییه‌کان له‌ ئۆقیانووسی هینده‌وه‌ به‌ره‌و ئه‌ورووپا، تێپه‌ڕینی هێڵه‌کانی گواستنه‌وه‌ی وزه‌ له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاسته‌وه‌ بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، گواستنه‌وه‌ی نه‌وتی قه‌وقاز له‌ ڕێگه‌ی هێڵی بۆریی باکۆ-جیهان و گواستنه‌وه‌ی وزه‌ و کاڵا به‌ ڕێگای ده‌ریایی له‌ ڕێگه‌ی له‌ نۆکه‌ندی سوێسه‌وه‌، پێگه‌ی دوورگه‌ی قوبرس وه‌ک ناوه‌ندێکی سه‌ربازی،

دۆزینەوەی چەندین کێڵگەی دەوڵەمەند بە نەوت و غازی سروشتی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست، وای کردووە ئەم ناوچەیە لە ڕووی ستراتیژییەوە نەک تەنیا پێگە و گرنگیی مێژووی خۆی بپارێزێت، بەڵکوو لە سۆنگەی سیاسەتی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە پێگە و گرنگیی مێژووی خۆی بپارێزێت. دۆزینەوەی سەرچاوەکانی وزە و زیادبوونی گرنگیی ستراتیژیی ناوچەکە، لەگەڵ پەرەسەندنی ململانێ و ڕکابەریی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە سەر ئەم دەریایە بۆ دەستبەسەرداگرتن و چەسپاندنی هێزی خۆیان، ڕۆڵی تورکیاش وەک هێزێکی چالاک لە ناوچەکە زیادی کردووە. لە ڕاستیدا هۆکاری بنەڕەتیی گرنگیدانی تورکیا بە پێشخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتێکی وەکوو لیبیادا، بۆ ستراتیژیی ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە.

گۆڕینی ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و خواست و خولیای تورکیا بۆ بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵات و نفوزی خۆی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و دووبارە زیندووکردنەوەی پەیوەندییە مێژوویی و کولتوورییەکانی لەگەڵ هەریەکە لە دەوڵەتانی لیبیا، سووریا و فەڵەستین و کۆی دەوڵەتانی ناوچەکە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەرەوەیدا لە ناوچەکە، بووەتە مایەی دروستکردنی نیگەرانی و مەترسی بۆ سەر بەشێک لە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. لەبەر ئەوە لە ئێستادا ژمارەیەک لە هێزە هەرێمییەکانی وەک ئیمارات، میسر، عەرەبستانی سعودی و یۆنان و هێزە نێودەوڵەتییەکان وەک ئەمەریکا، فەرەنسا و ڕووسیا، کەوتوونەتە جموجووڵ و چالاکی دژ بە خواست و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ناوچەکە. بەردەوامی و سووربوونی حکومەتی ئەنقەرە لە درێژەدان بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و گوێنەدان بە ناڕەزایەتییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، دوور نییە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە زیانی خۆی بشکێتەوە بە هۆی زیادبوونی فشارەکان لەسەر ئەو وڵاتە.

سەرچاوەکان:

1- Yaycı, C. ‘Doğu Akdeniz’de Deniz Yetki Alanlarının Paylaşılma Sorunu ve Türkiye’. Bilge Strateji, 4:6, 2012, ss.1-72.

2- Kemal İnat, “Türkiye’nin Kıbrıs Politikasının Dönüşümü”, Bilgi, Sayı: 2, (2005), s. 44-45.

3- Nasıh Sarp Ergüven, “Adaların Deniz Alanı Sınırlandırmasına Etkisi ve Doğu Akdeniz”, Doğu Akdeniz Sorunu ve Türkiye, der. Kemal İnat, Muhittin Ataman ve Burhanettin Duran, SETA, İstanbul 2020.

bp-stats-review-2019-full-report.pdf, (Erişim tarihi: 25 Mart 2020.

11- Doğal Gaz Piyasası Yıllık Sektör Raporları", EPDK, www.epdk.org.tr, (Erişim tarihi: 25 Mart 2020); "Petrol Piyasası Yıllık Sektör Raporları", EPDK, www.epdk.org.tr, (Erişim tarihi: 25 Mart 2020); "2018 Kömür Sektör Raporu", TKİ, www.enerjiportali.com, (Erişim tarihi: 25 Mart 2020).

12- Büşra Zeynep Özdemir, "Uluslararası Deniz Hukuku Perspektifinden Türkiye'nin Doğu Akdeniz Politikası", Doğu Akdeniz Sorunu ve Türkiye, ed. Kemal İnat, Muhittin Ataman ve Burhanettin Duran, (SETA, İstanbul: 2020); Barış Şimşek, "Türkiye Gemileri Dörtlüyor", Sabah, 17 Temmuz 2019.

13- "Sondaj Gemisi 'Kanuni' Türkiye'de", TRT Haber, 15 Mart 2010.

14- "Doğu Akdeniz-2019 Davet Tatbikatı Tamamlandı", TRT Haber, 20 Kasım 2019; "Fatih'i, Yavuz'u Milli Savaş Gemileri Koruyor", Akşam, 27 Haziran 2019.

15- Kaynak: TÜİK verilerinden derlenmiştir.

16- Burhanettin Duran, "Türk Dış Politikası Ortadoğululaşıyor mu?", Ortadoğu Yıllığı 2008, (Küre, İstanbul: 2009), s. 385-402.

4- Nurşin Ateşoğlu Güney, "Türk Dış Politikasını Anlamak: Doğu Akdeniz Stratejisi", Yeni Şafak, 3 Şubat 2020.

5- Burhanettin Duran, "NATO'nun 'Güncellenmesi ve Doğu Akdeniz Hamlesi?", Sabah, 3 Aralık 2020; Burhanettin Duran, "Doğu Akdeniz'de Üç Kritik Adım", Sabah, 28 Aralık 2019.

6- Deniz İstikbal ve Hacı Mehmet Boyraz, "Doğu Akdeniz Enerji Kaynaklarına Ekonomi-Politik Bir Yaklaşım", Kıbrıs Araştırmaları ve İncelemeleri Dergisi, Cilt: 3, Sayı: 5, (2019), s. 69-86.

7- Yunus Furuncu, "Doğu Akdeniz'de Türkiye Dışındaki Ülkelerin Hidrokarbon Arama ve Sondaj Faaliyetleri", Doğu Akdeniz Sorunu ve Türkiye, ed. Kemal İnat, Muhittin Ataman ve Burhanettin Duran, (SETA, İstanbul: 2020).

8- International Energy Statistics", EIA, www.eia.gov/international/data/world, (Erişim tarihi: 25 Mart 2020.

9- "Oil Data: Upstream", OPEC, www.opec.org/opec_web/en, (Erişim tarihi: 25 Mart 2020).

10- "BP Statistical Review of World Energy, 2019 68th Edition", BP, www.bp.com/content/dam/bp/business-sites/en/global/corporate/pdfs/energy economics/statistical-review/

# گرنگترین هەڕەشەکانی سەر ئێران لە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە

قەدیر نەسری/ پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی خارەزمی
داود ڕەزایی/ خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی باڵای بەرگریی نیشتمانی و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی
وەرزنامەی "مطالعات بین رشتەای دانش راهبردی"، ساڵی نۆیەم، ژمارە ٣٧، ٢٠١٩
وەرگێڕان: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



**پوخته**

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە گرنگترین هەڕەشەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەن هەرێمی کوردستانی عێراقەوە کامانەن و چ ناوەڕۆکێکیان هەیە؟ پێدەچێت گرنگترین هەڕەشەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە ئاسایشی ئێران دەخاتە مەترسییەوە، ناوەرۆکێکی شوناسی-سیاسییان هەبێت، بەو مانایەی کە هەوڵەکانی هەرێم بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، دەتوانێت سەروەریی خاك و یەکپارچەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دواڕۆژێکی ماوە مامناوەند خەوشدار بکات. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، یارمەتیدانە بۆ بڕیارسازیی کاریگەر لە ئاستی بەڕێوەبردنی ئەمنیی پرسەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق لە دیدی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. ئەم توێژینەوە بە شێوازی کردارەکی و بە شێوەی چۆنایەتی (کیفی) و بە ڕوانگەی وەسفی و شیکاری ئەنجام دراوە. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێویست و هاوسەنگ، ڕای 10 کەس لە پسپۆڕانی زانکۆیی، دیپلۆماتکار و کەسایەتییە ئەمنییەکان وەرگیراوە و توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان لە ئایندەیەکی کورتمەوەدا، نابێتە سەرچاوەیەکی هەڕەشە، بەڵام لە ئایندەیەکی ماوە مامناوەند یان درێژمەودا؛ جووڵانەوە شوناسخوازەکانی ئەم ناوچەیە بەهێز دەبێت و دەبنە هۆکاری دروستبوونی پشێوی لە ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

.......................................

**وشە کلیلییەکان:** هەڕەشەی ماوە مامناوەند، هەرێمی کوردستانی عێراق، ئاسایشی نیشتمانیی سەقامگیر، یەکگرتوویی و سەروەریی خاك، هاوئاڕاستەیی ستراتیژیانە

**تێبینی: لەبەر درێژی توێژینەوە و قەبارەی گۆڤارەکەمان، هەندێک بڕگەی ناپێویستی توێژینەوەکە وەرنەگێڕدراوە.**

.......................................

**بەرایی**

ئەم توێژینەوەیە بابەتی هەڕەشەکانی سەر ئێران لەلایەن هەرێمی کوردستانی عێراقەوە لە ساڵانی ئایندەدا (2019-2029) دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە. پێدەچێت کە بابەتی هەرێمی کوردستانی عێراق؛ یەکێك بێت لە گۆڕدراوە کاریگەرەکان لەسەر ئایندەی ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام سەبارەت بە توندی، فراوانی، خێرایی و دەرهاویشتەکانی ئەم هەڕەشانە ڕای جیاواز هەیە. بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم بابەتە، ئەم پرسیارەمان لە توێژینەوەکەدا خستووەتە ڕوو کە گرنگترین هەڕەشە دژی بەرژەوەندی و بەها بووژێنەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە کامانەن؟ هەروەها کۆمەڵێك پرسیاری لاوەکی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەمان ورووژاندووە: گرنگترین خاڵەکانی هێز و لاوازی و گرنگترین ئامانجەکانی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ستراتیژیدا، چین؟ گرنگترین هێزەکانی کاریگەر لە هەرێمی کوردستان کامانەن و چ ڕوانگەیەکیان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە؟

هەرێمی کوردستان بە هۆی هەستکردن بە تەنگەژەی جیوپۆلەتیك و حەزێکی قووڵ بۆ یەکگرتن لەگەڵ هێزی دەرەوە هەرێمی، بەردەوام لە هەوڵی پێداچوونەوە لە ڕژێمی هەرێمی بووە. لە لایەکی ترەوە ئەم ناوچەیە خاوەن سەرچاوەی فراوانی بووژێنەرە کە لەپاڵ هەڵکەوتەی ستراتیژی، زەمینەی ئامادەبوونی دوژمنان و ڕکابەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم ناوچەیەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا و نهێنی خۆش دەکات. ئەم تایبەتمەندییە، هەرێمی کردووەتە خاوەنماڵێکی وەسوەسەکەر بۆ ئامادەبوونی ڕکابەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. گۆڕانکارییەکانی ئەم ناوچەیە بە هۆی دراوسێیەتی و پەیوەندییە نەتەوەیی و نەژادییەکانی لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەتوانێت کاریگەریی خۆی لەسەر ئاسایشی ئێران هەبێت. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێویستە کە هەڕەشەکانی بەردەم خۆی بدۆزێتەوە و بە بەرنامەڕێژییەکی گونجاو ئەم هەڕەشانە بەڕێوە ببات و بیانکاتە هەلێك بۆ خۆی. ئەم توێژینەوە لەم ڕووەوە گرنگیی هەیە کە دەتوانێت هەڕەشەکانی ئایندە چاودێری و دەستنیشان بکات و یارمەتیدەر بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێکاری ڕووبەڕووبوونەوە. پێویستیی ئەم توێژینەوەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە ئەگەری بە هەل وەرنەگرتنی پێشنیارەکان، دەبێتە هۆی هەڕەشەزانینی بەبێ هۆ، خەمساردی و غافڵگیربوونی ستراتیژی.

**خاڵی بەهێزی و لاوازی هەرێمی کوردستان**

خاڵی بەهێزی: هەرێمی کوردستان بە هۆی هەڵکەوتەی لە ناوچەیەکی هەستیار و خاوەنداریی یەدەکی نەوت و غازی فراوان، خاڵی بەهێزی زۆری هەیە:

- هەڵکەوتە و پێگەی ستراتیژی

هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی کوێستانییە لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لە پانتاییەکی جوگرافیی 34 پلەی باکوور و درێژایی جوگرافیی 41-46 پلەی ڕۆژهەڵات و پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، سلێمانی، کەرکووك، نەینەوا و دیالە دەگرێتەوە کە نزیکەی 45 ملیارد بەرمیل نەوت لەم ناوچانە بوونیان هەیە (زیباکلام و عبداللەپور، 1390: 61). هەروەها لە لایەنی سیاسی، بە هۆی هەڵکەوتەی لەنێوان چوار وڵاتی ئێران، تورکیا و سووریا و عێراق و دروستکردنی کاریگەریی بەرانبەر ئەم ناوچەیە لەسەر سیاسەتە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکانی ئەم وڵاتانە، خاوەن گرنگییەکی تایبەتە. بەپێی خەباتی چەکداریی کوردەکان لە چوار وڵاتی دراوسێ و ڕۆڵگێرانی هێزەکانی وەك ڕووسیا، تورکیا و ئەمەریکا و هاتنەناوەوەی ئیسرائیل بۆ ئەم هاوکێشەیە، پێدەچێت ناوچەی هەرێمی کوردستان شوێنێکی سەرنجڕاکێشی گەمەکردن بێت بۆ هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

- سەرچاوەی ئابووری

سەرەکیترین ڕاکەشی (جاذبە) هەرێمی کوردستان، سەرچاوە سەروشتییەکانیەتی (45 ملیارد بەرمیل نەوت و سەرچاوەی غازی فراوان).

سەرچاوەکانی ئابووریی کوردستان؛ لە ڕێگەی داهاتە نەوتییەکان، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و گەشتیارییە. خاوەندارێتیی ڕێژەیەکی فراوان لە سەرچاوە نەوتی و غازییەکان، بابەتێکە کە وا لە هەرێمی کوردستان دەکات کە ژێرخان و خەرجییەکانی وڵاتێکی سەربەخۆ دابین بکات. بەپێی ڕاگەیاندنی ئۆپێك لە مانگی جونی 2019، لە عێراق 136 ملیارد بەرمیل نەوتی یەدەك نەوت بوونی هەیە (opec eite, 2019) کە دەکاتە (10.4%)ی هەموو یەدەکی جیهان و (13%)ی یەدەکی ئۆپێك، لەم ڕێژەیە 45 ملیارد بەرمیل کەوتووەتە هەرێمی کوردستانەوە. لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 650 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنرێت کە بە بەراورد بە ڕێژەی دانیشتووان، ڕێژەیەکی بەرچاوە (زارعی و رنجبری، 1395: 924).

- پێکهاتەی حکومەت

مۆدێلی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2005 بەملاوە بوونی هەیە. پێکهاتەی سیاسی لە هەرێم لە دەوڵەت، پەرلەمان، دادگا خۆجێییەکان پێك هاتووە. دەوڵەتی خۆجێیی کوردستان لە ساڵی 1991، لەدوای شکستی عێراق لە شەڕی نەوت دامەزراوە و هەولێر پایتەختەکەیەتی. بەپێی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، سیستمی حکومەتی دەوڵەتی خۆجێیی کوردستان؛ خەڵك سەروەر (مردم سالار) و کۆمارییە و گەل سەرچاوەی هێز و شەرعیەت پێدانن (رضایی، 1393: 54-52). پێکهاتەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە ئاست حکومەتی ناوەندیی عێراق، سەربەخۆیە و خاوەنی پەرلەمان، دەستوور و ئەنجوومەنی وەزیرانە و ئەم تایبەتمەندییە ئەوانی لە گرتنەبەری بڕیارە ناوچەییەکان سەربەخۆ کردووە و بە یەکێك لە بڕستەکانی ئەم حکومەتە دادەنرێت. لەدوای نائارامییەکانی پاییزی 2019 لە شارەکانی عێراق، سەبارەت بە پێکهاتەی حکومەتی ئەم وڵاتە گومانەی نوێ (بە شێوەی سەرۆکایەتیی بەڕێوەبردن و...) هاتە بەر باس، کە بەرپرسانی هەرێم بەتوندی ڕەتیان کردەوە.

- دۆخی سەربازی

هێزی چەکداریی هەرێمی کوردستان لە پێشمەرگەکان پێك دێن، کە بە شێوەیەکی نەریتی بەم ناوە ناوبانگیان دەرکردووە. پێکهاتەی هێزە چەکدارەکان و هەواڵگری-ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان لە دوو هێزی سەرەکی، واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێك دێن. هێزە چەکدارییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هێزەکانی پێشمەرگە (سەربازی)، ئەمنی-پۆلیسی (ئاسایش) و هەواڵگری (زانیاری) پێك دێن. ژمارەی ئەم هێزانە 60 هەزار کەسە، کە خۆی لە 40 هەزار پێشمەرگە و 20 هەزار کەس وەك پشتیوان دەبینێتەوە. هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەمان شێوە لە هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمنی و پۆلیس و هەواڵگری (پاراستن) پێك دێن. ژمارەی ئەم هێزانە دەگاتە 90 هەزار، کە 70 هەزاریان سەربازین و 20 هەزاریان هێزی پشتیوانن. چەك و تەقەمەنییەکانی هەردوو هێز بەزۆری چەکی سووك و نیوە قورسن، وەك: دۆشکە،

تۆپی دژەئاسمان، هاوەن و هەروەها دەبابەی نەفەرهەڵگری سەربازی (نامی و محمدپور، 1387: 108-103). لە گرنگترین خاڵەکانی بەهێزی هێزەکانی سەربازی لە هەرێم، دەکرێت ئاماژە بە هەستی جەنگاوەری و بوێریی پێشمەرگەکان، ئاستەنگی ڕێگاکانی تیپەڕبوون لە ناوچەکانی هەرێم، ئاشنایی بە شەڕی پارتیزانی، پێشینەیەکی درێژ لە شەڕکردن بەرامبەر بە دەوڵەتەکانی پێشوو و ڕێژەی بەرچاوی ژمارەی هێزەکان بکرێت (رضایی، 1393: 58).

**خاڵە لاوازە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان بە هۆی بارودۆخی ئاڵۆزی ناوخۆیی، هەڵکەوتن لە شوێنێکی تایبەتی جیۆپۆلەتیکی، دەورگیراو لەنێوان سێ وڵاتی ئێران، تورکیا و سووریا کە هەرسێ وڵات خاوەنی نەتەوەی کوردن و هەروەها جۆراوجۆری دانیشتووان، کۆمەڵێك خاڵی لاوازی هەیە:

- چوارلاگرتنی (حصر) جیۆپۆلەتیکی

سەرەکیترین خاڵی لاوازی هەرێمی کوردستان بەردەوام ئەوە بووە کە وڵاتە بەهێز و خاوەن سەروەرییەکانی وەك سووریا، تورکیا، عێراقی عەرەب و ئێران دەوریان داوە. زانایانی بواری جوگرافیا، لە پێناسەی جیۆپۆلەتیکدا دەڵێن بریتییە لە هونەری دروستکردنی هاوسەنگیی هێز لەگەڵ ڕکابەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ بەدیهێنانی ئاسایش، پاراستن و فراوانکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان (مجتهدزاده، 1379: 23). مەودای چەمکی جیۆپۆلەتیك لەسەر بنەمای پەیوندییەکانی هێز ڕاوەستاوە، کە خۆی لە تایبەتمەندییەکانی شوێنی جوگرافیایی یەکەکانی سیاسی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبینێتەوە. هەرێمی کوردستان وەك ناوچەیەکی کوێستانی لەنێوان ئەم سێ وڵاتە گیرۆدە بووە و لە ڕووی دەریاوە لەگەڵ هیچ شوێنێك پەیوەندیی نییە و هەر ئەم هەڵکەوتە داخراوە جوگرافییە؛ گەورەترین ئالنگاریی هەمیشەیی هەرێمی کوردستانە. لە هەرێمی کوردستان مەرجی پێشوەختی هەر جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، ڕاکێشانی هاوکاریی وڵاتانی دەوروبەریەتی، بەتایبەتی ئێران و تورکیا. زۆرینەی هاوردە و هەناردەی کاڵاکان لەم ناوچەیەدا، لە ڕێگای گومرگەکانی ئیبراهیم خەلیل لە باکووری کوردستانی عێراق لەگەڵ سنووری تورکیا و هەروەها لە ڕێگەی سنووری مێهران لەگەڵ ئێران ئەنجام دەدرێت و بۆ فرۆشتنی نەوت و هەر جۆرە پەیوەندییەکی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دیکە پێویستی بە هاوکاریی وڵاتانی دراوسێ هەیە و لە ئەگەری ڕوودانی هەر ئالنگارییەك لە پەیوەندیی کوردەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە لاواز دەردەکەوێت (عبداللهپور، 1391: 151).

- نەبوون و لاوازیی دامەزراوەکانی خەڵك سەروەر(مردم سالار)

جێگیربوونی دامەزراوەیەکی خەڵك سەروەر، تەنیا لە ئەگەری ڕێککەوتنی گشتی بە ئاڕاستەیەکی گونجاو لەگەڵ کولتووری خەڵك سەروەری دێتە کایەوە. لە ڕاستیدا خواستەکانی هاونیشتمانییان

پێویستە، هەم لە دامەزراوەی خەڵك سەروەری و هەم لە سازشە کۆمەڵایەتییەکان (قبووڵکردنی بیروباوەڕەکان، فرەڕەنگیی خواست و حەزەکان و ڕەفتارەکان)، قبووڵکردنی ڕکابەری و فرەڕەنگیی سیاسی؛ پشتگیریی بکات. بە بڕوای "تەسلەر"، بوونی تێڕوانین و بەهای خەڵك سەروەر لە خەڵکدا گرنگییەکی کەمتری نییە لە دامەزراوەکانی خەڵك سەروەر بۆ پێشکەوتن (امام جمعەزادە و قاسمی، 1390). لە هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراوە یاسایی و خەڵك سەروەرەکان بەباشی پێك نەهاتووە و هەر لەبەر ئەم هۆکارە؛ زۆربەی نارەزایەتییەکان و خواستەکانی خەڵك لە دەوڵەتی ناوەندی یان بەرپرسانی هەرێم، توندوتیژیی سیاسیی بەدوای خۆیدا هێناوە و ئەم بابەتە بە یەکێك لە ئاریشەکانی ستراتیژی نەرم لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت. مێژووی ڕابردوو لەم ناوچەیە ئەوەمان پیشان دەدات کە ناکۆکی و کێشەکانی نێوان گرووپە جیاوازەکان، بەزۆری لە ڕێگەی شەڕ و پێکهەڵپژان چووەتە پێشەوە. لە هۆکارەکانی ئەم بابەتەش دەتوانین ئاماژە بە نەبوونی سیستمێکی پەرلەمانی و دادوەریی بەهێز و خاوەن ئیرادە، نەبوونی یاسا بەهێزەکان لە کۆمەڵگا، نەبوونی ڕێکارە ئاشتیخوازەکان بۆ چارەسەری کێشەکان بکەین، کە نەبوونیان زەمینەی بەریەککەوتن و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی زیاتر دەکات. درێژکردنەوەی دوو ساڵەی ماوەی سەرۆکهەرێمیی "مەسعوود بارزانی" لەدوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی لە ساڵی 2014، پێچەوانەی یاسا و ڕێنماییەکان بووە. ئەمە لە کاتێکدا ڕووی دا کە بەپێی دەستوور، هەر کەسێك دەتوانێت تەنیا بۆ دوو خول وەك سەرۆکی هەرێم بەردەوام بێت. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کە زۆرینەیان لە حیزبەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك دەهاتن، لە ساڵی 2014 بەبێ ئامادەبوونی سەرجەم پەرلەمانتاران، دەنگیان بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی مەسعوود بارزانی بۆ دوو ساڵی دیکە دا. ئەم بابەتە دەرخەری نەبوونی ناشیاویی دامەزراوە یاساییەکانە.

- پێکهاتەی عەشایری و سیستمی پلەبەندیی (سلسلە مراتب) دەسەڵات

لە هەرێمی کوردستان بە هۆی بوونی پێکهاتەی عەشایری و کاریگەریی لەسەر پرس و بڕیارەکان، کێشەی پلەبەندی دەسەڵات هێشتا بوونی هەیە و ئەگەرچی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و پارێزگاکان ئەنجام دراوە و خەڵك بەشدارییان تێدا کردووە، بەڵام دواجار دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان حیزبەکان بە شێوەی ڕێککەوتن ئەنجام دەدەرێت و بەشێك لە پۆست و بەرپرسیارێتییەکان بە شێوەی پلەبەندی و خزمایەتی دابەش دەکرێت. بۆ نموونە بارزانییەکان لە هەرێم خاوەنی میراتێکی سیاسیی خێزانیی دێرینن لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تاوەکوو ئێستا و بەردەوام بەرپرسی سەرەکیی پارتی دیموکرات بوون و سەرۆکایەتیی هەرێمیش لە خێزانی ئەوان هەڵبژێردراوە. دابەشکردنی وەزارەت و پۆستەکان

بە شێوەی خزمایەتی و ڕێککەوتنی سیاسی، بووەتە هۆی نەشیاویی دەوڵەت و دروستکردنی بێمتمانەیی و ڕەشبینی بەرامبەر بەرپرسان و بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی پێکهاتەی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، هێشتا سوودوەرگرتن لە سیستمی پلەبەندی لەم ناوچەیە بەردەوامیی هەیە. بەکارهێنانی لەڕادەبەردەری یەك خێزان یان یەك حیزب لە پۆستەکانی دەوڵەت، ئەگەری بەشداربوونی حیزبەکانی دیکە و نەتەوەکانی تر لەناو دەبات و سیستمی پلەبەندی دەهێنێتە کایەوە کە ئەم بابەتە لە هەرێم وەکوو کێشەیەك لێی دەڕوانرێت. ناتەبایی سەرەکی ئەوەیە کە پێکهاتەی عەشایری لەگەڵ پێکهاتەی دیموکراسیی عێراق، وەکو پێویست گونجاندنی نییە.

- زێدە کارتێکراوی (تاثیرپذیری فزاینده) و لاوازیی کولتووری سیاسی

کولتووری سیاسیی کوردستان بە هۆی نەبوونی دامەزراوە و پێکهاتە سیاسییە پێویستەکان، بەباشی دروست نەبووە و بە سەرنجدان بە ئاریشە و کێشەکانی هەرێم؛ کولتووری سیاسی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کولتووری نەریتی و هەندێ جار سەرەتایی. کولتووری سیاسیی کوردستان خاوەنی سێ تایبەتمەندیی دیاریکراوە کە دیموکراسیسازی و ئاشتیخوازیی لە هەرێمدا دوا خستووە و بووەتە هۆی مەیلی دەسەڵاتخوازی (اقتدارگرایی) لە ناوخۆ و نەوبوونی هاوکاری لە سیاسەتی دەرەوە. ئەم سێ تایبەتمەندییە دەتوانین بەم شێوەیە ناو بنێین: ناتۆکمەییبوون، توندوتیژیخوازی و پلەبەندیی دەسەڵات. ناتۆکمەیی کولتووری سیاسی لە هەرێمی کوردستان بۆ پێکهاتەی عەشایری و تایفەییەکەی دەگەڕێتەوە. ئەم تایبەتمەندییە لە ڕاستیدا دەرخەری جۆرێك لە کولتوورە کە کە "ئالمۆند" و "وربا" لە بەرهەمە کلاسیکییەکەی خۆیان بە ناونیشانی "کولتووری مەدەنی" بە کولتووری ناوچەیی و داخراو ناوی دەبەن (هەمان، 1390). لە ڕاستیدا بوونی گرووپە جیاوازەکان لە هەرێم (تورکمان، کوردی سوننە، شیعە و مەسیحی) و جیاوازیی توانا ئابوورییەکان لە هەرێم بووەتە هۆی سەقامگیریی شێوازێك لە کولتووری سیاسیی پێشمۆدێرن کە درووشمە وەفادارانەکانی بۆ ئاستی نەتەوەیی، ناوچەیی، خێزانی و هۆزایەتی سنووردارە و متمانەی نێوان نەتەوە و گرووپەکان لە نزمترین ئاستی خوێدایە. لەم چوارچێوەیەدا وڵات یان ناوچەی جێگای ئاماژەمان، وەکوو کۆمەڵەیەکی عەشایر و نەتەوەکان دێتە بەرچاو کە لەگەڵ یەکتردا لەسەر دەسەڵات، ئاسایش و سەروەت و سامان ڕکابەری دەکەن. ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر جۆرە هاوسەنگییەکی نەتەوەیی لە ئاستی سیاسەتی هەرێمی، کاتی و لەرزۆك بێت و بەتایبەتی ئەگەر دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوازی نەتەوەیی بێت، هاتنەکایەی کۆمەڵگایەکی یەکدەست بەئاسانی نایەتە دەست. کولتووری توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان پێویستە سەرنجی بخرێتە سەر، بەو پێیەی کە

مێژوویەکی درێژی هەیە و بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی بەردەوام لە خەباتدا بووە و هەرێمی کوردستان خاوەنی پێشینەیەکی دوورودرێژە لە بەکارهێنانی توندوتیژیی جەستەیی لە پەیوەندییە سیاسییەکان.

**ئامانجە ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

لەدوای پەسەندکردنی بەفیدراڵبوونی هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕۆڵی کوردەکان لە پێکهاتەی سیاسیی عێراق پەرەی سەند. بەپێی دەستووری عێراق، سەرۆککۆمار و یەکێك لە وەزارەتە سیادییەکانی عێراق لەلایەن کوردەکانەوە دیاری دەکرێت و ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان سوود لەمە وەربگرن و هەوڵی بەهێزکردنی ژێرخانەکانی خۆیان دا لە هەرێم بۆ ئەوەی بتوانن زەمینەی سەربەخۆیی کە ئاواتی دێرینەیان بووە؛ ئامادە بکەن. لە ئامانجی کوردەکان، دەشێت ئاماژە بە پتەوکردنی ژێرخانەکانی ئابووری، سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەکی بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری، ئامادەبوون و ڕۆڵگێڕانی زیاتر لە پێکهاتەی سیاسیی عێراق و هەروەها لکاندنی کەرکووك بە هەرێمەوە بکرێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم ژێرخانانەوە خۆیان ئامادە بکەن و دواجار سەربەخۆیی بەدەست بهێنن. لەدوای هێرشی داعش بۆ عێراق، هەرێمی کوردستان سوودی لە لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق وەرگرت و سەرەڕای دژایەتیی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام دا کە تیایدا 75%ی دانیشتووانی هەرێم بەشدارییان کرد و 92.5%یان دەنگیان بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دا، بەڵام لە کۆتاییدا بە هۆی هەنگاوەکانی دەوڵەتی ناوەندی و بەشێك لە وڵاتانی دراوسێ؛ تووشی شکست بوو. گرنگترین بزوێنەری هاتنەناوەوەی وڵاتەکانی دیکە بۆ ئەم هاوکێشەیە، هەستکردنی بە نیگەرانییەکی زۆر و بەشداریی ناتەواو و لەرزۆکی خەڵکی سلێمانی لە پرۆژەی ڕیفراندۆم بوو. هەر بۆیە گەیشتن بە سەربەرخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بەردەوام ئامانجی سەرەکیی کوردەکانی عێراق بووە (زندی، 1396: 11). بەگشتی کوردەکان لە سێ ئاستدا ئامانجەکانیان دیاری کردووە، لە ئاستی ناوخۆی هەرێمدا سەرقاڵی بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و ڕەخساندنی دۆخێکی ئابوورین بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. لە ئاستی ناوخۆی عێراقدا، هەوڵی زیادکردنی ڕۆڵی خۆیان دەدەن لە پێکهاتەی ناوخۆیی عێراق و بەدەستهێنانی بەشی زیاتر لە پێکهاتەی سیاسی و ئابووری. لە ئاستی هەرێمیدا، لەدوای سەرکەوتن لە دوو ئاستەکەی تردا، ئامانجیان چوونە بەرەو سەربەخۆیی تەواوەتی و دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆیە کە بە باشی دەزانن لەم ڕێگایەدا پێویستیان بە پشتگیریی وڵاتە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان هەیە و بەم ئاڕاستەیە لە هەوڵی زیادکردنی پەیوەندییەکانن لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمەریکا. بەم وەسفە، هەوڵی شیکردنەوەی ئەو هێزە کاریگەر و کارتێکەرانە دەدەین کە لە پێناو وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە (گرنگترین هەڕەشە)؛ جێگای سەرنجدان و گرنگپێدانن.

**هێزە کاریگەرەکان لە هاوکێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان**

**- ئیسرائیل**

بەرپرسانی ئیسرائیل بەردەوام لە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانین لەگەڵ کارەکتەرە غەیرە عەرەبەکان (تورك و کورد). ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئیسرائیلییەکانی بۆ هاوئاڕاستەیی ستراتیژیانە هان داوە. پەیوەندیی ئیسرائیل لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ دەیەی 1930 دەگەڕێتەوە، پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئاژانسی یەهود(جوو) لە بواری کۆچکردنی یەهودییەکانی کوردستانی عێراق چالاکیی هەبووە. دوای سەردانی مەلا مستەفا لە ساڵی 1968، ئەفسەرە ئیسرائیلییەکان بۆ ڕاهێنانی هێزە کوردەکان سەردانی کوردستانیان کرد و ڕێژەیەکی زۆر لە چەك و تەقەمەنییان پێشکەشی بارزانی کرد (عبداللەپور، 1390: 3). پەیوەندیی کوردەکان لەگەڵ ئیسرائیل و بەردەوامیی نفوزیان لە هەرێمی کوردستان، لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە زیاتر بوو و بە ناونیشانی ئەندازیار، جووتیار، بازرگان و کۆمپانیا جیاوازەکان لە هەرێم جێی خۆیان کردەوە. کوردستانی عێراق کە بە سێ وڵاتی دژایەتیکەری سەربەخۆیی دەورە دراوە، بە ئاڕاستەی هێزێکی سەرووهەرێمی چووە و بۆ ئەوەی بتوانێت هاوپەیمانێکی ستراتیژی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لە لایەکی ترەوە ئیسرائیل بە هۆی ئالنگارییە زۆرەکانی لەگەڵ ئێران و عێراق و سووریا، پێویستی بە هەرەمێکی فشار بەرامبەر بەم وڵاتانە هەیە کە هەرێمی کوردستان بژاردەیەکی گونجاوە بۆی. ئیسرائیل و هەرێم پەیوەندیی ئابووری و هەواڵگریی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەیە و چەندین کۆمپانیای ئابووری لە هەرێم بوونیان هەیە کە دەکرێت وەك نموونە بهێنرێتەوە: کۆمپانیای خزمەتگوزاریی زانیاریی (هەواڵگری) بەیرووت لە کەرکووك، کۆمپانیای "علاج و دواء" کە تایبەتە بە ناردنەدەرەوەی نەخۆش بۆ دەرەوەی وڵات، کۆمپانیای "کۆدۆ" لە بوارەکانی هونەری و ئەلیکترۆنی چالاکە و دەیان کۆمپانیای تر. لە لایەکی دیکەوە ئەم پەیوەندییە دوو لایەنییە بە ڕادەیەکە کە لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە چەند سندووقێکی دەنگدان، ئاڵای ئیسرائیل دانرابوو و تەنیا وڵاتێك کە پشتگیریی لە ڕیفراندۆم کرد؛ دەوڵەتی ئیسرائیل بوو. یەکێك لە مەبەستەکانی ئیسرائیل بۆ ئامادەبوونی لە هەرێم، ئاگاداربوونی هەواڵگری و کۆنترۆڵی زیاتری ئێرانە و لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت کە هێزێکی وەك حیزبوڵای لوبنانی لەم ناوچەیە هەبێت.

**- ئەمەریکا**

لەنێوان هێزە نێودەوڵەتییەکان، گرنگترین وڵات کە دەتوانێت لەسەر سەربەرخۆیی هەرێم کاریگەریی هەبێت، ئەمەریکایە کە هۆکاری بەفیدراڵیبوونی هەرێمی کوردستان بوو لە عێراق. ئەمەریکا لە سەردەمی ئۆباما پێداچوونەوەی بە سیاسەتی دەرەکی لە عێراق کرد، پاراستنی پێگەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای ئاسیا و عێراق، پشتگیری لە ئاسایشی ئیسرائیل، بەردەوامیی هەناردەکردنی

نەوت و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لەم چوارچێوەیەدا بوو. سیاسەتی دەوڵەتی ئەمەریکا لە عێراق کەمتر سەربازییە و زیاتر چەند لایەنەیە و جەخت لەسەر مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکاتەوە. لە سەردەمی ترەمپ بە هەمان شێوە، دەوڵەتی عێراق بە بەرپرسیار لە پاراستنی ئاسایش دەزانێت کە پێویستە بە بەشدارپێکردنی هەموو نەتەوە و گرووپەکان و بە پشتیوانیی ئەمەریکا ئاسایشی پێویست دابین بکرێت. لایەنێکی تری سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق، باشترکردنی پەیوەندیی عێراقە لەگەڵ جیهانی عەرەبی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئێران فۆبیا و بەرجەستەکردنی هێز و نفوزی ئێران لە عێراق و هەڕەشەکانی پەیوەست بە چالاکییە ناوەکییەکانی ئێران. تا ئەو کاتەی کە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا لەم دۆخەی ئێستادا بێت، ئەمەریکا سوود لە عێراق و سەرجەم نەتەوەکان وەك کوردەکان بۆ بەرگیرانی (مهار کردن) ئێران دەبینێت و هەوڵی هێنانەسەر دەسەڵاتی هێزە ناسیۆنالیست و سکۆلارەکان لە عێراق دەدات بۆ ئەوەی لە ئێران دوور بکەونەوە و ڕۆڵی وڵاتێکی دروستکەری هاوسەنگی بەرامبەر بە ئێران ببینن. پەیوەندیی ئەمەریکا و ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان، بەردەوام یەکێك لە نیگەرانییەکانی وڵاتانی دراوسێی ئێران، لە ناویاندا ئێران و سووریا و تورکیا بووە (اسدی، 1392: 18). هەڵبەت هەر جۆرە بڕیاردانێکی ستراتیژیی ئەمەریکا لە هەرێم، گرێدراوی حەز و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە لە چوار ناوەندی بەغدا، ئەنقەرە، تاران و دیمەشق.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی دەسەڵاتدارانی هەرێم، ترەمپ لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017، لە کرداردا کوردەکانی بەتەنیا بەجێ هێشت. ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا جارێکی تر بەرامبەر بە کوردەکانی سووریا لە 2019 دووبارە بوویەوە (نصری، 1396: 16).

- **تورکیا**

تورکیا لەو وڵاتانەیە بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی سنووری هاوبەشی فراوانە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە و بە هۆی کارتێکەریی هەرێمی کوردستان لەسەر کوردەکانی وڵاتی خۆی، بەردەوام ئاگاداری چالاکییەکانیانە. سەبارەت بە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، پێویستە بوترێت کە هۆکارەکانی وەك گرنگیی جیۆپۆلەتیکی و یەدەکی نەوتی هەرێم، سنووری هاوبەش لەگەڵ کوردەکانی تورکیا، بوونی کەمینەی تورکمان لە باکووری عێراق و سەرچاوەگرتنی ئاویی عێراق لەم وڵاتەوە، وای کردووە کە ڕوڵی تورکیا بەرجەستە بێت (عبداللەپور، 1390: 89). ئەم وڵاتە بەردەوام لە ترسی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمییە لە باکووری عێراق و دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە عێراق کە خاوەنی خاڵە هاوبەشە نەتەوەیی، مێژوویی و نەژادییەکانە لەگەڵ کوردەکانی تورکیا، بە هەڕەشەیەك بۆ لێکجیاکردنەوەی وڵاتەکەی دەزانێت. لە لایەکی ترەوە تورکیا بەتەمایە لەگەڵ وەبەرهێنان لە سەرچاوە نەوتی و غازییەکانی هەرێمی کوردستان و بەشداریی زیاتر لە پڕۆژە

ئابوورییەکانی ئەم ناوچەیە، هەرێم وابەستەی خۆی بکات بۆ ئەوی بتوانێت ڕێگری لە پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ کوردەکانی تورکیا بکات (زیباکلام و عبداللەپور، 1390: 66). لەنێوان دراوسێکانی هەرێمی کوردستان، تورکیا بە پێداگرترین هێزی دژ بە کورد دادەنرێت.

**- کۆماری ئیسلامیی ئێران**

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی پەیوەندیی دێرینی نەتەوەیی و نەژادی و هەروەها کارتێکەری ئەرێنی لە قۆناغە قەیراناوییەکانی هەرێم (وەکوو یارمەتیدانی هەرێم بەرامبەر بە هێرشی داعش و چارەسەری کێشەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی شیعە لە عێراق و...)، قورساییەکی گەورەی لە گۆڕانگارییەکانی هەرێم هەیە. پێشکەشکردنی لیستێکی هاوبەشی کورد و شیعەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، وەك هەنگاوێکی ئێران دەبینێرت کە بووە هۆی سەرکەوتنی شیعەکان لە هەڵبژاردندا. ئێران و کوردەکان نایانەوێت جارێکی تر بەعسییەکان دەسەڵات بگرنە دەست و لەم ڕووەوە هاوڕان، بەڵام لەگەڵ هەمووو ئەمانەشدا ئێران؛ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا دەبینێتەوە و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردەکان نییە و ئەمەی بە کوردەکان لە پێش و پاشی ڕیفراندۆم ڕاگەیاندبوو و بە هەنگاوێکی هاوبەش لەگەڵ تورکیا و عێراق و داخستنی سنوورەکان تاوەکوو پچڕاندنی پەیوەندییەکان و...؛ ڕێگری لە سەربەخۆیی کرد. بە هۆی بوونی کەمینەی کوردنشین لە وڵاتەکانی ئێران، تورکیا و سووریا، ئەم وڵاتانە لە گرتنەبەری سیاسەتی ڕێگری لە سەربەخۆیی هەرێم، ڕای هاوبەشیان هەبووە و بووەتە هۆی لێکنزیکبوونەوەی نێوانیان (حاتمی و سانیار، 1396: 107-106).

**هەڕەشەکانی سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

- پەشێویی لە سەروەریی خاکی ئێران

پێدەچێت سەربەخۆخوازی گرنگترین داواکاریی نوخبەکانی هەرێمی کوردستان بێت کە بەردەوام بە شێوەیەکی ئاشکرا و نهێنی بەدواداچوونی بۆ کراوە و تەنانەت ڕاگەیەنراوە. کوردەکان گەورەترین نەتەوەن کە بە هۆکاری جیاواز نەبوونەتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ و لە دێرزەمانەوە بەدوای سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە بوون. لەم نێوەندەدا کوردەکانی عێراق هەر لە سەرەتای ساڵەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، چەندین شەڕیان لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان و سەربەخۆیی ئەنجام داوە کە هەڵبەت هیچ کامیان ئەنجامیان نەبووە. لەدوای هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی 2003 و یارمەتیی کوردەکان بۆ ئەمەریکا لەم شەڕەدا، لە دەستووری عێراق لە ساڵی 2005دا، هەرێمی کوردستان وەك حکومەتێکی فیدراڵ جێگیر کرا و کۆمەڵێك ئیمتازی وەرگرت: خوێندن بەزمانی کوردی، بەشداری لە حکومەتی عێراق، هێزی سەربازیی تایبەت بەهەرێم، پەرلەمانی یاسادانان و... لەدوای ئەوەی کە حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی یاسایی ناسێنرا و ڕۆڵ و بەشداریی هەرێم لەپێکهاتەی ناوەندیی حکومەتی عێراق

پەرەی سەند، زەمینەی سەربەخۆخوازییان بەو پێیەی کە دەوڵەتی ناوەندی بەرەو لاوازی چووبوو، هاتە کایەوە کە لەدوایین قۆناغدا لە 25/9/2017؛ سوودیان لەلاوازیی دەوڵەتی ناوەندی بە هۆی شەڕی داعش و کێشە ناوخۆییەکان وەرگرت و ڕیفراندۆمیان ئەنجام دا. ناوچە کوردنشینەکانی ئێران خاوەنی سنووری هاوبەشن لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکانی عێراق، بوونی فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەتەلایت؛ خێرایی ئەم پەیوەندییە و کارتێکەریی زیاتر کردووە. هەنگاوی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، دەتوانێت کاریگەری لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بەجێ بهێڵێت و زەمینەی جووڵانەوەی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و وڵاتەکانی تر کە کوردی تێدایە؛ بەرەو سەربەخۆیی ئامادە بکات. هەربۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانێت لە ڕێگەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ دراوسێکانی خۆی، ڕێگری لە جووڵەی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی سەربەخۆیی بکات و بە گرتنەبەری سیاسەتی لۆجیکی و هاوبەش ڕێگە لە زەمینەسازی بۆ سەربەخۆیی بگرێت (نصری، 1393: 51).

### پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان

ئەمەریکییەکان بوونێکی پێنەزانراو و کاریگەریان لە هەرێم هەیە. کوردەکان بە هۆی هێرشی ساڵی 1991 کە بووە هۆی دروستبوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان و بە هۆی هێرشی ئەمەریکا بۆ عێراق لە ساڵی 2003، دیدێکی ئەرێنییان بۆ ئەمەریکا هەیە. هاوتەریبی و هەماهەنگبوونی ڕابەرانی کورد لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، بیروباوەڕی سکۆلاری ڕابەرانی کورد و بەهێزکردنی بۆچوونە سکۆلارییەکان لە دەوڵەتی عێراق و هەبوونی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل، لە خاڵە ئەرێنییەکانی هەرێم لەلایەن ئەمەریکاوە دادەنرێت. بەڵام لە لایەکی ترەوە نیگەرانیی ئەمەریکا لە گەشەکردنی بەردەوامی هێز و نفوزی شیعە و لایەنگرانی ئێران لە عێراق و چالاکبوونی دیپلۆماسیی سیاسیی ئێران لە عێراق، واشنتۆنی ناچار بە گەڕان بەدوای هێزێکی هاوسەنگکەر و پێکهاتەی فیدراڵیی ئایندەی عێراق کردووە و لەم بابەتەدا گرنگیی تایبەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمەریکا دەردەخات (اسلامی و همکاران، 1393: 22). بە هاتنەسەر دەسەڵاتی ترەمپ، بەرپرسانی هەرێم هەوڵیان دا کە پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، بەڵام بە هۆی گوتاری زاڵی بازرگانی-ئابووریی ترەمپ و دیدی کاسبکارانەی بۆ گۆڕانکارییەکان کە هەموو شتێك لە چوارچێوەی جێگیری و بوونی دەوڵەتێکی کارامە دەبینێتەوە، دەرکەوت کە هەڵی تێکدانی ڕژێمی پێشووتر و جووڵانەوە بە ئاڕاستەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی بوونی نییە، بەڵام بە ئاڕاستەی ڕۆڵی هاوسەنگی لە عێراق و کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییەکانی عێراق لە پێناو بەرژوەندییەکانی خۆی، سوود لە هەرێم وەردەگرێت (نصری، 1397: 182-184). لە لایەکی ترەوە ئەمەریکا

بە بەشداری لە پڕۆژە ئابوورییەکانی هەرێم (بەتایبەتی نەوت و غاز)، وێڕای سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئابوورییەکان، بوونی خۆی لەتەنیشت ئێران بەهێز کردووە و لەم پێناوەدا دەستی کردووە بە دروستکردنی یەکێك لە گەورەترین کونسوڵگەرییەکان لە شاری هەولێر. بە یەك مانا: ئەمەریکا لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەرێم نەبێتە پێگەی هێزە دژەئەمەریکاییەکان (ئێران و ڕووسیا).

### هەرێمی کوردستان،

### هاوبەشیی غەیرە عەرەبی ئیسرائیل

ئاوڕدانەوەیەك بۆ گۆڕانکارییە مێژووییەکانی یەهودییەکان و کوردەکان، ئەمەمان پیشان دەدات کە مەترسی و ڕەنجی هاوبەشیان تێپەڕاندووە. ئەم بابەتە سەرنجی لێکۆڵەرانی ئێرانی و غەیرە ئێرانیی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لە ئێستادا سەرەکیترین و کاریگەرترین پشتیوانیی سەربەخۆیی کوردەکان؛ ئیسرائیلە. ئیسرائیل وەکوو هاوپەیمانی ستراتیژیی ئەمەریکا لە ناوچەکە، دەتوانێت هاوپەیمانێکی ستراتیژیی باش بۆ کوردەکان بێت و لە لایەکی ترەوە کوردستان لە بەرنامەیدایە کە لە ئیسرائیل وەکوو کارتێك بۆ فشار خستنەسەر تورکیا، سووریا و ئێران سوود وەربگرێت. گرنگترین و میحوەرترین ئامانجی ئیسرائیل کە ڕێگەی نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردستان ئیشی لەسەر دەکەن، چاودێریکردنی ئێران و سووریا و گورزلێدانی ئەم دوو بەرەی خۆڕاگرییەیە (محور مقاومت) لە ناوچەکەدا و لەم پێناوەدا بە ئامادەبوونی ئەندامانی هەواڵگری خۆی لە بەرگ و ناونیشانی جیاواز و بە هاتنەناوەوەی ئامێری گوێگرتنی پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان (سامانە شنود)، هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئێران دەدەن. ئیسرائیل بەباشی ئاگاداری سەرچاوەکانی نەوت و غازی هەرێمە و ئەم ناوچەیە بۆ ئابووریی خۆی و هەناردەی نەوت و غاز بە وڵاتەکەی بە گونجاو دەزانێت. لە لایەکی ترەوە کۆمپانیاکانی نەوتی ئیسرائیل لە پڕۆژە نەوتییەکانی هەرێم بەشدار بوون و دەکرێت ئاماژە بە کۆمپانیای "بزان" لە پاڵاوگەی عێراق (یەشاربن موردخای کەسایەتیی بەناوبانگ سەرۆکی کۆمپانیاکەیە) بکرێت کە گرێبەستی نەوتی لەگەڵدا واژوو کراوە و نەوتی کێڵگەکانی کەرکووك و کوردستان دەکڕێت و لە ڕێگەی تورکیا و ئەردەنەوە هەناردەی ئیسرائیلی دەکات. ئیسرائیل لە هەرێم کۆمپانیا و دامەزراوەی جۆربەجۆری دامەزراندووە و بە ناونیشانی جیاوازەوە، جیا لە چالاکییە ئابوورییەکان، کاری هەواڵگری و کۆکردنەوەی زانیاری ئەنجام دەدات کە بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە ڕێکخراوی کاروباری خێرخوازیی هەولێر، کۆمپانیای بازرگانیی مەریوان-دهۆك، کۆمپانیای خزمەتگوزاریی ئەمنیی بەیرووت لە کەرکووك، کۆمپانیای علاج و دواء بکرێت. هەروەها موساد لە شاری سلێمانی بانکێکی دامەزراندووە کە ئەرکی نهێنیی ئەوەیە کە زەوییە فراوانە کشتوکاڵی و نەوتی و نیشتەجێبووەکان لە موسڵ و کەرکووك دەکڕێت، بۆ ئەوەی دانیشتووانی سەرەکیی عەرەب لەم شارە کۆچ بکەن و پێکهاتەی دانیشتووانی بە قازانجی کوردەکان بێت (کاظمی و عزیزی، 1390: 148-145). بە وتەی فواد حوسێن،

کوردەکان مەبەستێکی باشیان بۆ نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل هەیە، بەڵام گرنگترین ترسیان هاتنەناوەوەی ئێران و داعشە بۆ کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل.

- داپووکاندن و لاوازکردنی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق

بەو پێیەی کە لە ساڵی 2005دا پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك دەسەڵاتێکی فیدراڵی پەسەند کرا لە حکومەتە فیدراڵییەکان، حکومەتی ناوەندی لە بابەتە گشتییەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندیی گشتی یان هاوبەش وەکوو سوپا و ئاسایش، ئابووری، دارایی، ئاماژە نەتەوەییەکان، خاڵە گومرگییەکان و سیاسەتی دەرەوە؛ بڕیار دەدات و حکومەتە ئیالەتییەکانی پێکهێنەری فدراسیۆن گرنگی بەو بابەتانە دەدەن کە لە ڕووی ناوچەییەوە گرنگە، بەڵام هەنگاوەکانی بەرپرسانی هەرێم سەرووتر لە هەنگاوەکانی حکومەتی ناوەندی بووە کە بووەتە هۆی لاوازبوونی حکومەتی ناوەندیی عێراق. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی پێشینەی مێژوویی لە پەیوەندیی خراپ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و کێشمەکێشە بەردەوامەکانی نێوانیان، بەردەوام هەوڵی داوە کە خۆی لە وڵاتانی بەهێز نزیك بکاتەوە بۆ ئەوەی پاڵپشتییان بەدەست بهێنێت. لەم بارەیە دەتوانین ئاماژە بە سەردانەکانی مەسعوود بارزانی بۆ وڵاتە جیاوازەکان و داواکردن لێیان بۆ هاوبەشی لە پڕۆژە ئابوورییەکان و بەستنی گرێبەستە نەوتی و غازییەکان بکەین، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە حکومەتە فیدراڵییەکان، بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەتی ناوەندی، دەسەڵاتی بەستنی گرێبەستی نەوتی و پەیوەندییە دەرەکییەکانیان نییە. سیاسەتی گشتیی هەرێم، ڕێگریکردنە لە دروستبوونی دەوڵەتی باڵادەست لە عێراق و ئەزموونەکان ئەوەیان دەرخستووە لەو کاتانەی کە دەوڵەتی ناوەندی باڵادەستی پێویستی هەبووبێت، حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بە پێچەوانەی حکومەتی ناوەندی هەنگاو بنێت، بەڵام داپووکاندن و ناکارامەکردنی دەوڵەتی ناوەندی بووە هۆی دەرکەوتنی گرووپەکانی داعش و... و بەرپرسانی هەرێم لەم لاوازبوونە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان کە گرنگترینیان سەربەخۆیی بووە، سوودیان وەرگرتووە و ئەمە کاریگەریی خستووەتە سەر ئاسایشی ناوچەکە و کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێران؛ هەرێمی لە چوارچێوەی عێراق وێنا کردووە و بەردەوام داوا لە هەرێم دەکات کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراق و حکومەتی فیدراڵی هەنگاو بنێت. ئێران دەتوانێت بە سازکردنی پەیوەندییەکی لۆجیکی لەگەڵ هەرێم و عێراق، ڕۆڵی هاوسەنگی و نێوانگری لە نێوانیان ببینێت و کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی هەر دوولا لە پێناو بەرژەوندییەکانی خۆی بەجێ بهێڵێت. بەپێی گفتوگۆکانی نووسەرانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هێزە کاریگەرەکانی سیاسەتی عێراق ئەنجام دراوە، هەرێمی کوردستان بەردەوام لە چاوەڕوانیی لاوازیی دەوڵەتی ناوەندییە.

- بوونی ئۆپۆزسیۆنی کوردیی ئێران لە هەرێمی کوردستان

ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان، بە هۆی دەستگەیشتنیان بە هەزاران کوردی فارسیزان و غەیرە شیعە، نوێترین و جددیترین زانیارییەکانی ئێرانیان لەبەر دەستدایە. لە ساڵی (2018)ەوە کە چەند باڵێکی ئەم ئۆپۆزسیۆنە کردەوەی سەربازی و توندوتیژییان گرتە بەر، ئەم پرسە گرنگییەکی ئەمنیی لەڕادەبەدەرەی هەبووە. بە درێژایی نیوسەدەی دوایی، هەرێمی کوردستان وەکوو هێزێکی نێوانگر و سەربار (مزاحم) بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی وڵاتانی دژ بە ئێران هەنگاوی ناوە، بەم ئاڕاستەیە دەکرێت ئاماژە بە جێکردنەوە و پشتگیری لە هێزە کوردییەکانی دژ بە ئێران و ئەنجامدەرانی کردەوەی تێکدەرانە لەناو خاکی ئێران بکرێت. عەرەبستانی سعودی وەکوو ڕکابەر و دوژمنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ویستی پشتیوانیی هەرێمی هەیە بۆ ئەوەی سنوورەکانی هەرێم لەگەڵ ئێران تووشی ئالنگاری بکات و ئەمە بابەتێکە کە لە گفتوگۆکانی ئێران و هەرێم جەختی لەسەر کراوەتەوە و بەردەوام ئێران داوای لە هەرێم کردووە کە ڕێگری بکات لە ئامادەبوون و چالاکیی تێکدەرانەی گرووپە کوردەکانی دژ بە ئێران لەناو خاکی هەرێم و لە چەند نموونەدا بووەتە هۆی کاردانەوەی ئێران و ئەنجامدانی هێرشی سەربازیی دژ بە چالاکیی تێکدەرانە کە لە خاکی هەرێمەوە دەهاتنە ناو ئێرانەوە. ئەم پرسە لە ئەگەری پشتیوانیی ماددی و تەقەمەنی لەلایەن عەرەبستانی سعودی و ئیسرائیلەوە، دەتوانێت ببێتە هەڕەشە بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئامانجی

> **“ کوردەکان لە عێراق بەردەوام سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەك گرنگترین ئامانجی خۆیان دەزانن ”**

سەرەکیی عەرەبستانی سعودی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، کارتێکەری زیاترە لەسەر گۆڕانکارییەکانی عێراق و هەرێم لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی و ڕێگری لە کارتێکەری زیاتری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئێران کەم بکاتەوە و لە ڕێگەی گرووپە کوردییەکانی دژ بە ئێران، ئاسایشی نیشتمانیی ئێران بخاتە ئالنگارییەوە.

**ئەنجام**

گریمانەی سەرەتایی توێژینەوە بەم شێوەیە بوو کە گرنگترین و چالاکترین هەڕەشە دژی ئاسایشی ئێران لەلایەن هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، ئەم ئاماژانەی خوارەوەی لەخۆ دەگرت:

- هەرێمی کوردستان بەتەنیا و لە ماوە کورتدا نابێتە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی چالاك، توند و خێرا

دژ بە ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

- سەرەکیترین بزوێنەری هەرێمی کوردستان دژ بە ئێران، بەرگی شوناسی لە هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ هێزە دژەئێرانییەکان دەبێت.

بونیادترین هەڕەشەیەك لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکاتە ئامانج، بریتییە لە بەرهەمهێنان، پەسەندکردن و پەرەپێدانی پەشێوییە دژ بە سەرووەریی خاکی ئێران و میوانداریی نهێنی و ئاشکرای ئاژانسە هەواڵگرییەکانی بەرهەڵستکاری ئێران. کوردەکان لە عێراق بەردەوام سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەك گرنگترین ئامانجی خۆیان دەزانن، بەڵام بە باشی دەزانن کە تورکیا، سووریا، ئێران و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق دژی دەوستنەوە، بۆیە بەدوای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە کاریگەرە هەرێمی و نێودەڵەتییەکان بۆ پشتیوانی دەگەڕێن. لەنێوان ئەم هێزانە، ئیسرائیل بە هۆی کۆمەڵێك هۆکار وەك نزیکبوونەوە لە ئێران و دروستکردنی دەوڵەتێکی غەیرە عەرەب لە پێناو دەستەبەرکردنی هاوپەیمانێکی ستراتیژی، پشتگیری لە هەرێم دەکات کە ئەم بابەتە هەڕەشەیە بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەنێوان وڵاتە نێودەوڵەتییەکان، ئەمەریکا زۆرترین کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و بە هۆی بوونی شاراوە و ئاشکرای لە هەرێم و چاودێریی هەواڵگری لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەڕەشەیەکی ترە بۆ سەر ئێران. سێیەمین هەڕەشە بۆ بوونی گرووپە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی ئێران، کە لە چەند قۆناغێکدا چالاکیی سەربازییان لەناو خاکی کوردستان ئەنجام داوە و لە ئێستادا عەرەبستانی سعودی بۆ ئالنگاریی ئێران یارمەتی داراییان دەداتێ. ئەوەی کە ئاشکرایە هەرێمی کوردستان لە پێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتیی ئەمەریکا و ئیسرائیل، زەمینەی بۆ چالاکیی ئاژانسە هەواڵگرییەکان خۆش کردووە. سەرباری ئەم هەڕەشانە، هەرێمی کوردستان بەتەنیا بە هەڕەشەیەك بۆ سەر ئێران دانانرێت و لە ڕابردووەوە تاوەکوو ئێستا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبووە، بەڵام زەمینەی بوونی دوژمنان و ڕکابەرانی ئێران و بوونی هەستی سەربەخۆخوازی لەناو بەرپرسانیدا، بوونەتە مایەی هەڕەشە بۆ ئێران لە ناوچەکەدا. کۆتا وتە ئەوەیە کە کە هەرێمی کوردستانی عێراق وەك بەشێك لە هاوکێشەی ئاڵۆزی عێراق، لە ماوە کورتدا هاوپەیمان و هاوئاڕاستەی ئێرانە و لە ماوە مامناوەدا توانای میوانداریی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی دەبێت، بۆیە ستراتیژی هاوئاڕاستەیی گونجاو لەنێوان بەغدا-هەولێر، عاقڵانەترین بڕیاری بەردەم تاران دەبێت.

### پێشنیارەکان

بە سەرنجدان بەو بابەتانەی کە باس کران و لەدوای گفتوگۆیەکی چڕ لەگەڵ پسپۆڕانی شارەزا، پێشنیارەکانی خوارەوە بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخەینە ڕوو:

- گرنگیپێدانی تایبەت، خێرا و هەستپێکراو، بە مەبەستی گەشەپێدانی ناوچە کوردییەکانی ئێران.

سیاسەترێژی لە گەشەپێدانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، پێویستە بە ڕادەیەك بێت کە لە ڕووی خۆشگوزەرانی و ئاسایشەوە بە بەراورد بە ناوچە کوردنشینەکانی عێراق باشتر بێت و لە پۆست و بەرپرسیارێتییەکانی وڵات سوودیان لێ وەربگیرێت.

- هاوبەشیی کاریگەر لە پرۆژە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان. بە بەشداری لە پرۆژە ئابوورییەکانی کوردستان، وێرای سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئابوورییەکان، وابەستەبوونی هەرێم لە لایەنی ئابوورییەوە بۆ ئێران زۆرتر دەبێت و ڕێگری لە بوونی دوژمنان و ڕکابەرانی ئێران دەکرێت.

- پەرەپێدانی هاموشۆ و تێکەڵبوونی کولتووری-نوخبەیی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان. بە سەرنجدان بە کولتووری هاوبەشی نێوان ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و هەرێم، دەتوانرێت پەیوەندییە کولتوورییەکان پەرەی پێ بدرێت و کارتێکەری زیاترمان لە ناوچەکە هەبێت و لەم توانایە بۆ بەرژەوەندیی نیشتمانی سوودی لێ ببینرێت.

- ڕۆڵگێڕانی کاریگەر لە بەڕێوەبردن و چارەسەری کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر. کۆماری ئیسلامیی ئێران پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەیە و دەتوانێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ زیادکردنی ڕۆڵی هەرێمی، ڕێگری لە ئامادەبوونی دوژمنان و ڕکابەرانی بکات و بە پێکهێنانی سێگوشەی تاران، بەغدا-هەولێر و ڕۆڵگێڕانی ئێران، ئەم هاوکێشەیە پێك بێنێت.

- بەردەوامیی هاوئاڕاستەیی لە بڕیاردان و هاوکارییە هەرێمایەتییەکان. ئێران لەگەڵ بەغدا، دیمەشق و ئەنقەرە؛ هاوکاریی هەرێمیی باشی هەیە. ئەگەر ئەم هاوئاڕاستەییە لە بڕیاردانەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و کۆدەنگیی هەرێمی بێتە کایەوە، ئەمەریکا و ئیسرائیل ناتوانن گوێ بە بەرژەوەندییە هەرێمییەکان نەدەن و دەبێت باجی زۆر بۆ تێپەڕاندنی ئەم کۆدەنگییە بدەن.

- دیاریکردن و توندترکردنی باجی میوانداریی ئۆپۆزسیۆنی دژەئێرانیی چالاك لە خاکی هەرێمی کوردستان. بە ڕاوێژکردن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و بەرپرسانی هەرێم، پێویستە ڕێگری بکرێت لە بەهێزبوونی گرووپە کوردییەکانی دژ بە ئێران لە خاکی هەرێم و چالاکیی ئەم هێزانە لە خاکی هەرێم باجی زۆری هەبێت بۆیان.

سەرچاوەکان:

- اخوان کاظمی، مسعود، عزیزی، پروانه، (1390)، کردستان عراق هارتلند ژئوپلیتیکی رژیم اشغال‌گر قدس، تهران: فصلنامه راهبرد، شماره 60، صص109-123.

- اسلامی، مسعود، کوهی، ابراهیم، راستگو، محمد رضا، (1393)، چالش‌های تجزیه عراق: منافع آمریکا و کشورهای همسایه، تهران: فصلنامه مطالعات راهبردی، شماره 10، صص11-30.

- اسدی، علی اکبر، (1392)، آمریکا و مدیریت اختلافات بغداد–اربیل، پژوهشکده مطالعات کاربردی.

- بوژمهرانی، حسن، پوراسلامی، مهدی، (1393)، تهدیدهای نرم خودمختاری اقلیم کردستان عراق و تأثیر آن بر کردهای ایران، فصلنامه جامعه‌شناسی سیاسی جهان اسلام، دانشگاه شاهد.

- جلایی پور، حمیدرضا، (1385)، فراز و فرود جنبش کردی، تهران: لوح فکر.

- حاتمی، محمدرضا، سانیار، میکائیل، (1396)، همه‌پرسی اقلیم کردستان عراق، منابع و تنگناهای تشکیل دولت مستقل، تهران: فصلنامه مطالعات راهبردی، شماره دوم تابستان، 1396، صص86-111.

- حافظ نیا، محمدرضا، (1391)، تأثیر خودگردانی کردهای شمال عراق بر کشورهای همسایه،تهران: فصلنامه تحقیقات جغرافیایی، شماره 83. صص19-32.

- حق پناه، جعفر، (1387)، کردها و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، تهران: ابراز معاصر.

- حق پناه، جعفر، (1389)، موازنه فراگیر، الگوی تحلیل نقش سیاست خارجی با تاکید بر غرب‌آسیا، فصلنامه سیاست، دوره 40، صص93-77.

- حافظ نیا، محمد رضا، قربانی نژاد، ریباز، ( 1389)، تحلیل تطبیقی الگوی خودمختاری کردستان عراق با الگوهای خودمختاری و فدرالیسم، تهران: پژوهشگاه مطالعات فرهنگی.

- خسروی، غلامرضا، (1390)، چشم انداز عراق آینده، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

- روحی، نبی الله، (1393)، استراتژی رژیم صهیونیستی در اقلیم کردستان عراق و پیامدهای امنیتی آن بر جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه آفاق امنیت، سال هفتم، شماره 24، صص107-145.

- رضایی، داود، (1394)، اهداف و منافع رژیم صهیونیستی در اقلیم کردستان عراق و تاثیر آن بر امنیت ملی ایران، تهران: فصلنامه مطالعات منطقه‌ای، شماره 30، صص31-59.

- زارعی، بهادر، رنجبری، کمال، (1395)، تحلیل چالش‌های اقلیم کردستان و حکومت مرکزی و تاثیر آن بر آینده کشور، تهران: فصلنامه سیاست، شماره 4، صص909-928.

- زیبا کلام، صادق؛ عبـدالله پور، محمدرضا، (1390)، ژئوپلیتیک شکننده کردستان عراق، عاملی همگرا در نزدیکی کردهای عراق به رژیم اشغالگر قدس، تهران: دانشکده حقوق، فصلنامه سیاست.

- سازمند، بهاره، نوری، کریمی، (1390)، روابط جمهوری اسلامی ایران و حکومت اقلیم کردستان، تهران: فصلنامه مطالعات غرب‌آسیا.

- عبداله خانی، علی، (1386)، نظریه‌های امنیت، تهران، ابرار معاصر.

- عبـدالله پور، محمدرضا، (1391)، تـعارض ژئوپلیتیکی کردسـتان عراق با میـدآن‌های منطقه‌ای، تهران: فصلنامه تحقیقات جغرافیایی.

- عەبدوللا، خەبات،(2005)، بنه ماتیورییه کانی جوگرافیای عه سکه ری کوردستانی باشور، سلیمانیه، چاپی دوره دوم.

- قربانی، ارسلان، قدیمی، اکرم، (1390)، بررسی راهبردی سیاست خارجی آمریکا در کردستان عراق و امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران: فصلنامه راهبرد، صص78-93.

- محمود نژاد، محمد، (1379)، بحران شمال عراق و اثرات آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران، دانشگاه عالی دفاع ملی، دانشکده دفاع.

- محمدیان، علی؛ ترابی، قاسم، (1395)، تبیین تاثیرات تحولات عراق بر اقلیم کردستان، فصلنامه علوم سیاسی، شماره 4، صص121-138.

- محمدی، حمیدرضا، (1391)، ژئوپلیتیک کردستان عراق، تهران: نشر انتخاب.

- مسعودنیا، حسین، رضازاده، مجتبی، (1396)، اقلیم کردستان عراق و جمهوری اسلامی ایران در عصر وابستگی متقابل، فرصت‌ها و چالش‌ها، فصلنامه تحقیقات سیاسی بین‌الملل، دانشگاه آزاد واحد شهرضا: زمستان 1396، صص32-56.

- مورگنتا،هانس، جی، (1374)، سیاست میان ملت ها، ترجمه حمیراشیرزاده، تهران: دفتر مطالعات سیاسی.

- میرحیدر، دره، (1392)، اصول و مبانی جغرافیای سیاست، تهران، انتشارات سمت.

- نصری، قدیر، (1393)، امکان سنجی استقلال کردستان عراق و تأثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه امنیت پژوهشی، شماره 42، صص30-56.

- نصری، قدیر، (1391)، درآمدی نظری بر امنیت، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

- نصری،قدیر، (1397)، ترامپ با کردهای عراق چه خواهد کرد، مجله جهان اسلام، شماره 67، صص25-15.

- نامی محمدحسن، محمدپور علی، (1387)، جغرافیای کشور عراق با تأکید بر مسائل ژئوپلیتیک، تهران: انتشارات سازمان جغرافیایی نیروهای مسلح.

- Meintjes,Albertusjacobus,The complication of Kurdish independence,journal of political science,scientifice research publishing, 2018, available at: www.scrip.org/journal/ojps2018.

- Mostafa jalal hasan, the kurds in Iraq:problem an solution available at: http:/doi.org/10.3127/jopss.10005/april 2018.

- Martin, Kamran,Lineages of the Islamic state: An international historical sociology of state deformation in Iraq, journal of historical sociology,march 2017.

- Opec,eite,Iraq resource, available:www.Opec.com/also:BP.com.

- Oleary, Brendan et al, the future of Kurdistan in Iraq, (2005), New York, Philadelphia,press.

- Vanbanon, Tatu,Domestic Ethnic conflict Nepotisim: AcomparativeAnalysis.Published in:Ethnic conflict, Volume2, London,2009, p.381.

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# هەوراز و نشێوەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە کوردستان

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد



وەك زۆربەی وڵاتانی جیهان، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا خوێندنی ساڵی ڕابردووی لە هەرێمی کوردستان پەک خست و نەتوانرا بەو شێوەی پلانی بۆ دانرابوو؛ تەواو بکرێت. ئەمساڵیش دەستپێکردنی ساڵی نوێ (2020-2021) لەبەردەم هەمان هەڕەشە و بارودۆخدایە و خوێندکاران ناتوانن وەك ساڵانی ڕابردوو ڕوو لە قوتابخانە بکەن و لەناو پۆلەکان درێژە بە خوێندن بدەن، لەبەر ئەمەش وەزارەتی پەروەردە سیستمی تێکەڵی هەڵبژارد.

بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندنی بازنەی (1-3) لەناو پۆل و ئەوانی تر بە ئۆنلاین، ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەوە و ڕۆژی 17ی ئەیلوول؛ یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان داوای کرد وەزارەتی پەروەردە بە

بڕیارەکانی پێشوویدا بچێتەوە و خوێندن لە هۆڵەکاندا دەست پێ بکاتەوە. یەکێتیی مامۆستایان ئاماژەی بەوەش کردبوو ئەگەر حکومەتی هەرێم مووچەیان بۆ دابین بکات، ئەوا هەموو زەمینەیەك بۆ خوێندن لەبارە.

سەبارەت بە ڕەخنەکان، د. سەیوان عەلی بریکاری وەزارەتی پەروەردەی هەرێم، لە لێدوانێکیدا بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندبوو: "ئێمە وتوومانە خوێندنی ئەلیکترۆنی نەك خوێندنی ئۆنلاین، هەندێك لە قوتابخانە تایبەتەکان ئۆنلاین دەخوێنن، بەڵام لە خوێندنگا حکومییەکان وتوومانە خوێندنی ئەلیکترۆنی، واتە ئێمە ماددەکان تۆمار دەکەین، قوتابی دەتوانێت سوودی لێ ببینێت لە کاتێکدا کە کارەبا هەیە. بۆ نموونە ئەگەر ئۆنلاین بێت، کاتژمێر 8:00-ی بەیانی هەموو قوتابییەکان پێویستە گوێ لە مامۆستا بگرن، بەڵام ئەگەر ئەلیکترۆنی بێت دەتوانیین ئێمە تۆماری بکەین، کاتژمێر (8:00)یش کارەبا نەبێت، کاتژمێری دواتر هەیە قوتابیان دەتوانن سەیری بکەن."

ئاماژەی بەوەش کردبوو: "نزیکەی 900 قوتابخانەمان هەیە لە 900 گوند کە ئینتەرنێتیان ناگاتێ، قوتابیانی ئەم 900 گوندە وتوومانە پێویستە لە خوێندنگاکاندا دەوام بکەن و بڕۆنەوە قوتابخانەکان، خۆشبەختانە ئەو قوتابخانانە قوتابییان کەمترە لە قوتابخانەکانی ناوشار."

ڕۆژی یەکشەممە، 27/9/2020، مەسروور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قوتابخانەی ئامادەیی بەحرکەی کچانی شارۆچکەی بەحرکە لە پارێزگای هەولێر، زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی (٢٠٢٠-٢٠٢١)ی خوێندنی لێدا. سەرەڕای لێدانی زەنگی دەستپێکردنی خوێندن، بەڵام بەشێکی مامۆستایانی هەرێم بایکۆتی دەوامیان کرد و خوێندنی ئەلیکترۆنییان ڕەت کردەوە.

ڕۆژی ٩ی ئەیلوول، وەزارەتی پەروەردە ڕایگەیاند ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٠ی ١٠ی ٢٠٢٠، دەستپێکی دەوامی فەرمییە بۆ قوتابیانی قۆناغی یەکەم و دووەمی بنەڕەتی، لەناو پۆل، هەروەها دەستپێکی خوێندنی ئەلیکترۆنییە بۆ قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی تا یازدەی ئامادەیی. بەپێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردە، کەناڵی ئاسمانی پەروەردەیی بەبەردەوامی وانەکانی قۆناغی ٣ی بنەڕەتی تا ١١ی ئامادەیی پەخش دەکات.

## بڕیارەکە ناچارییە؟

ڕۆژی چوارشەممە، ٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٠، ئالان حەمەسەعید وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم، سەبارەت بە چۆنێتیی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، ڕاپۆرتی وەزارەتی پێشکەش بە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، لەم ڕاپۆرتەدا چەندین بژاردە خراونەتە ڕوو، پاش هەڵسەنگاندنی ڕەوشی تەندروستی

لەلایەن وەزیری تەندروستی، بە هۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا ناوەندەکانی خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بە شێوازی خوێندنی ناو پۆل نەکرێنەوە، لە هەمان کاتیشدا پرۆسەی خوێندنیش ڕانەگیرێت، بۆ ئەوەشی ساڵی خوێندنی قوتابیان و خوێندکاران نەفەوتێت و لە کاتی دەستپێکی دەوام خوێندنی ئەلیکترۆنی و خوێندنی ئۆنلاین پەیڕەو بکرێت، جگە لە قۆناغی ١٢ی ئامادەیی.

چەند ڕۆژێک دواتر، ئەنجوومەنی وەزارەتی پەروەردە کۆ بووەوە و چەند بڕیارێکی لەسەر دەستپێکی ساڵی نوێ خوێندن دا. وەزیری پەروەردە، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند بڕیار دراوە ڕۆژی 27ی ئەیلوول، خوێندنی قۆناغی 12ی ئامادەیی دەست پێ بکاتەوە، ئەوەش بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان. سەبارەت بە پۆلە سەرەتاییەکان، وەزیری پەروەردە وتی بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان، ڕۆژی 10ی تشرینی یەکەم خوێندنی پۆلەکانی یەک و دووی سەرەتایی لەناو قوتابخانەکان دەست پێ دەکات و پۆلەکانی دیکە بە شێوەی ئۆنلاین دەبێت. لە بارەی گوندەکانیش، ئاماژەی بەوە کرد دەسەڵات دراوەتە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەکان کە سەرجەم قۆناغەکان لە گوندەکان خوێندن دەست پێ بکەنەوە، چونکە گوندەکان خوێندکاریان کەمە و دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێن.

بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردە ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە، وەزارەتەکە و بڕیاردەرانی ڕایانگەیاندووە ناچار بوون ئەم بڕیارە بدەن و ڕێگای دیکەیان نەبووە. وەزارەت پرۆسەکەش بە ”ئەلیکترۆنی“ ناو دەبات نەک ”ئۆنلاین“.

دڵشاد عەبدولڕەحمان وەزیری پەروەردە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ گۆڤاری ئایندەناسی لە بارەی بڕیاری خوێندن بە ئەلیکترۆنی وتی ئەم بژاردەیەی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا هەڵیان بژاردووە بۆ خوێندن لەسەر هێڵ و ئاوێتە، بڕیارێکی ناچارییە، بژاردەکانی بەردەمیشیان زۆر نەبوون، لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، لەوانەش: کەمیی توانای دارایی لەو دوو وەزارەتەدا، وەک دەزانرێت مامۆستایان ماوەیەکی زۆرە مووچەیان وەرنەگرتووە، سەرەڕای نەبوونی ژێرخانێکی گونجاو کە بتوانرێت بژاردەکانی خوێندن زیاتر بکرێت.

لەبەر ئەوە دەتوانرێ بوترێت هەڵبژاردنی ئەم دوو بژاردەیە لەناو ئەو بژاردانەی لەبەر دەستی ئەو دوو وەزارەتەدا بووە؛ دوو بژاردەی خوازراو نین، بەڵام ناچاری بوون، واتە دوو بژاردە نین کە بتوانن پرۆسەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە شێوەیەک ببەن بەڕێوە کە مەرجەکانی پەروەردە و فێربوون دابین بکەن.

هۆمەر قەرەداغی پسپۆڕی بواری پەروەردە، بە گۆڤاری ئایندەناسیی ڕاگەیاند

لە ئەزموونی وڵاتی سوید؛ خوێندن لەسەر هێڵ جێبەجێ کراوە، لەبەر ئەوەی هەموو قوتابییەکان کۆمپیوتەریان هەیە و دەتوانن لەماڵەوە لەسەر هێڵ بخوێنن. سیستمەکەش تێکەڵە، بەشێک لە قوتابیان لە ماڵەوەن و بەشێکی دیکە لە قوتابخانە، بۆ نموونە پۆلی حەوت لە قوتابخانەن و هەشت لە ماڵەوە، ڕۆژێکی دیکە بەپێچەوانەوە، ئەمەش وا دەکات هەموو قوتابیان سوود لە سیستمەکە ببینن و لە قوتابخانەش دانەبڕێن. واتە هەموو ئاسانکاری و ئامادەکارییەکی پێویست کراوە بۆ ئەم جۆرە لە خوێندن، لە کوردستان ئەمە ئاسانکاری نییە، بۆیە جێبەجێکردنی ئەم سیستمە لە کوردستان ئاسان نییە.

هەر لەدوای بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردەوە، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ڕەخنەی لە بڕیارەکە گرت. ئەحمەد گەرمیانی سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ گۆڤاری ئایندەناسی بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردە هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێت شێوازی ئاوێتە بە گونجاوتر دەزانم، چونکە بارودۆخی ئەمڕۆ وای کردووە نەتوانرێت قوتابیان بە قەرەباڵغیی جاران بهێنرێنەوە ناو پۆل، بەڵام دەکرێت سێ ڕۆژ بە سێ ڕۆژ، یان بۆ هەندێک بابەت ئامادە بن و بۆ هەندێک بابەت لەسەر هێڵ بن.

باسی لەوەش کرد خوێندنی ئاوێتە بۆ خوێندنی باڵا گونجاوترە و بڕیاری خوێندنی لەسەر هێڵ لە وەزارەتی پەروەردە ناچاری بوو، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخی تەندروستی خراپتر و کۆرۆناش زیاتر تەشەنە دەکات، بەڵام پێم وا بێت لە هەرێمی کوردستان ئەم خوێندنە بەتەواوەتی سەرکەوتوو نابێت و کێشە و گرفتی بۆ دروست دەبێت. کارەبامان تەواو نییە، هێڵی ئینتەرنێت باش نییە، لە کۆی سیستمەکەدا کێشە و گرفتمان هەیە، قوتابی و مامۆستایان شارەزای تەواوەتییان نییە لەم بوارەدا، ئامێری پێویست نییە و دابینکردنی قورسە بە هۆی دۆخی داراییەوە.

**باشی و خراپییەکانی سیستمەکە**

دڵشاد عەبدولڕەحمان بە تیشک خستنە سەر دۆخی هەرێمی کوردستان؛ لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی سیستمەکە دەخاتە ڕوو، هەر یەکێک لەم بژاردانە کێشەی خۆی هەیە؛ نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت لە هەموو ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، نەبوونی ئامێری پێشکەوتووی مۆبایل و کۆمپیتەر لای هەموو خوێندکاران کە باری داراییان خراپە، ئەمانە و چەندین هۆکاری دیکە وا دەکەن ئەم ڕێگایە لە هەرێمی کوردستاندا تووشی گرفت و کێشە ببێتەوە.

زۆر گرنگە قوتابی لەناو پۆلدا گوێبیستی وانەکان ببێت، ئامادە ببێت، هاتوچۆی قوتابخانە بکات و کولتووری فێربوون و قوتابخانە فێر ببێت، بەڵام دیارە بڕیارەکەی هەردوو وەزارەت، بەتایبەت وەزارەتی



**دڵشاد عەبدولڕەحمان محەمەد**

ساڵی ١٩٥٩ لە سلێمانی لەدایکبووە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستی کیمیای خاک، لە ساڵانی 1987 بۆ ١٩٩٥ مامۆستا بووە لە کۆلێژی پەروەردە -زانکۆی سەلاحەدین. لە ساڵانی ١٩٩٥ بۆ ٢٠٠٥ ڕاگر و سەرۆکی زانکۆی پۆلی تەکنیکی سلێمانی بووە. لە ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٦ دەبێتە سەرۆکی پرۆژە تایبەتەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان. لە 2006 بۆ ٢٠٠٩، وەزیری پەروەردە بووە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پەروەردە، لە ناچارییەوەیە. گەورەترین کێشەی بەردەم پرۆسەکە، لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، پێنەدانی مووچەیە، تاکوو ئەم ساتەش ئەو بڕیارەی کە خوێندن بۆ پۆلە سەرەتاییەکان لە قوتابخانەدا بێت؛ ئەستەمە جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری مامۆستایان ئامادە نین بچنە پۆلەکانی خوێندنەوە، بۆیە ئاستەنگەکان زۆرن.

ئێستا ئەوەی ڕوونە کێشەکە ئەوەیە لەم پرۆسەیەی کە ئێستا بڕیاری لەسەر دراوە لە هەرێمی کوردستان، لانی کەمی فێربوون دابین دەکرێت، واتە خوێندکارەکە بڕوانامە وەردەگرێت، بەڵام هێندەی پێداویستیی بڕوانامەکە فێر نەکراوە و فێر نەبووە، بۆیە دیسانەوە دوای دەرچوونی لە زانکۆ، ئەو خوێندکارە ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە کە زۆر زۆر بەزەحمەت بتوانێت هەلی کاری دەست بکەوێت، لەبەر ئەوەی توانای زانستیی لاوازە.

هۆمەر قەرەداغییش پەیوەست بە کوردستان، سەبارەت بە باشی و خراپیی سیستمەکە بەم جۆرە باسی ڕەهەندەکانی بڕیارەکە دەکات، خوێندنی سەرهێڵ باش دەبوو بۆ کوردستان ئەگەر ئامادەکاریی بۆ بکرایە، سیستمی ئەلیکترۆنی پێش بخرایە، هەموو قوتابیان کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێتی باشیان هەبووایە، بۆیە ئەم سیستمە بۆ کوردستان کەمێک زەحمەتە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هەندێک کار بکرێت کە ئاسانکاری بکەن، بۆ نموونە وەک سوێد بەشێک لە قوتابیان لە ماڵەوە و لەسەر هێڵ بن، بەشەکەی دیکە لەناو پۆلدا بن، بەم جۆرە دابەش بکرێن، بەڵام ئەمە هەر زەحمەتە بۆ کوردستان، چونکە

ئامادەکاری نەکراوە و لەلایەن بەرپرسانیشەوە خەمساردییەکی زۆر هەیە، ئەمەش زیانێکی زۆر گەورە لە ئایندەی کوردستان دەدات.

**یاسا بەرکارەکان و خوێندنی ئەلیکترۆنی**

یەکێک لەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی ئەم بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە دەکرێت، ئەوەیە کە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی سیستمی خوێندن و پەسەندکردنی بڕوانامە لە کوردستان و عێراق و یونسکۆش، دەبێت خوێندن لەناو پۆل و ڕووبەڕوو بێت.

دڵشاد عەبدولڕەحمان لە بارەی ئەم بابەتەوە دەڵێت، سەبارەت بە دانپێدانانی هەرێم، عێراق و یونسکۆ بە بڕوانامەکاندا، کێشە دروست نابێت، چونکە یونسکۆ پەیوەندیدار نییە بەوەی متمانە بە بڕوانامەی وڵات یان هەرێمێک بدات، بەڵکوو ئەو وڵاتانە خۆیان بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان دان بە بڕوانامەی یەکدیدا دەنێن، بۆ نموونە کە خوێندکارێک لە وڵاتێکی دەرەوە بڕوانامە بەدەست دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ هەرێم یان عێراق، سەیری ئەوە ناکرێت ئایا یونسکۆ دانی بەو بڕوانامەیدا ناوە یان نا، بەڵکوو بەراوردی دەکەن لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەی خۆیان دایانناوە و بەپێی ئەوە هاوتای دەکەن. کەواتە ئەم بابەتە پەیوەندیدار نییە بە یونسکۆوە کە ئایا متمانە بەو بڕوانامەیە دەدات یان نا. لە کوردستان، عێراق و دنیای دەرەوەشدا، هێندەی ئەوەی بڕ و چۆنێتیی فێربوون گرنگە، بەتایبەت بۆ زانکۆ و خوێندنی باڵا، هێندە بڕوا و متمانەدان بە بڕوانامە گرنگ نییە. لەبەر ئەوە ئێستا دابینکردنی هەلی کار، بەتایبەت کە زۆربەی زۆری دنیا بەرەو بازاڕی ئابووریی ئازاد دەڕوات، واتە کەرتی گشتی خزمەتگوزارییەکانی کەم کردووەتەوە، دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا زۆر کەم بووەتەوە، کەرتی تایبەتیش هەلی کار بەوە نادات کە ئایا بڕوانامەی ئەو دەرچووە باوەڕپێکراوە لە یونسکۆ یان نا، ئەوەی گرنگیی پێ دەدات ئەوەیە چی فێر بووە.

ئەحمەد گەرمیانییش کە ڕێکخراوەکەیان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە مامۆستایانەوە هەیە، لەم بارەیەوە گومان دەکات ئەم سیستمە لە داهاتوودا کێشە بۆ بڕوانامەی دەرچووان دروست بکات، لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکات پێناچێت یونسکۆ کێشەی هەبێت لەسەر ئەم بابەتە، چونکە دۆخەکە جیهانییە و کێشەیەکی ناوخۆیی نییە. تاکوو ئێستا لە کوردستان یاسایەک نییە دان بنێت بە خوێندنی لەسەر هێڵ، ئەو کەسانەشی ساڵانی پێشوو لە دەرەوەی هەرێم لەسەر هێڵ خوێندوویانە و بڕوانامەیان بەدەست هێناوە، حکومەت دانی بە بڕوانامەکانیاندا نەناوە، لە پەرلەمان یاسا و لە حکومەتی هەرێم و عێراقیش ڕێنمایی دەرنەچووە لەسەر ئەم جۆرە خوێندنە و ئەگەر هەیە لە ئایندەدا ئەم سیستمە کێشەی یاسایی بۆ دروست ببێت، بۆیە دەبێت لە پەرلەمانەوە کاری لەسەر بکرێت و پرۆژەیاسا ئامادە بکرێت



**ئەحمەد سابیر گەرمیانی**

ساڵی ١٩٧٢ لە شارۆچکەی قۆرەتووی سەر بە خانەقین لەدایک بووە.خاوەنی ٢٠ ساڵ ئەزموونی مامۆستایەتییە. لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کاری ڕێکخراوەیی کاری کردووە، سەرۆکی لقی گەرمیان / سەکرتاریەتی هەولێر بووە، دوای یەکگرتنی یەکێتی مامۆستایان و لە ساڵی ٢٠٠٧ بووەتە جێگری سەرۆکی لقی گەرمیان و لە ساڵی ٢٠١١ بووە بە ئەندامی سکرتاریەت. لە ئێستادا نیشتەجی شاری هەولێرە و قوتابی ماستەرە لە بەشی مێژووی نوێ لە کولێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

و یاسای بۆ دەربکرێت کە بتوانێت لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بیگونجێنێت.

**نایەکسانی و سیستمی ئەلیکترۆنی**

لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی یەکسان وەک یەک نەخراوەتە بەردەم هەموو قوتابیان لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وای کردووە لە دۆخە نائاساییەکانی وەک ئێستا، بەشێک لە قوتابیان لە بەشەکەی دیکە زیاتر ڕووبەڕووی کێشە و گرفت ببنەوە.

ئەحمەد گەرمیانی سەبارەت بەم پرسە دەڵێت واقعەکە وایە کە دەرفەتی یەکسان نەخراوەتە بەردەم هەموو قوتابییەک، هەموو قوتابییەک هەمان هەلی نییە کە هێڵی ئینتەرنێت و ئامێری زیرەکی هەبێت، تەنانەت جیاوازیی ڕەگەزی ڕۆڵی هەیە و بەشێک لە کچان لەلایەن خێزانەکانیانەوە ڕێگەیان پێ نادرێت مۆبایلیان پێ بێت، دەرفەتی تەواو نەخراوەتە بەردەم هەموو قوتابییەک و ئەمە ڕاستییە. باشترین چارەسەر بۆ ئەم بارودۆخە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە زۆر پەلە نەکەین لە دەستپێکردنی خوێندن (هەر چەند دەستی پێ کرد و بڕیارەکە درا)، بەڵام ئەگەر بکرێت هەفتەی دوو ڕۆژێک قوتابیان سەردانی قوتابخانە بکەن و مامۆستاکانیان ببینن تاکوو مامۆستاکان ڕێنماییان پێ بدەن، بەم جۆرە قوتابیان دانابڕێن لە قوتابخانە، پڕۆگرامەکانیش کەم بکرێنەوە و ئەرکی ماڵەوە زیاد بکرێن، هەندێک وانە هەیە لا ببرێن و خشتەی وانەکان دووبارە بکرێنەوە، خول بۆ مامۆستایان بکرێتەوە، کار بۆ شارەزاکردن و ئاشناکردنی قوتابیان بە خوێندنی سەرهێڵ و چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەم سیستمە بکرێت.

وەک یەکێتیی مامۆستایان پرۆژەیەکی دوو لاپەڕەییمان پێشکەشی وەزارەتی پەروەردە کرد، کە چارەسەری باشی تێدایە ئەگەر کاری لەسەر بکرێت.

**ئەزموونی وڵاتان بۆ هەرێم**


ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە و پرۆسەی خوێندنی ناو پۆلی پەک خستووە، بۆیە هەموو وڵاتان ناچار بوون پەنا بۆ ڕێگای نوێ ببەن، لەبەر ئەم هۆکارەش وڵاتان دەتوانن سوود لە ئەزموونی سەرکەوتووی یەکتر وەربگرن، سوێد یەکێکە لەو وڵاتانەی هەوڵی داوە قوتابیان لە خوێندنی ناو پۆل دانەبڕێن و ئەم پەیوەندییەی نێوان قوتابخانە و قوتابیان پارێزراوە.

هۆمەر قەرەداغی سەبارەت بەم ئەزموونە بۆ هەرێم پێی وایە کوردستان دەتوانێت سوود لە ئەزموونی وڵاتێکی وەک سوێد ببینێت، بەڵام دەبێت پێشتر ئامادەکاری بۆ سیستمەکە بکرێت. کوردستان دەتوانێت سوود لە ئەزموونی وڵاتێکی وەک سوێد ببینێت، واتە قوتابیان هەم لەسەر هێڵ بخوێنن و هەم بتوانن لە پۆلدا ئامادەییان هەبێت، بەم جۆرە قوتابیان لە ژینگەی قوتابخانەش دانابڕێن، بەڵام دەبێت پێشتر ئامادەکاری بۆ سیستمەکە بکرێت. سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیش پێی وایە دەبێت سوود لە هەموو ئەزموونەکان وەربگیردرێت، بەڵام پێویستە ئەوەیان وەربگیردرێت کە گونجاوە لەگەڵ کولتووری کوردستان، ئێران و ئەردەن تا ڕادەیەک گونجاون لەگەڵ بارودۆخی ئێمە، بەڵام دەبێت ئێمە لەگەڵ کولتوور، واقع و باری دارایی خۆمان بیگونجێنین. سەبارەت بە کاریگەریی دۆخی دارایی لەسەر وەرگرتنی ئەزموونی وڵاتانی دیکە، دەڵێت خوێندنەکە ئەلیکترۆنی بێت یان ناو پۆل، بەگشتی دواکەوتنی مووچە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی پەروەردە دەبێت. مامۆستا کێشەی نییە لەسەر هێڵ پرۆسەکە جێبەجێ بکات یان بچێتە ناو پۆل، بەڵکوو کێشەی هەیە و مووچەی وەرنەگرتووە، باری دارایی و مەعنەویی باش نییە، ئەمەش کاریگەریی خراپی دەبێت.

**ئایندەی پەروەردەی هەرێم و سیناریۆکان**

چەند ساڵێکە پسپۆڕ و ڕەخنەگرانی بواری پەروەردە، لە هەڵسەنگاندنیاندا بۆ دۆخی پەروەردە ڕەخنە لە سیستمەکە و پرۆسەی خوێندن دەگرن، داوای ڕیفۆرمی هەمەلایەنە و چاککردنی گوزەرانی مامۆستایان دەکرێت، بەرپرس و پسپۆڕانیش هۆشداری دەدەن لە بارەی ئێستا و ئایندەی سیستمی پەروەردە لە هەرێم و داوا دەکەن گۆڕانکاریی جددی ئەنجام بدرێت.

دڵشاد عەبدولڕەحمان کە ساڵانی نێوان ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٩ وەزیری پەروەردەی هەرێم بووە، پێی وایە دۆخی ئێستای پەروەردە ئێجگار دژوار و ناهەموارە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەجددی بیر لە چارەسەری



**هۆمەر قەرەداخی**

شارەزا و پسپۆڕی بواری پەروەردەیە و ٣٨ ساڵە لە وڵاتی سوید دەژی، ماوەی 31 ساڵە لەبواری پەروەردە کار دەکات. لەم ماوەیەدا وەک بەڕێوەبەری پەروەردە، بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستاش کاری کردووە.

ڕیشەیی نەکاتەوە، دۆخەکە بەرەو خراپتریش دەڕوات، لە پەروەردە و خوێندنی باڵاش. لەبەر ئەوەی بەداخەوە حکومەتی هەرێم لەژێر کۆنترۆڵی حزبەکاندایە، هەر بڕیارێکیش حکومەت بیدات، ئەگەر حزبەکان کۆک نەبن لەسەری؛ جێبەجێ ناکرێت. بۆیە پێویستە ئەم حزبانە کە حکومەتیان پێک هێناوە، لانی کەمی بەرپرسیارێتییەکانیان بەرامبەر بە خەڵک جێبەجێ بکەن، ئەویش ئەوەیە کە داهاتی کوردستان بە شێوازێکی شەفاف کۆ بکرێتەوە و لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا خەرج بکرێت. حکومەتی هەرێم وەک حکومەتێکی کۆمەڵایەتی کار بکات، واتە بەشی زۆری داهات بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بێت کە پەروەردە و خوێندنی باڵا لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانن. سەبارەت بە چارەسەریش، ئاماژە بەوە دەکات چارەسەر ئەوەیە داهات بەشەفافی کۆ بکرێتەوە، جومگەکانی گەندەڵی بنبڕ بکرێن، ئەو داهاتەی کە هەیە بە شێوازێکی شەفاف لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا کە لە بوارە سەرەکییەکانن؛ خەرج بکرێت، بەدەر لەوە ئایندەیەکی ناڕوون و ناتەندروست چاوەڕێی پەروەردە و خوێندنی باڵایە لە هەرێم.

هۆمەر قەرەداغی دەست دەخاتە سەر برین و کێشەکانی سیستمی پەروەردەی هەرێم و بەم جۆرە باس لە ئایندەی پرۆسەی خوێندن دەکات: "ئایندەی سیستمی پەروەردە لە کوردستان بە باشی نابینم، چونکە هیچ هەوڵێک نادرێت ڕیفۆرم لە سیستمەکەدا بکرێت و یاسایەک دابنرێت بۆ قوتابخانەکان و کاری پێ بکرێت، تاکوو دۆخەکە بەرەو

پێشەوە ببرێت. ئەوەی دیارە تاکوو ئێستا سیستمی پەروەردەی کوردستان بەپێی یاسا بەڕێوە ناچێت، بەڵکوو بە ڕێنمایی و بەپێی میزاجی وەزیری نوێ بەڕێوە دەبرێت. کە وەزیری نوێ دێت، بۆی هەیە ئەو بڕیارانەی وەزیری پێشوو داونی؛ بیانگۆڕێت، تەنانەت بەڕێوەبەرە گشتییەکان خۆیان هەندێک کار دەکەن."

سەبارەت بە پرسی چاکسازی و کاریگەریی لەسەر ئایندەی سیستمی پەروەردەی هەرێمیش، باس لەوە دەکات هیچ چاکسازییەکی گەورە لەم سیستمەدا نەکراوە تاکوو بەرەو پێشەوەی ببات، ئەمەش وای کردووە قوتابی و مامۆستا متمانەیان بەو سیستمە نەمێنێت کە تێیدا دەخوێنن و وانەی تێدا دەڵێنەوە. حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیش هیچ هەوڵێک نادەن تاکوو گۆڕانکاری لە سیستمەکەدا بکرێت و بەرەو پێشەوە ببرێت.

قەرەداغی وەک نموونەی ئەو کێشانە؛ باس لە تاقیکردنەوەکان دەکات و دەڵێت وەک نموونەش تاقیکردنەوەکان لەو بابەتە گرنگانە بوو کە دەبووایە کاری لەسەر بکرێت، بۆ نموونە تاکوو ئێستاش تاقیکردنەوەی پۆلی ١٢ وەک مۆتەکەیەک وایە بەسەر قوتابیانەوە، هیچ ڕیفۆرمێک لەم بابەتەدا ناکەن کە بتوانرێت وا لە قوتابیان بکرێت بە توانا و بەبێ ترس بەشداریی تێدا بکەن و ئەو نمرەیە بەدەست بهێنن کە خۆیان دەیانەوێت و هەوڵی بۆ دەدەن.

لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی پەوەروەردە بڕیاری دابوو ١٠ی تشرینی یەکەم دەستپێکی دەوامی فەرمییە بۆ قوتابیانی قۆناغی  یەکەم و دووەمی بنەڕەتی لەناو پۆل، دەستپێکی خوێندنی ئەلیکترۆنییشە بۆ قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی تا یازدەی ئامادەیی، بەڵام تاکوو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەشێکی زۆری مامۆستایان بەتایبەت لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان، ئامادە نین بچنە نێو هۆڵەکانی خوێندنەوە، ئەمەش وای کردووە پلانی وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕووبەڕووی کێشە و گرفت ببێتەوە و خوێندکارانیش لە دوودڵی و نیگەرانیدا بن سەبارەت بە ئەمساڵی خوێندنیان.

چەند ڕۆژێک بەسەر دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندندا تێپەڕیوە، بەڵام تاکوو ئێستا لە هەموو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە یەک وانە نەخوێنراوە و قوتابیانیش نەچوونەتە قوتابخانەکانیان، سەرەڕای پێدانی مووچەیەکیش، مامۆستایان سوورن لەسەر بایکۆتکردن و دەڵێن مەرجی ئەوان بۆ شکاندنی بایکۆتەکەیان لانی کەم بریتییە لە پێدانی مووچەی تەواو، دوانەکەوتنی، نەهێشتنی پاشەکەوت و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری خوێندنی ئەلیکترۆنی.

No.4, November 2020

ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

# ستراتیژی
# (الاستراتیجیة Strategy)

لە بنەڕەتدا ستراتیژی زاراوەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن، کە بە واتای "سوپا" یان "سەرکردە" بەکار هاتووە، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا بۆ چەندین واتای فرەلایەن و بەربڵاو بەکار دەهێنرێت، بۆیە لە ڕووی مێژووییەوە سەرەتا پەیوەست بووە بە هونەری جەنگ و سەرکردایەتیکردنی هێزە سەربازییەکان، بەڵام دواتر لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون و پەرەسەندنی مەعریفە؛ ناوەرۆکی واتاکانی قۆناغ دوای قۆناغ فراوانتر بووە، تا ئەوەی لە ئێستادا بووەتە هاووتای جۆرێک لە بیرکردنەوە ئایندەیی دوورمەودا و پلانی گشتگیر کە لە پێناو هێنانەدیی ئامانجە باڵاکانی وڵات لەلایەن لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتەوە و بۆ ئاڕاستەکردنی گشت یان زۆربەی کایەکانی دەوڵەت (سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...) دادەڕێژرێت.

لە ڕوانگەی کلاسیکیی سەربازییەوە، ستراتیژی بەپێی پێناسەکەی "کلاوس فیتز": "ئەگەر 'تاکتیک' بریتی بێت لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداریدا، ئەوا 'ستراتیژ' بریتییە لە بەکارهێنانی کۆی ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکان بۆ ئامانجی باڵای جەنگ." لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم چەمکە تێکهەڵکێشی تیۆرەکانی جیۆ-ستراتیژی بووە و سەرجەم قۆناغ و



ئاستەکانی پەرەسەندنی ئەم تیۆرانەدا (وەک: هێزی زەمینی، هێزی دەریایی، هێزی ئاسمانی، هێزی ئەتۆمی، تەکنەلۆجیای زیرەکی جەنگ لە قۆناغی گڵۆبالیزەیشندا) ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵام لە ڕوانگە مۆدێرنە سیاسی و گشتگیرەکەیەوە، ستراتیژی بەپێی پێناسەکەی "لیدڵ هارت": "بریتییە لە بەکارهێنانی سەرجەم سەرچاوە و تواناکانی دەوڵەت لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییە باڵاکانی دەوڵەت." پێبەپێی ئەم بەکارهێنانە گشتگیرەش، چەمکی ستراتیژی بۆ زۆر کایە و کردەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە دەوترێت: هاوپەیمانییەکی ستراتیژی، پێگەیەکی ستراتیژی، بڕیارێکی ستراتیژی، کاڵایەکی ستراتیژی. جگە لەمەش، دەشێت بەپێی ئاستە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سیاسەتە گشتییەکانی پۆلێن بکرێت بۆ چەندین ئاست، وەک: ستراتیژی یەکە سەرەتاییەکان (بچووک)، ستراتیژی سێکتەرە سەرەکییەکان (مامناوند) و ستراتیژی نیشتمانیی باڵا (گشتی). هاوکات دەشێت هەریەک لەم ئاستانەی ستراتیژی بەپێی ماوەی پێویست بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانیان پۆلین بکرێن بۆ جۆرەکانی وەک: (ستراتیژیی نزیکمەودا، ستراتیژیی نیوەمەدا و ستراتیژیی دوورمەدا).

بەگشتی ستراتیژی، لە واتا هاوچەرخەکانیدا، وێنایەکە بۆ داهاتووی هەر قەوارەیەک (ڕێکخراوێک، دەزگایەک، هەرێمێک، دەوڵەتێک...)، کە بە شێوەی پلانێکی گشتگیر بۆ ئایندە بەرجەستە دەبێت و لە بواری کرداریشدا چەند هەنگاوێکی بنەڕەتی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئایندەیە لەخۆ دەگرێت، بەمەش ستراتیژی نەخشەڕێگای بونیادنانی ئایندە و ئاڕاستەکردنیەتی. بۆیە ستراتیژی پرۆسەی مامەڵەکردنە لەگەڵ پرسە دوورمەودا و زێدە بنەڕەتییەکاندا، نەک لەگەڵ کردە ڕۆژانەیی و ڕووکەشییەکان. هەر چەندە ناکرێت ستراتیژی بە هاوواتای ئایندەبینی دابنرێت، بەڵام ئایندەبینی ڕەگەزێکی سەرەکیی ستراتیژە، لەپاڵ چەندین ڕەگەزی تردا، هەر لە دیاریکردنی ئامانجەکانەوە تا توانای بەردەستخستنی ئامرازە پێویستەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی دژوارییەکانی ژینگە و هەڵسەنگاندنی خاڵە لاوازەکان و خستنەڕووی خاڵە بەهێزەکان. لە ئەنجامدا ستراتیژی، وەک پلانێکی گشتگیر، سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: (ئامانج، ئامراز، ئایندە).

سەرچاوەکان:

1. George Thomas Kurian (editor in chief ), The Encyclopedia of Political Science, CQ Press – Washington- DC, 2011, PP 1621-1622.

2. David Schultz, Encyclopedia of Public Administration and Public Policy, Facts On File, Inc, New York, 2004, PP 402-403.

٣. جو وايتهيد، الإستراتيجية، ت: صباح حسين عبدالادر، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٣، ص ص ٩-٢٤.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی






سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕاناتی ئایندەیی ژمارە (٥)

ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان
سێکوچەکەی هەولێر – بەغدا – واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی
حوزەیران 2020

www.centerfs.org



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕاناتی ئایندەیی ژمارە (١)

ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا

خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، پرۆژەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (٥)

مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطون
الفرص و المعوقات

السليمانية
حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕاناتی ئایندەیی ژمارە (٢)

پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org


English
کوردی
العربية
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center For Future Studies
ڕاناتی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسانی ٢٠٢٠
www.centerfs.org



Center For Future Studies
ڕاناتی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية والادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northren Diyala and Eastern Salahuddin 205


Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org


ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org
سەرهەڵدانەوەی
گروپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019
ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
www.centerfs.org
The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
Researchers
Dr. Omed Rafiq Fatah
Dr. Abid Khalid Rasul
Dr. Jalal Hasan Mistaffa
Dr. Hardi Mahdi Mika
The introduction was written by
Dr. Yousif Goran
2019
پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
www.centerfs.org
انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا
سلێمانی
٢٠١٧-٢٠١٨


THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018


Center for Futur
چالاکیەکان
هەواڵەکان
بیروڕا
بەشەکان
توێژەران
دەربارەی ئێمە
ڕاپۆرت
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
205



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٤) تشرینی دووەمی ٢٠٢٠